# پڕۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی
## 2015 - 2016

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:
د.لوقمان رەئوف - ئەرسەلان حەسەن
باوان عومەر - زریان محەمەد

2016

iDEA FOUNDATION
دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

پڕۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم

## بەرگی دووەم

وەرگێرانی
ب - لیڤا

2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

وەرگێڕانی: ب - لیڤا
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال - نیاز جەمال
دیزاین: ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2016
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea
053 330 0391 - 0770 195 5044

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (95)

## داواکاری، ویست و تکا

وتەزای داواکاری گچکەترین یەکەیە، کە لە شیکاری کۆمەڵایەتی بەکارمان برد. دیارە ئەو پێشگریمانەیە بەهێزی خۆی ماوەتەوە کە گرووپی کۆمەڵایەتی بابەتێکی بۆگەڕاوەیی تەواو تەبا و یەکپارچە نییە، بەڵکو دەبێت یەکخستنی لەجیاتی جومگەبەندی داواکاری ناتەبا تێگەیەنراو بێت. ژیژەک لە دژایەتی ئەو تێڕوانینە دوو بەڵگە ئاڕاستە دەکات: یەکەم پێودانگی داواکاری سروشتی ڕاست و تەواوو وەسفی گرفتاری کارێکی شۆڕش ناکات. («ئایا شۆڕشی ڕاستەقینە یان کارلێکی سیاسی ڕزگاریخواز هەمەلایەنی ئاسۆی ئەو داواکارییە ناگرێتەوە؟ ناسکاری شۆڕش هیچی لە دەسەڵاتداران ناوێت؛ خوازیاری لەناوبردنیانە» (p. 558)). دووەم، هیچ هاوپەیوەندی و پێوەندی نێوان زۆرینەی ناوەوەیی چەمکی زنجیری داواکاری و ئامانجی واقیعی ویستی پۆپۆلیستی نییە، چونکە زۆربەی جووڵانەوەکانی پۆپۆلیسنی بە دەوری ئامانجی تاک بابەتی ساختەکاری دەکرێن (دەبێت سەرنجی تێکڕاییتر لە جووڵانەوە جەماوەرییەکانی تاک بابەتیی بدەین.

بۆ نمونە ئەو شۆڕشانەی لە ئەمەریکا لەسەر دارایی ڕوویاندا، هەرچەند وێنای پۆپۆلیستی هەبوو، هاندانی خەڵک بەپێی داواکاریەک کە دامەزراوە دیموکراسییەکان نایگەنێ، بەڵام پێناچێت لەسەر بنەمای زنجیری ئاڵۆزی هاوبەهاییەکان بێت، بەڵکو لەسەر خواستێک قوڵدەبێتەوە «p. 560»).

هەردوو ڕەخنەکەی ژیژەک پیشانیدەدات، کە لە بنچینەدا سەرنجی لە بنەمای مەسەلەکە نەداوە. بە ڕەخنەی یەکەمی دەست پێدەکەین، گەرچی ژیژەک بۆ گرژی ویست و داواکاری دەگێڕێتەوە، گرژیەک ئاگای لە ئاکامە زارەکییەکانی ڕەخنەکەی خۆی نییە کە ناومان نا چەمکی داواکاری وەرگیراو. بە بۆچوونی ئێمە هەموو داواکارییەک لە بەراییدا لە حوکمی ویستێک (request) دەخرێتە ڕوو؛ وەک نموونە، دامەزراوەکانی سەر بە دەسەڵاتی ناوخۆیی بۆ وەڵامدانەوەی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی ناوچەیەک دەکەونە بەر لێپرسینەوەوە. بۆ نموونە شوێنی نیشتەجێبوون تاکە بارودۆخێکە کە ژیژەک لەزەینی دەگرێ؛ دەبێ ئەوانە لەڕووی بەخشش و ڕەحمەت مل بۆ ویستی گروپێک لەخەڵک بدەن، کە لەدەسەڵاتدان. لەم ڕوانگەیەوە، تەواو بارودۆخەکە ناوەکییەک دەبێ؛ ڕازیبوون لەسەر داواکارییەکان بە مافدان (concession) لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، دەگۆڕێت، بەڵام بۆ کورتکردنەوەی بابەتی جێ باسمان بەم بابەتە تایبەتییە دەبێت لایەنی دووەمی شیکارەکەمان لە زەین بگرین، لایەنێک کە تێیدا ویستێک لە پڕۆسەی کۆمەڵایەتیدا بۆ داواکاریەک دەگۆڕێت. بەڵام چۆن ئەو وەرچەرخانە ڕوودەدات؟ بە هەمانجۆر کە بەڵگەم هێنابۆوە، ئەو ئاڵوگۆڕە بەهۆی ئۆپراسیۆنی لۆژیکی هاوبەهایی ڕوودەدات. خەڵکانێک کە لە داواکارییەکانیان تێبینی هەڵگرتن و گواستنەوە، تەندروستی، فێرکردن و..هتدیان نەکردووە. ئەو کارە پڕۆسەیەک دەخاتەگەڕ، کە لە کتێبەکەمدا ناوم نابوو (in extenso–فراوانکردن).

ئەو پڕۆسەیە بەمجۆرە بـەردەوام دەبێت: بەدینەهێنانی تاکە داواکارییەک مادام خەڵک خۆی بە هەڵگری مافگەلێک دەزانێت کە بە فەرمی نەناسراوە، دەبێتە هۆی گۆڕینی ویست بۆ داواکارییەک (claim). هێشتا ئەو داواکارییانە سنوردارن، چونکە ئەو شتانە شایانی دەستنیشانکردنن

که بۆی ئەرخاندەکرێن، لە نمونەکەی خۆمان، سەرۆکی شارەوانی شارەکە دەکەوێتە ژێر سۆزەوە. بەڵام ئەگەر هاوبەهایی نێوان داواکارییەکان فراوان بێت، دیاریکردنی کامە داواکاری تایبەت دەبن بە کام بابەت دژوار دەبێت.

لێرەدا تاک خۆی بە شێوەی هێمای دوژمن سازدەدات، دوژمنەکانی وەک (ئۆلیگارشی، بنکە ئابوری، پارەی زۆر، سەرمایەداری، جیهانسازی و دڵڕەقی بەرامبەری)، هەر بەو هۆیە، ناسنامەی بکەرانی داواکاری لە پڕۆسەی یەکپارچەکردن یان تێکڕایی ئامانج و دوژمنان، خۆی، دەگۆڕێت. تێکڕای پڕۆسەی شۆڕشی روسیا بە سێ داواکاری دەستی پێکرد: (ئاشتی، نان، وڵات). ئەم داواکارییانە تایبەت بوون بە چی؟ هەرچەند هاوبەهایی بەرینتر بێت، ئاشکراتر بێت کە ئەو داواکارییانە دواندنی ڕژێمی تزاری نەبوون. ئەگەر لە بەشێکی دیاریکراوی شۆڕش بپەڕینەوە، ئەوەی لە دامەزراوەکان بە ویست دادەنرێت، بۆ داواکارییەک گۆڕا کە دواندنی دامەزراوەکان بوو هەر لەو قۆناغە دابوو، کە داواکارییەکانی ناوبراو بە داواکاری دژی یاسای دامەزراوەیی ماهیەتیان گۆڕی. کاتێک کە ئەو پڕۆسەیە لە ئامڕازو کەلوپەلی دامەزراوەیی و لە ئاستێکی دیاریکراو بپەڕێنەوە، خەڵکی {گرفتاری} پۆپۆلیزم دەبێت.

دەتوانین لە خۆمان بپرسین بۆچی دەبێت کردە کۆمەڵایەتییەکان بەردەوام لەبری داواکاری تێگەیەنراو بن؟ ناسکار هەمیشە ناسکاری {هەڵتۆقیو} لە لەدەستدان بەڵگەیەکە کە لە عەقڵی پۆپۆلیستی شرۆڤەم کردووە؛ ناسکار بەردەوام لە بەراوردنەکردنی نێوان پڕی (مەحاڵی) کۆمەڵ و ڕەسەنێتی وردەکاریی (particularism) پەنهان لە شوێنی دەربڕین یان وتار (enunciation) سەرهەڵدەدات، واتە ناسکاری بەرەنجامی درزێکە کەوتۆتە نێوان تەواوویەتی گشتی و تەکنیکی بەشەوە.

ئەم کارە لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەیە، کە بۆچی ناوە ناوزەدکراوەکان لەسەر پڕی {لەبری مەرجی دیالێکتیک} بەردەوام لە سەرمایەگوزاری لەسەدا سەدی بەهایەکی ئێکڕایی وردەکاریەکی دەستنیشانکراو بەرهەم دەهێنرێن: ئەوە هەمان هەڵکشانی بابەتێکە بە پلەی شت {تشت}، بەڵام تێگەیشتنی تەواو لەم بابەتە ئەوەیە، کە سەرمایەداری لەو چەشنەی بابەتی لاوەکی {دەروونی خۆی} بەبێ گۆڕان ڕزگار ناکات. سەرمایەگوزاری لەسەدا سەدی ناوبراو بابەتێک بەهۆی تۆمارکردن و دیسپلینی دەروونی ژێربینای {ژێرخان} ی پەیوەندی هاوبەهایی «ئێکڕایی دەکات».

بەو هۆیەیە، کە ناکرێت ئەو پڕۆسەیە بەوجۆرەی ژیژەک دەڵێت بوونەشتی سەرف بێت. (بوونەشت، هـەروەک پێشتر وتمان، جۆرێک ئاوەژوبوونەوەیە کە لەناویدا بەش و ئێکڕا جێگۆڕکێ دەکەن بەبێ ئەوەی ناسنامەیان بگۆڕێت؛ لە کاتێکدا کە {تیۆری ژێربینا} پەیوەندی هەژمۆنیک، پێشتر ئاوێنەکردنی کاری لاوەکی و کاری ئێکڕایی گریمانە دەکات).

بۆ وەڵامدانەوەی بەشی دووەمی ڕەخنەکانی ژیژەک ئەوەندە بەسە ئەو دۆخە لە زەین بگرین، کە وردەکارییەکی دەستنیشانکراو هەرگیز وردەکارییەکی سەرف نابێت، چونکە پەیوەندی هاوبەهایی هەمیشە ناوەرۆکەکەی (ئێکڕایی دەکات)، واتا ئامادەکاری جەماوەری تاک بابەتی کە ئامانجی بەشگەرایانەن، ناتوانن چەمکی ناسنامەی سیاسی بەرینتر بەهێز بکەن. ئەو دۆخە دۆخێکی ترسناک و سەیرە.

ڕەنگە بابەتێکی ڕواڵەتی لاوەکی بێت، بەڵام ئەو کارە ڕواڵەتیە تەنها وەک لوتکەی کێوێکی بەستەڵەکە، کەوایە لەودیو کاری تاک، جیهانێکی بەرینتر لە پەیوەندی و دۆخەکان هەیە، کە ئاوێنەی کاری تاک دەبێت و بۆ دەربڕینی لایەنگری ئێکڕاییتری دەگۆڕێت. بە پشتبەستن بە بەهای فەرمی

{بە مانای مارکس} و لە ئەنجامدا ماهییەتی تاک بابەتی ئیرادەی جەماوەری، وەک لێکدانەوەی خەونێک بۆ ناوەرۆکی ڕواڵەتی کەمبکەینەوە. دەکرێت ئەو ڕیفراندۆمانە شتێکی باش بێت کە لە ئەڵمانیا و فەرەنسا بۆ دەنگدان بە دەستوری ئەوروپا کرا.

ئەو نموونەیە بۆخۆی مانای هەیە، بەڵام بە هەمانجۆر کە ژیژەک پیشانی دەدات، هەموو نائومێدییەکان، ترسەکان و دەمارگیرییەکان، دەربڕینی خۆیان لە نە یەک کورتکردووەتەوە و کاتێک دەزانن، کە ئەوەی لە ڕیفراندۆمی باجەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان جێی باس بووە جۆرێک جێگۆڕکێی سیاسی بەرینتر بە مانای تاقمی وشە بووە. بەرەنجامی ئەوەی کە مانای پەنهانی ئیرادەی جەماوەر هەرگیز ناتوانێت لە دروشمی زارەکی و ئامانجی پشتڕاستکراوەی بەدەست بێت، (هەروەک نمونەی لێکدانەوەی ئەوروپا)؛ تەنها کاتێک شرۆڤەیەکی سیاسی شایستە دەستپێدەکات، کە تاکی شرۆڤەکار {وەک دەروونشیکاری} بە دیاریکردنی فرە هۆکاری (overdetermination)، یەکسەر مانای پاراستبێت.

لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانی چ ئەنجامگیرییەک لە کۆمەڵەیەکی لەو چەشنە ئاڵۆزی پەیوەندییەکانی نێوان ناسنامەکانی پۆپۆلار و داواکاری و هەروەها پەیوەندییەکانی ناوەوەیی داواکاری بۆخۆی و دیارە لەنێوان داواکارییەکان و خواستەکان بکەیت؟ گرنگترین ئەنجامگیری، کە دەتوانی دەستەبەری بکەیت ئەوەیە کە هەریەک لە جومگەبەندییەکانی ناوەوەیی ماتریسی بنەمایی، بەجیا هەڵسەنگاندنی ناسنامە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها بە پلەی جیاواز تێکڕایی داواکارییەکانیانی لێدەکەوێتەوە. لە لایەکی مەسەلەکە، کاتێک داواکارییەکان، بۆخۆی، لە قۆناغی ویستی سرف سەرناکەون، ئێمە جۆرێک ئارایشتی بە زۆری دامەزراوەیی دەبینین. هەڵسوڕاوانی کۆمەڵایەتی

بوونی (existence) «دەروون مانەوە» لە شوێنە واتاییەکاندان کە یاسای دامەزراوەیی کۆمەڵایەتی وێنا دەکەن. (دیارە ئەم دۆخە ئاستێکی تەواو ئایدیالییە؛ کۆمەڵگا بە جۆرێک بونیادنەنراوە کە بکەرانی کۆمەڵایەتی ڕۆبچنە ناخی دامەزراوەکانەوە) لاکەی تری مەسەلەکە بەم شێوەیە: بەردەوام گرژی لەنێوان داواکاری و ئەوەدا هەبوو کە یاسای دامەزراوەیی توانای کێشکردنی هەیە.

لەم دۆخەدا ویستەکان دەیانەوێت ببنە داواکارییەکان و بۆیە لەبری پەسەندکردنی ئەرێنی ڕەوایەتی دامەزراوەکان، ڕەخنەیان لێدەگیرێت. سەرەنجام کاتێک پەیوەندی هاوبەهایی نێوان زۆرینەیەک لە داواکارییەکان خاڵێکی زانراو تێپەڕێنن، ئیرادەی جەماوەری دژی یاسای دامەزراوەکان دێنەدی، بە شێوازێک کە یاسای دامەزراوەکان وەک یەک لە تێکڕا تێکەیەنراو دەبێت.

لێرەدایە کە لە پێگەی هەڵسوڕاوێکی تێکڕاییتر لایەنگری سەرهەڵدانی خەڵکین {جیهانگیرتر} و مێژووییترین هەڵسوڕاوێک کە ئامانجەکانی بە ناچاری بە دەوری دالە کۆتاکاندا بەرجەستە دەبێت؛ ئەو دالە کۆتایانە هەمان مەسەلە یان بابەتی دیاریکردنی ناسنامەی سیاسین. لێرەدا ڕووبەڕووی جۆرێک ڕادیکالیزەکردنی داواکارییەکان دەبینەوە، تا ئەو جێیەی کە تەنانەت ڕەنگە بە گۆڕینی شێوازی شۆڕشی یاسای دامەزراوەیی کۆتایی بێت. شیمانە دەکرێت ئەوە هەمان جۆری پەرەپێدانی لەسەردایە، کە ژیژەک کاتێک داوانەکردن لە دەسەڵاتداران و لەجێدا باسی ئیرادەی لەناوبردنیان دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، جیاوازی تێڕوانینم لەوەدایە کە بە باوەڕی من سەرهەڵدانی هەڵسوڕاوانی ڕزگاریخواز لۆژیکی خۆی هەیە، بەو مانایە کە ئەو لۆژیکە ئاوێنەی بنەمای داواکاری کردەی کۆمەڵایەتی بووە، بەڵام لای ژیژەک

لۆژیکێکی وا بێمانایە. لای ئەو، ناسکارانی ڕزگاریخواز لە پێگەی بونەوەری کامڵ تێگەیەنراو دەبن، کەسانێک کە وەک مینروا لەسەر ژۆپیتەر، بەبێ برینی هیچ پڕۆسەیەکی جەنینی {بە جارێک} سەرهەڵدەدات.

بەشێک لە کتێبەکەم کە تایبەتە بە ژیژەک، «ژیژەک لە چاوەڕوانی مەریخەکان»ی ناوە. لەڕاستیدا ئەو بەشە لە ناسکارەکانی ڕزگاریخوازی ئەودیو زەوی ژیژەک دەکۆڵێتەوە؛ مەرجەکانی ئەو ناسکارانە لەبری بکەرانی شۆڕش باسی دەروون ئەندازەیی ڕەقی ئاکامی کۆمەڵایەتی کراوە، کە هیچ هەڵسوڕاوێکی ئەزمونی و واقیعی ناتوانێت تەبای بێت. هەرچۆنێک بێت، ژیژەک لە نوسینەکانی ئەم دواییەیدا خۆی ستراتیژیەکی نوێی لە ناونانی بکەرانی شۆڕش بەکاردەبرد؛ ئەو بە هەڵبژاردن و سود وەرگرتن لە هەڵسوڕاوانی واقیعی و هەبووی کۆمەڵایەتی، لە کاتێکدا کە زۆر خەسڵەتی خەیاڵیان دەداتە پاڵ، مەریخیانێک دەخولقێنێت کە تەنها ناوێکی کردەگەری سیاسییان بە ناوچاوانەوەیە، ئێمە بۆ ستراتیژیەتی «مەریخی سازی» ژیژەک دەگەڕێینەوە.

## نا تەبایی و ئەزمونە کۆمەڵایەتییەکان

ئێستا لەو ڕوونکردنەوانە بکۆڵینەوە، کە ژیژەک دەربارەی بارودۆخی ئێستای تیۆری مارکسیستی خستوویەتەڕوو. گرنگترین بەش بۆ ئابوری سیاسی مارکس دەگەڕێتەوە کە ئاماژەی پێدەکات. بە وتەی ئەو لەڕاستیدا تێڕوانینی بەراییم بۆ ئابوری سیاسی مارکس «زانستێکی ئەنتیک» و ئەرێنیە، کە ئاستی بەشێک لە ڕاستی کۆمەڵایەتی ماددی دیاری دەکات، بەمەش بە پتەوکردنی ڕەخنەی ئابوری سیاسی و سیاسەتی ڕزگاریخواز (یان بە دەربڕینێکی دی، ڕازی بوون بەپێدانی مافی پاوانکاری بە خەباتی چینایەتی). کاری سیاسی بۆ

دیاردەی لاوەکی ڕاستی ماددی دادەبەزێت، (p. 565) پاشان بۆ ڕەتدانەوەی ئەو ئیدیعایەی، کە دەدرایە پاڵم، پەنا دەباتە بەر وتاربێژی دوورودرێژ تا بەو ڕێگایە پیشانی بدات بوونە بتی کاڵا، بە مانای وشە، جۆرێک ئاکامی دەروونی خودی شێوە {فۆرم}ی سەرمایەیە؛ هەوڵدەدات پیشانی بدات شیوەی دەرهەستەیی نییە، چونکە پڕۆسەی کۆمەڵایەتی واقیعی دیاری دەکات: (کێشە، واقیعی بوونی ئەو دەرهەستەیەیە لە چەمکی وردی دیاریکردنی بنەمای ماددی پڕۆسە کۆمەڵایەتییەکان، دەرهەستەیەک کە تەنیا لە خراپ تێگەیشتنمان «مامەڵەخوازانی دارایی» لەڕاستی کۆمەڵایەتیدا بێشوێنە. سەمای تاکی و بازرگانانەی سەرمایە چارەنووسی تێکڕای چینەکانی مرۆڤایەتی و هەندێکجار هەموو وڵاتان دیاری دەکات، کە لە جیاوازی نەکردندا سەرخۆشانە نییە بۆ چۆنییەتی کاریگەری لەسەر ڕاستی کۆمەڵایەتی، تەنها بیر لە قازانج دەکاتەوە) «p. 566».

ژیژەک دوای ناساندنی توندوتیژی ناوەندی و خودی سەرمایە، ئەنجامگیری دەکات: (لێرەدا ڕوبەڕووی جیاوازی لکانی نێوان واقیعەت و کاری ڕاستەقینە، دەبینەوە: واقیعەت، ڕاستی کۆمەڵایەتی خەڵکانی ڕاستەقینەیە کە گرفتاری پڕۆسەی لایەنێکی مامەڵە و بەرهەمهێنەرانن، لە کاتێکدا کە کاری ڕاستەقینە، لۆژیکی نەگۆڕ، تارمایی ئاساو دەرهەستەیی سەرمایەیە، کە ڕەوتی ڕاستی کۆمەڵایەتی دیاریدەکات) «p. 566».

دوا ئیدیعای ڕاڤەیەکی تەواوو ناڕاستی چەمکی کاری ڕاستەقینەیە. نمونەیەکی زۆر باشی گۆڕانی سیستەمی تیۆری لکاندنە بەدەستی ژیژەک؛ دەیەوێ بەو هۆیە تیۆری لکاندن تەبای جۆرێک هیگڵیزم بکات، فەلسەفەیەک کە لە زۆر لاوە ڕوبەڕووی سیستەمی لکاندن دەبێتەوە. ناکرێت کاری ڕاستەقینە جۆرێک لۆژیکی سەخت، نەگۆڕ و خەیاڵی بێت، کە بەسەر

ڕاستی کۆمەڵایەتیدا دەسەپێنرێت، ئەوەش بەو بەڵگە سادەیە، کە کاری ڕاستەقینە بابەتی دیاریکراو نییە کە یاسا باڵادەستەکان بەسەر جووڵانی پێی درابێت، بەڵکو بە پێچەوانە، کاری ڕاستەقینە شتێکە کە ئامادەیە و بەهۆی کاریگەرییە تێکدەرە شاراوەکانی کاری هێماییین خۆی پیشاندەدات. کاری ڕاستەقینە بابەتێک نییە، بەڵکو جۆرێک سنورداریەتی دەروونییە کە بەر بەهەڵسەنگاندنی تەواوی هەرجۆرە بابەتی یان واتایی دەگرێت.

دەستنیشانکردن (یان دیاریکردن)ی ناسنامەی کاری ڕاستەقینە، بەهۆی لۆژیکی سەرمایە، نمونەیەکی باشە کە بەهۆیەوە دەتوانین بزانین ژیژەک هەمیشە پەنادەباتەبەر وتەزای بوونەشت. هەڵەکەی هاوشێوەی هەڵەی کانتە؛ کانت پاش ئەوەی دەڵێت وتەزاکان تەنها بەسەر دیاردەکان هەڵدەگیرێن نەک بەسەر شتەکان، پشتڕاستی دەکاتەوە شتەکان لە خۆیدا هۆکاری دەرەکی دیاردەکان (appearances)ن، واتا وتنی وتەزایەک هۆکار بەسەر شتێک کە لە بنەڕەتدا ناکرێت بکەوێتە ژێر هیچ وتەزایەکەوە. هۆی ئەوەی ژیژەک ناچارە بەمشێوەیە چەمکی کاری ڕاستەقینە بگۆڕێت بۆیە تەواو ئاشکرایە: تەنها کاتێک لۆژیکی سەرمایە دەتوانێت لە پێگەی ژێربینا یان ژێرخانێکی دیاریکەری ڕاستی کۆمەڵایەتی کار بکات، کە لۆژیکی خودی کاری ڕاستەقینە بازنەیەک دەکێشێت تا پێش بەخودی بنەمای کاری هێماییین بگرێت.

بەکاربردنی خوازە بۆخۆی و پێشکەوتنی دوالیزمی واقیعەت کاری ڕاستەقینە کە لە ڕاستیدا جگە لە جیاوازی ژێرخان سەرخان شتێک نییە، لێرەدا تەواو بێمانا بە زەین دەگات. ئاشکرایە لۆژیکی سەرمایە بە قەدەر ڕاستی کۆمەڵایەتی بەردەم دیاریکردن هێماییینە. دەرەنجام ئەوەیە، کە ئەگەر لۆژیکی سەرمایە و ڕاستی کۆمەڵایەتی لە بارودۆخی ئالیاژی (pari

material) بن، هەردووکیان هێماییین بن، بۆشایی و درزەکانی کە بەهۆی بوونی کاری ڕاستەقینە لە ڕاستی کۆمەڵایەتیدا دەردەکـەون، لە هەمان لۆژیکی خودپەروەری (self-development) سەرمایەشدا ئامادەن (خود پەروەریەک کە بە زوویی ئاڵودەی شتێکی ناتەبا بەخۆی دەبێت؛ ئەو خودپەروەرە، خودپەروەری پەتی نابێت).

من ناڵێم کاری ڕاستەقینە پەیوەندی بە باسەکەمانەوە نییە، بەڵکو دەڵێم ژیژەک لە شوێنێک بەکاری بردووە، کە پەیوەندی پێوە نییە. ناکرێت لۆژیکێک کاری ڕاستەقینە لەبری کاری واتایی شیکار بکات، کە سەروکاری لەگەڵ چەمکگەلێک هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، پێش هەوڵدان بۆ پێدانی شوێنی ئەنتۆلۆژیک و دیاریکراو بە کاری ڕاستەقینە، گەر بتوانین ئەو دەستەواژەیە لە پێوەند بەو شتانە بەکاربەرین، کە ئامادەییان (شوێنەکانی ئەنتۆلۆژیک) ئاوەژوودەکەنەوە.

دەمەوێت بۆ بانگەشەکەی ژیژەک بگەڕێمەوە، دەڵێت: لە جیاتی زانستی ئەنتیک «سەرزەنشتی ئابوری سیاسی مارکسم کردووە»، زانستێک کە سنوری بۆ قەڵەمڕەوی ڕاستی کۆمەڵایەتی دانـاوە، کاری سیاسی بۆ نیمچە دیاردەیەک دابەزاندووە، کە من سەرزەنشتێکی وام دەرهەق بە ئابوری سیاسی کردووە تەواو لێک و لەباری خودی ژیژەکە. من هەرگیز ئیدیعام نەکردووە ئابوری سیاسی زانستێکی ناوچەییە، هەر بەوهۆیە سادە کە وێڕای شایستەیی و ناتەواوییەکانی، ئابوری سیاسی مارکسی، گوتارێکە سەروکاری لەگەڵ تەواویەتی کۆمەڵایەتیدا هەیە، «توێکارانی کۆمەڵگای مەدەنی، ئابووری سیاسیە».

دوو ڕێگای شیاو بۆ ڕەخنەلێگرتنی بەم شێوەیە: بیسەلمێنین لە مەودوا ناکۆکی لۆژیکی لە وتەزاکاندا هەیە، یا پیشانی بدەین لە ئابوری

سیاسیدا جۆرێک دەرەوەیی نائەبا پێویستە کە لە هەڵسەنگاندنی نابەردەوامی بنەمایی (fundamentum inconcussum) کاری کۆمەڵایەتی، لە دەوری گوتەزای ناوخۆیی خۆی ناهێڵێت. ئێستا ڕەخنەی بەرایی ڕێنێچووە؛ لە سەدەی ڕابردوو چەندینجار ئەو ڕەخنەیە بۆ ئابوری سیاسی دووبارەبووەوە، ئەوە لە کاتێکدایە کە بەهاری مارکس لە تیۆری کاری تەوەر، بەوجۆرە شتێکی زۆر نەماوەتەوە کە خۆی ئاڕاستەی کردبوو. ئەوەندە بەسە ناوەکانی وەک یۆگن فان بوم – باورک (Bohm Bawerk)، لادیلاوس بۆرتکیۆیچ (Ladislaus Bortkiewicz)، جۆن ڕۆبنسن (Joan Robinson)، یان پیرۆ سرافا (Piero Sraffa) بیر بێنینەوە. تێکڕای باسی گۆڕانی بەهاکان بۆ نرخەکان، لە بەرایی سەدەی بیستەم، یەکەم نمونەی ئەو شیکارە ڕەخنەییە بوو. ژیژەک بە گشتی ئەو ئەدەبە نادیدە دەگرێت و هەروەها پارێزگاری لە نوسخەی مارکسی تیۆری کاری تەوەری بەها، ئەوەش لەجیاتی بیروباوەڕی نەگۆڕ و ململانێ هەڵنەگر دەکات.

کەوایە کات لەسەر ئەو دۆگماتیکی نەزۆکە بە فیڕۆ نادەین و لە دووەم ڕەخنەی ئابوری مارکسی دەکۆڵینەوە؛ ڕەخنەیەک کە زیاتر لەگەڵ بابەتەکەمان دێتەوە. بەدیلی ئەو ڕەخنەیە ئەم شیکردنەوەیە: لە یەکەم سیناریۆی شیاو، هیچ دەرەوەیەک دەربارەی پڕۆسەیەک نییە، کە داهاتووی وتەزاکانی ئابوری وەسفیان کردووە؛ تەنیا مێژوو دەتوانێ مەیدانی خۆپیشاندەری ناوەوەیی ئەو وتەزایە بێت، بۆیە گێڕانەوەی ئەنتیک کە ئەگەر سوود لە دەستەواژەکانی خودی ژیژەک وەرگرین بەهۆی وتەزاکانی ناوبراو بەرجەستە دەبن، بە هاوکات دەبنە ئەنتۆلۆژیکیش. بەم شێوەیە ڕوبەڕووی پڕۆسەی دەروونی بوینەوە، کە هیچ جۆرە دەرەوەیەک کاری تێ ناکات.

ئەم داهاتووی لۆژیکی هاوکات بەهای میتافیزیکیشی هەیە. بەڵام دەربارەی هێزەکانی نەیاری سەرمایەداری دەتوانین بڵێین چی؟ ئەم هێزانە لە مۆدیلی ناوبراودا، تەنها ئاکامێکی دەروونی خودی سەرمایەدارین، دەتوانی بە سادەیی بزانی شەڕی چینایەتی چ ڕوویەکی لەم چاوپێداخشاندنەوەی واتایی خـوازەدا هەیە؛ بەمجۆرەیە کە سەرمایەداری بۆ خۆی گۆڕی خۆی هەڵدەکەنێت. سیناریۆی دووەم لە گریمانەی لێکدژ دێتەدی: هێزە سەرمایەدارە ناکۆکەکان ئاکامی لۆژیکی سەرمایەداری نین، بەڵکو لە دەرەوەدا وەستانی تێدا دروستدەکات، بۆیە گێڕانەوەی سەرمایەداری لە ئاشکراکردنی وتەزا دەروونیەکانی فۆرمۆلە نابێت. لەم بارەیەوە نمونە دێنینەوە: بە هەمانشێوە کە توێژینەوەیەکی زۆر پیشانی داوە، پەڕینەوە لە بەهای زیادکراوی ڕەها بۆ بەهای زیادکراوی ڕێژەیی تەنها بەرەنجامی جوڵانەوەکانی پێکهاتوی دەروونی لۆژیک لە فەزای داماڵراو لە ناکۆکییەکان و شەڕ بەهرەمەند نییە، بەڵکو ئەو پەڕینەوەیە بۆخۆی کاردانەوەی بۆ ئامادەکارییەکانی کرێکارەکانیشی هەیە.

ئەگەر وابێت، ناکرێت باسی هیچ مێژوویەکی تەواوو دەروونی بکەی، مێژوی هاوشێوە کە لە پێشەکی ڕەخنەی ئابوری سیاسیدا هاتووە، دەبێت باسی مێژووی شەڕ تەوەر بکەین، کە ناچێتە ژێر هیچ تیۆریەکی پەرەپێدانەوە. من زۆر جەخت لەو خاڵە دەکەمەوە، چونکە تێگەیشتنی ڕاستی، ڕاستەوخۆ بۆ چەمکی خەڵک ڕێنماییمان دەکات، خەڵکانێک کە لە عەقڵی پۆپۆلیستیدا شرۆڤەم کردبوو.

کەوایە پێویست ناکات بڵێم ئێمە لەنێوان دوو بژاردەی بەردەممان بۆ بەدیلی ڕەخنەی ئابوری-سیاسی لێبڕاوانە، دووەمیان هەڵبژێرین. لەڕاستیدا، عەقڵی پۆپۆلیستی تا ڕادەیەکی زۆر، هەوڵدەدات ئاکامی زارەکی

ئەو هەڵبژاردنە ئاشکرا بکات بەم حاڵە، ژیژەک گومان دەکات و لە من باشتر دەزانێت و پشتڕاستی دەکاتەوە بەدیلێک بۆ {ئابوری سیاسی مارکس} نییە. بۆ نمونە دەڵێت، مارکس جیاوازی لەنێوان چینی کرێکار و پڕۆلیتاریادا دەکات: چینی کرێکار بە ئاشکرا گرووپێکی کۆمەڵایەتی لاوەکیە، لە کاتێکدا کە پڕۆلیتاریا جۆرێک دۆخی ناوەکی نیشانە دەکات(p. 564). باشە، دەبێت لە بەراییدا بوترێت مارکس هەرگیز ئاماژەی بە جیاوازییەکی لەو چەشنە نەکرد.

دەبو لەپڕ ئەو کارەی ئەنجامدەدا، بەڵام ئەنجامی نەدا. هەمو هەوڵە زارەکییەکانی ئەوەبوو، کە پیشانی بدات تەنها کاتێک ناڕوونی مێژوویی دەڕەوێنەوە کە ناوەکی یان هۆکاربوونی شۆڕشگێڕی، سەخت، ناوەکی یان واتایی ڕەگی لە دۆخێکدایە، دۆخێک کە بۆخۆی پڕۆسەیەک بەرهەمدێنێت کە کۆمەڵێک لە یاساکانی دەروونمان و پێویست باڵادەستن بەسەریدا. ئایا ژیژەک تا ئێستا مانیفێستی کۆمۆنیستی خوێندووەتەوە؟ ئەگەر خوێندویەتییەوە، بێگومان دەزانێت بە قسەی مارکس و ئەنگڵز، (بۆرژوازی تەنها جەنگی میکانیزمەکانی لە کارگەکان سازناداتا، جەنگی میکانیزمەکانی دەخولقێنێت، کە بۆ خودی بۆرژوازی مردن بەدیاری دێنن؛ واتا ئەوانەی کە بە چینی کرێکار و پڕۆلیتاریای دەزانین).

ئایا ژیژەک خێزانی پیرۆزی خوێندووەتەوە، کە مارکس و ئەنگڵز لەوێدا، لە دژی برۆنۆ و باویەر ئاماژە بە حەتمیبوونی کۆمۆنیزم دەکەن؟، شتێک کە ڕێک لە مرۆڤ داماڵینی پڕۆلیتاریا (چینی کرێکاری) دەرکەوتوو لە لۆژیکی خاوەندارییەتی تایبەتی پێکهاتووە؟ ئایا ئایدۆلۆژی ئەڵمانی خوێندووەتەوە، کە لەوێدا مارکس و ئەنگڵز، دژی سۆسیالیزمی ڕاستەقینە دەوەستنەوە و یەکێتی کرێکاری، واتە کۆمەڵێکی بەهێز لە بابەتی واتایی

و کۆمەڵایەتی بەسەرچاوەی سەرەکی نامۆیی مرۆڤی دەزانن؟ چما سەرمایە و گرۆندەریسە هەوڵی بەردەوام بۆ ڕیشەکێشی چەوسانەوە لە پرۆسەی واتاییدا نییە، ئایا پرۆسەیەک بەسە کە شەڕی چینی کرێکاری خراوەتەسەر؟. پێویست ناکات درێژە بە باسەکە بدەین، هەموو خوێندکارێکیش ئەوە دەزانێت.

سەرباری، ئەوەی مارکس لە بابەت جیاوازی ڕیزبەندناسی نێوان کاری ناوەکی و کاری بابەتی لە زەینیدایە، تەواو ڕوون و ئاشکرایە، دەیویست بڵێت ئەو دوو چەمکە جیاواز نین، کە لە چاوپێداخشاندنەوەی کۆمەڵایەتیدا، گرنگ نییە، بەڵکو لۆژیک و تۆپۆگرافی یا دیاریکردنی بارودۆخ پەیوەندی نێوان سنوری نێوانیانە و بەرایی ڕەخنەی ئابوری سیاسیش شرۆڤەیەکی تەواوی ئەو چەشنە پەیوەندییەیە.

لەڕاستیدا ئەو بەدیلە بۆ شێوازی تێڕوانینی لێکدژی ژیژەک دەگەڕێنەوە، کە پێشنیارمان کرد. جیاوازی نێوان کاری ناوەکی و کاری بابەتی، لەلایەک، بۆ ژیژەک زۆر گرنگە، کە درێژەی هەمان دوالیزمی نێوان بارودۆخ و ڕوداوی ئالان بادیۆیە، چونکە هەوڵیدەدا درزێکی بنەمایی بکاتە نێوان پچڕانی شۆڕشگێڕی و بارودۆخی پێشتری. دەرەنجامی لاوەکی ئەو بۆچوونەیە کە نابێت کردەی شۆڕشگێڕی شتێکی هاوبەشی لەگەڵ بارودۆخێکدا هەبێت، کە شۆڕش لەوێدا ڕوودەدات. سەربازی، لەلاکەی دی، ژیژەک دووبارە کردنەوە، (ad nauseam) جەخت لە تەوەری بوونی شەڕی ئابوری – دژی سەرمایەداری دەکاتەوە، تۆ بڵێی شتێک لە بارودۆخی هەبوو کاری ئابوری لەجیاتی شوێنی لاوەکی لەناو تۆپۆگرافێکی کۆمەڵایەتیدا هەبێت، کە دەوری باڵادەستی و بنیاتنەری جۆرەکانی دیتووە؟

ڕووداوەکان بە شێوازی پێشتر دیاری دەکات، ئەگەر بڕیارە شتێکی

وا لەڕاستیدا ڕوودەدات. بۆیە دەبێت بارودۆخ جۆرێک پێشینەی ئەنتۆلۆژیکی دەربارەی ڕووداوو هەبێت، ڕووداوێک وەستان و درزی لە بارودۆخدا، وەکو ئاکامەکەی ناتوانێت کاری ڕادیکاڵ یا ڕیشەیی بێت. بەمجۆرەیە کە ژیژەک ڕووبەڕوی بەدیلی پاوانکاری دەبێتەوە و ئەو بەدیلە بە ڕادەیەک پێکەنیناوییە کە بۆخۆشی تێی ناگات، لەجێدا، لێکدژانە پێداگری لەسەر هەردوو بژاردەکە دەکات.

با ژیژەک لەگەڵ دژایەتییەکەی خۆی هەڵبکات، ئێمە لە تیۆرێکی تر دەکۆڵینەوە، کە لانیکەم بە ئەندێشەی مارکس بەستراوەتەوە. گومانی تێدا نییە کە لای مارکس، لایەنی بابەتی پێگەی باڵاتری هەیە. مێژوو گێڕانەوەی پێکەوە بەستراوە، چونکە پەرەپێدانی هێزەکانی بەرهەمهێنان، مانای پەنهانی خودی پەرەپێدان ئاشکرا دەکات. پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا زۆربوونی چەوسانەوەی لێدەکەوێتەوە، بۆیە شەڕی کرێکاران قەیرانی سەرمایەداری خێرا دەکات، بەڵام سەرچاوەی نییە.

نابێت لە کردەی کرێکاران بۆ هۆکاری پاشەکشەی یەکجارەکی سیستەم بگەڕێیت، هەرچەند بە میکانیکی ئەنجام نادرێت. ئەوە هەڵەیەکی ئاشکرایە، کە گومان دەکەین لای مارکس، پێویستی مێژوویی، ئازادی کار بۆ نیمچە دیاردەیی دادەبەزێنێت. مەسەلەکە لێرەدایە کە پێداویستی مێژوویی و کردەی ئازاد و شۆڕشگێڕ، بە جۆرێک هاوتای یەکن کە ناتوانرێت لێکجیابکرێنەوە. تیۆری سپینۆزا لە بابەت ئازادی، ئازادی وەک زانیاری پێویست، کە هێشتا لایەنی ڕەسەنێتی زارەکی فەلسەفەی هیگڵی هەڵگرتووە، لە مارکسدا بۆ ئەسڵی کارا دەگۆڕێ کە پێویستی و ئازادی یەکدەخات. هەربۆیە لای مارکس هیچ جیاکردنەوەیەکی کاری وەسفکردن و کاری یاسایی (یا ئەخلاقی) نییەو لەئەنجامدا، هەربۆیە، مارکسیزم پێگەی ئەخلاقی

سەربەخۆی نییە، دیسانەوە بۆیە، جیاکردنەوەی ژیژەکی نێوان پڕۆلیتاریاو چینی کرێکار، کاری ناوەکی و کاری بابەتی، دەکرێت هەڵگەڕانەوەیەکی ئاشکرای فەلسەفەی مارکس بێت.

کێشەکە لەوێ دەستپێدەکا کە بەڕامانی زیاتر ئێدەگەین جۆرێک پووش بەسەری خۆیی بەکاربراوە کە ڕێ نادا پەڕینەوەیەکی هێمن لەوتەزایەکی ئابووری بۆ وتەزایەکی دی و لەئەنتاگۆنیستی کۆمەڵایەتی بۆ ئەنتاگۆنیزمێکی دی ڕوبدا. تێڕوانینی مارکسیستی بۆ چارەنووسی کۆمەڵگای سەرمایەداری لەسەر گریمانەیەک وەستاوەتەوە.

ئاسانکردنەوەی بنەمای کۆمەڵایەتی بەهۆی {وێنای} سەرمایەداری خەڵکانی ژێردەستەو چینی مامناوەند پەنهان دەبن و لە کۆتاییدا، بەشی بەرچاو لەکۆمەڵ پەیوەندی بەجەماوەری زۆری پڕۆلیتاریاوە دەکەن، بەم شێوەیە دوابەشی روبەڕووبوونەوەی ئەنتاگۆنیستی مێژوو، قۆناغی کۆتایی ململانێی نێوان بۆرژوازی و چینی کرێکار دەبێت. یەکسەر نەگونجانی ئەو مۆدیلە ستراتیژیکە، هەم لە ئاستی زارەکی و هەم لەجیاتی موتاڵای ڕووداوەکانی کۆمەڵگا، ئاشکرا بوو.

تیۆری کاری تـەوەری بەها پیشانیدا ئـازار بەدەست پچڕانی زارەکی زۆرەوە دەبینێت؛ جیاوازی دانانەکانی دەروونی نێوان بەشە جۆراوجۆرەکانی ئابوری ناتوانێت بەهۆی هیچ جۆرە یاسایەکی سۆزداری، ئەویش بە شێوازێکی عەقڵانی، یەکبخرێت. بنەمای کۆمەڵایەتی، لەجیاتی ئەوەی هاوچەشنی تر بێت، ئاڵۆزترو فرەجۆرتر بوو؛ درزەکانی نێوان شەڕی ئابوری و شەڕی سیاسی، تەنانەت لەناو چینی کرێکاردا، لەمەودوا لە ڕوانگەی سیاسی کەمتر و کەمتر جڵەو کراوبوو. تاکە چارەسەر لەم مەرجانەدا، هەوڵبدرێت هێڵی سەرەکی تیۆری کلاسیک بپارێزرێت، بەڵام

سیستەمی هۆکارەکان زۆربێت و لە کاتێکدا ئەرکی دلێرانەی هاوتاسازی کاری ناتەبا لە ئەستۆ بگرن، کە ئەو هۆکارانە، دەبنە جێی متمانەیەکی زۆری. تیۆری لۆکاچ لە بابەت زانیاری درۆ کە ئەڵقەی پەیوەند (correlatum)ی، شوێنی زانیاری ڕاستەقینەی پرۆلیتاریا بوو لە حزب. نموونەی ئاشکرا لەم بەکاربردنە زۆر زەحمەت، بەڵام تەواو بێکەڵکی سیستەمی هۆکارەکانە.

بونیاتخوازی لە مارکسیزمدا، جیاوازیەک کە نیکۆلاس پۆلانزاس لەنێوان (دیاریکردن لە دوا هەنگاو) و (دەور پێسپاردن). تاکە بەدیلی شیاو، پەسەندکردنی ناتەبایی بەهای فەرمیە بێئەوەی کە بۆ هەرجۆرێکی تەبایی پەنهانی و نوسین کەمبکاتەوە و پرسیاری کرد کە چۆن دەکرێت ئێکڕایی سازی یان تەواویەت بەخشی دەستنیشانکراو، شیاو بێت، کارێک کە بە ناتەباییەک کەمنەکرابێتەوە. نەخشەکێشانی ئاسۆیی کارێکە دەمانەوێت ئێستا ئەنجامی بدەین، کە وەڵامی ئەو پرسیارە ڕووندەکاتەوە.

پێش ئەوەی لەم کارە بکۆڵینەوە، بە باشی دەزانم دەربارەی لاپەڕەکانی 565 تا 568 وتارەکەی ژیژەک ڕوون بکەمەوە، چونکە لەو بەشەدا بە بەڵگەی گونجاو بەرایی تیۆرەکانی خۆی جیاکردووەتەوە، خاڵی سەرەکی بەڵگاندنەکانی بەمجۆرەن:

1. دوو لۆژیکی ئێکڕایی یان جیهانگر (universality) هەیە، کە دەبێت لێکجیابکرێنەوە. لۆژیکی یەکەم بۆ دۆخێک دەگەڕێنەوە کە هیگڵ بۆ یەکەمجار، وەک چینی ئێکڕایی یان جیهانگر، هۆکاری بێ ناوبژیوانی ڕێسای کۆمەڵایەتی، خستیەڕوو. لۆژیکی دووەمـی ئێکڕایی زیادە و زیادکراوە، ئێکڕاییەک کە لە سیستەمەکەدا هەیە، بەڵام شوێنی دەرروونی لەدەستداوە «بەشێک لە هیچ بەشێک» («the part of no part»). ژاک

رانسێر، بەم شێوەیە قسە لەسەر ناوەرۆکی لاوەکی نییە کە (شێوەی پووچی ئێکڕایی هەژموونیزە بکات، بەڵکو لەسەر شەڕی نێوان خودی شێوەی پاوانکاری و دوانەییە) «p. 564».

2. پڕۆلیتاریا جۆری دووەمی ئێکڕایی بەرجەستە دەکات. (لێرەیە کە ژیژەک بەو شێوەیەی، کە پێشتر ڕوونمان کردەوە، پڕۆلیتاریا و چینی کرێکار لێکجیادەکاتەوە). لێرەدا ژیژەک ڕەخنە لە ئێڕوانینم بۆ مەسەلەی (lumpenproletariat) دەگرێت و دەڵێت: جیاوازی بە مانای وردی پڕۆلیتاریا، هەمان (جیاوازی نێوان گروپێکی کۆمەڵایەتی واتایی و ناگروپێک نییە، ناگروپێک کە زیادەی بەبێ شوێنی گونجاو لە بیناکردنی کۆمەڵایەتی بیردێنێتەوە؛ لەڕاستیدا ئەو جیاوازیە هەمان جیاکاری نێوان دوو دۆخی ئەو بیرهێنانەوە زیادەیە کە دوو پێگەی ناوەکی جیاواز فۆرمۆلە دەکات) «p. 564».

لە کاتێکدا کە لۆمپینی پڕۆلیتاریا لە پێگەی ناگروپێک دەتوانێت بەشداری ستراتیژیەتی هەموو گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بکات بەم مانایە کە تەواو جڵەوکراو بێنک چینی کرێکار لەبری گرووپێک کەوتووەتە پێگەیەکی لێکدژەوە، واتا خاوەن شوێنی وردو دەستنیشانکراوی دەروون {بنەما} کەڵەکەبوونی سەرمایە و بەم شێوەیە، ناتوانێت لە ڕێسای کۆمەڵایەتیدا جێگایەک بۆخۆی دابین بکات.

3. لۆژیکی دەرهەستەیی سەرمایە، دەرەنجامی ئێکهەڵکێشی بەدوادایە. ژیژەک لێرەدا بەجیاکاری نێوان واقیعیەت «خەڵکانی ڕاستەقینە لەنێوان کردەکان و پڕۆسەی بەرهەمهێنەر گرفتاربوون» (p. 566) و کاری ڕاستەقینە (لۆژیکی تارمایی ئاسا، دەرهەستەیی و ئاشنەبووەوەی سەرمایەیەک دیاری دەکات، کە لەسەر ڕاستی کۆمەڵایەتی دەڕوات)، ڕازی دەبێت. پێشتر

نەگونجاویم لەم جیاکاریەدا بیرهێنابۆوە و جارێکی دی دووبارەی ناکەمەوە، لەگەڵ ئەوەشدا مەسەلەیەکی دیکە دەخاتەڕوو: (وتەزاکانی ئابوری سیاسی «تۆ بخوێنیەوە بەهای هێزی کاری کاڵایی یا ڕادەی قازانج» دراوەکانی کۆمەڵایەتی - سیاسی واتایین، بەڵام دراوەکانن، کە بەردەوام ئاماژە بە هەڵتۆقیوی شەڕی سیاسی دەکاتْ) «p. 566»، چونکە ناکرێتْ کاری سیاسی نیمچە دیاردەیەک بێتْ.

4. پاشان، ژیژەک بە شێوازی چەمکسازی ڕەخنەم لێدەگرێتْ. بە مۆدیلی ئەلف - با ناکۆکە کە لەوێدا بوونی با بەرگری لە بەرامبەر گۆڕینی پەیوەندی بۆ پەیوەندی پەتی ئەلف - نائەلف دەکاتْ. بەڵگە دەربارەی ئەو بابەتە، پێویستە بۆ هەندێک لە گریمانەکان بگەڕێینەوە، شتێک کە لەم وتارەدا لێی دەکۆڵمەوە، ئێستا واز لەو ڕەخنەیە دێنم.

5. سەرمایەداری، بەم شێوەیە، چیتر وتەزایەکی سەرف نییە، کە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و ئەرێنی دیاری بکاتْ، بەڵکو (جۆرێک ماتریستی ڕواڵەتی - باڵادەستییە، کە سەرمایەداری سنوورەکەی دەکێشێتْ، ماتریسێک کە تێکڕای شوێنی کۆمەڵایەتی - بە مانای وشە، ڕوویەکی بەرهەمهێنان دادەتاشێتْ). (p. 567)

لەو ڕەخنانە کامیان شایانی تێڕامانە؟ وەڵامی ئاسایی: هیچکامیان. ئێستا لە تاک تاکیان بکۆڵینەوە.

(وەڵامی ڕەخنەیی) 1. ناکرێتْ دوو تێکڕاییەک لە شوێنێک یەکسانی پیشانبداتەوە، کە ژیژەک وەسفی کردووە، یان تەنانەتْ بە یەکەوە، لەژێر شێوەیەک لەبوونی شەڕانی یان ئەنتاگۆنیستی، ئامادەبن. ئامادەیی سەرفی یەکێک لەو تێکڕایانە، ئامادەیی تێکڕاییەکەی تر مەحاڵ دەکاتْ. تێکڕایی شاراوە لە چینی تێکڕایی یان جیهانگری هیگڵ، تێکڕایی دەداتە فەزای

کۆمەڵایەتی، بۆیە ناکرێت هیچ شتێکی ئەنتاگۆنیستی تەواوی تێدا بێت؛ جگە لەوەی، ناکرێت دەوڵەت لە حوکمی مەیدانی ئاشتی نێوان بەشە هەبووەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بێت و ئاسۆی ئێکڕایی خۆی ببینێت.

ئێستا ئەگەر ئەو ئاسۆیە بەهۆی بەشێک هەڕەشەی لێبکرێت چ ڕوودەدات، کە ناکرێت ئاگا بێت؟ لەم دۆخەدا، دەکرێت بە سادەیی بوترێت، هیچ ئاشتی یا دیالۆگێک ناکرێت؛ ئێکڕایی، ئێکڕاییەک شتێکی درۆ دەبێت، کە لە حوکمی ئاڵودە یان ئاوێتە ئێگەیەنراو دەبێت. پەیوەندی نێوان ئێکڕایی دەوڵەت، ڕێژەی دەرەکیەکی پەتییە، کە لە قبوڵکردنی دەوری ئاشتیخوازانە خۆی دەدزێتەوە، ئەو پەیوەندییە بۆخۆی شیمانە دەبێت، هەروەک بڵێین، دەبێت ئەو پەیوەندییە لە حوکمی سیستەمی دەسەڵات ئێگەیەنراو بێت. ئێکڕایی دراوێکی پەنهان نییە، بەڵکو دەسەڵات و هێزێکە کە لەگەڵ هەموو دەسەڵاتەکان، کار لەشتێکی لەخۆی جیاواز دەکات. بۆیە هەر شێوەیەک لە ئێکڕایی، لە وردەکارییەک زیاتر شتێکی دیکە نییە کە لە جومگەبەندی جیاوازییەکان، دەورووبەری خۆی و بەشیمانەیی، سەردەکەوێت.

بەڵام ئەو ئێکڕاییە، جگە لەو پێناسەیە هیچ شتێک نییە کە بۆ پەیوەندی هەژمۆنیک هەمانە. ئێستا لە دووەم ئێکڕایی ژێژەک بکۆڵینەوە – ئێکڕایی بەشێک کە هەرچەند لە دەروونی فەزای کۆمەڵایەتیدایە، ناکرێت بە ئەندامێکی ئەو فەزایە هەژمار بکرێت.

بۆ نموونە کۆچبەرانی نایاسایی (sans papiers) لە فەرەنسا، زۆرتر لەم بارەیەوە بەکاردەبرێت. لە بنەڕەتدا بەوجۆرە بڵێین: لە ڕاستیدا ئەو ڕاستییە هیچ جۆرە ئێکڕاییەک نادات گرووپێک لە خەڵک کە لە دەرەوەی سیستەمی شوێنەکان، چوارچێوەی کۆمەڵایەتی پێناسەی هیچ ناکات. کۆچبەرانی نایاسایی دەیانەویست ناسنامە (papiers)یان هەبێت،

ئەگەر دەوڵەت دابینی دەکات، لە دەوڵەتی شادمانی بۆ جیاوازییەکی تر دەگۆڕان. مەرجێکی تر بۆ تێکڕایی بوون یان جیهانگر بوون، پێویستە بە دەستەواژەیەکی تر، بارودۆخەکەیان واتا لە دەرەوە مانەوەیان بۆ هێمایەک بۆ هەموو لە دەرەوە ماوەکان یا پەراوێزییەکانی ناو کۆمەڵگا دەگۆڕێت. ئەو مەرجە، جۆرێک کەڵەکەبوونی (aggregation) شیمانەیی تۆخمە ناتەباکانە. ئەو کەڵەکەبوونە هەر ئەو شتەیە، کە ئێمە ناومان ناوە خەڵک. دووبارە بیردەهێنمەوە ئەو جۆرە لە تێکڕایی بەخشی هەمان شتە کە لە هەژموونی تێی گەیشتبووین. ئێستا بەهەمان ئەنجام گەیشتین کە پێشتر لەباسی تێکڕایی دەوڵەت پێی گەیشتبووین. هەر بۆیە کە گرامشی باسی «دەوڵەتبوونی چینی کرێکار» دەکات، تیۆرێک کە بە پێشگریمانەی جۆرێک دیسانەوە کەڵەکەبوونی جارێکی دیکەی هەندێک تۆخم، ئەوانی دی، دەیخەنەڕوو. گرامشی ئەو جوڵانەوەیە ناودەنێت جۆرێک «شەڕی پێگە»ی نێوان تێکڕایی ئەنتاگۆنیستیەکان. ئەو ڕاستیەی کە ژیژەک دوو تێکڕایی خراوەڕووی خۆی هەڵدەواسێت و ناتوانێت ڕوونی بکاتەوە شەڕی نێوانیان لە چ شتێک ڕووی داوە، هەروەها لە حوکمی بەشێکی تەباکەر «شێوەی پووچی تێکڕایی» لە شەڕی هەژمۆنیک دەگات، پیشانی دەدا تەنانەت ئەلفبای تیۆری هەژموونیش نازانێت.

## {وەڵامی ڕەخنەیی}

2. ژیژەک لە کاتی شیکارکردنی چەمکی لۆمپین پڕۆلیتاریا دوووبارە باسەکە دەشوێنێت. دەڵێت لە وتەزای پڕۆلیتاریا، جۆرێک لێکدژی لەنێوان شوێنی وردی، دەروون {بنەما}و کەڵەکەبوونی سەرمایە و لەدەستدانی شوێنی پڕۆلیتاریا لە سیستەمی سەرمایەداریدا هەیە؛ لە کاتێکدا کە لە چەمکی

لۆمپینی پڕۆلیتاریا، بابەتی وردی، دەروونی بنەمای کەڵەکەبونی سەرمایە ونە، بۆیە ناسنامەی کۆمەڵایەتی سیاسیەکەی تەواو سازگار دەبێت، بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە ئایا لەدەستدانی شوێنی پڕۆلیتاریا ئەوەندە بە شوێنی وردی دەروونی بنەمای کەڵەکەبوونی سەرمایە گرێدراوە، کە هیچ هاوبەهاییەک نەتوانێت لەنێو هەموو بەشەکانی دەرەوە لە شوێن پێکبێت و ناسنامەیەکی گشتێتر بۆ کاری لە دەرەوە ماوە بێتەکایە، ناسنامەیەک کە هەرجۆرە شوێنیکی لاوەکی لەخۆ بگرێت؟ ئەگەر بەڕاستی بەو جۆرەیە، پەراوێزبوونی لۆمپین پڕۆلیتاریا دەتوانێت سمپتۆمی دیاردەیەکی گشتگیرتر بێت، ئێمە بۆ ئەو بابەتە دەگەڕێینەوە.

## وەڵامی ڕەخنەیی

3. لای ژیژەک، قەڵەمڕەوی ئابوری، لەئاستی خۆیدا، سیاسیە، چونکە مەیدانێکە شەڕی چینایەتی لەناویدا ڕوودەدا. بێگومان لەگەڵ بڕیارێکی لەو چەشنە کۆکم. گرامشی دەیگوت هەژموونی لەکارخانە فۆرمۆلە دەبێت. ناکۆکبوون لەگەڵ ژیژەک لەوێ دەستپێدەکات، کە هەردووکمان دەکۆشین پێناسەی کاری سیاسی خۆمان ئاڕاستە بکەین. بە باوەڕی من، کاری سیاسی دەوری بەرایی و هەڵسەنگاندنی هەیە، چونکە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تەواو شیمانەن و هەرجۆرە جومگەبەندییەکی بەردەوام لە بەریەککەوتنی ئەنتاگۆنیستی بەدیدێت، کە پێشتر ئاکامەکانی دەستنیشان نەکراوە. بەڵام بەباوەڕی ژیـژەک، دراوە کۆمەڵایەتی – سیاسییەکان بـەردەوام ئاماژەیەکی ئاکامی شەڕی سیاسین، واتا ئەگەر پەڕینەوەی لۆژیکی لە دراوەکانی ئابوری {وەک ئاماری هەڵاوسان و بێکاری} بۆ ئاکامی سیاسی هەبێت، کاری سیاسی، ئەو کاتە لە مەیدانی

ئابوری دەبێنە گوتەزای دەروونی.

کاری سیاسی، بە ئەگەرێکی زۆر نیمچە دیاردە نییە، بەم مانایە کە پێگەی ئەنتۆلۆژیکەکەی ڕەنگدەرەوەی ڕاستی جەوهەری نییە، بەڵکو بەشێکییەتی و بەم هۆیە، هەرجۆرە {ڕوویەکی} سەربەخۆیی لەدەستدەدات. شیکارم بۆ بە سیاسی کردنی ئابوری کۆتایی دێت، شیکاری ژیژەک بۆ (بەئابوری کردنی) سیاسەت دەشکێنەوە.

{وەڵامی ڕەخنەی} 5. بە هەمانشێوە کە وتم، پاشان لە ڕەخنەی چوارەم دەکۆڵمەوە. لە ڕەخنەی پێنجەم، ژیژەک، لەڕاستیدا لەسەر ئەو بۆچوونە نامێنێتەوە کە شتێک لەجیاتی شوێنێکی ساختەکار و لەژێر ناوی ڕووی بەرهەمهێنان هەیە لەجێدا، دەڵێت شوێنێکی لەو چەشنە:

1. ماتریسی ڕواڵەتی - باڵادەستیە.

2. ڕاستەوخۆ تێکڕای شوێنەکان یا فەزای کۆمەڵایەتی دادەتاشێت تا بەو ڕێگایە، ڕاستی کۆمەڵایەتی لە هیچ خاڵێک لەوەی ماتریسی ناوبراو دیاری و جڵەوی دەکات، لێوڕێژ نەبێت (جگە لە شیمانەی خاڵێک لە پەڕینەوە لە ڕوویەکی بەرهەمهێنان بۆ ڕوویەکی تر، هەرچەند پەڕینەوەیەکی وا، ئەگەر مۆدیلی شیکاری گونجاو بێت، ڕەنگە بە ناچاری لۆژیکێک جڵەوی بکات، کە دەربارەی خودی دۆخی بەرهەمهێنان کارێکی دەروونییە، کە لەم حاڵەتەدا، لە دۆخی تێکڕایی جیاواز نییە). ڕاڤەی ژیژەک سەر بە ئیعتوباری ئەو دوو گریمانەیەیە، کە لە درێژەیدا لێی دەکۆڵینەوە.

## ناتەبایی و دیالێکتیک

ئێستا باسەکە بە دیاریکردنی پێگەی کاری ناتەبا دەستپێدەکەین.

ئێمە بەهۆی پەیوەندی ناتەبای نێوان چەند توخمێک، زانیمان کە ئەو پەیوەندییە پەیوەندی بەهەمان فەزای پیشاندانەوەوە نییە. چەمکی فەزای پیشاندانەوە، یەکەی چەند تایبەتمەندییەکە، چونکە فەزای پیشاندانەوە دەتوانێ بەچەند شێوەیەک دابمەزرێت.

یەکگرتوویی فەزایەکی وا بە پلەی یەکەم، دەرەنجامی ناوبژیوانییەکانی دیالێکتیکی یان دەرەنجامی جۆرێک پەیوەندی نێوان توخمەکانە، بە شێوازێک کە لە هەر کامێکیاندا، هەر ئەو شتەمان لەبەردەستە کە بۆ جووڵانی لۆژیکی پێویستی توخمەکانی دیکەیە. هەر بیردۆزەیەکی لەسەربنەمای پیشاندانەوە، یان نوێنەرایەتی ئەلف لەلایەن ئەلف، {لەسەر بنەمای قبووڵکردنی دیالێکتیکی هیگڵە} لە پەیوەندی دوانەی ئەلف نائەلف، ناسنامە یان هەر ئەوەی هەر جەمسەرێک، لە ڕەتکردنەوەی ئەوی دی لاواز دەبێت. بۆیە، باسکردنی ناکۆکییەکان {بنەما} پەڕینەوەی دیالێکتیکی و بنەمای {ڕێگری} لێکدژ نییە.

ئەو تێپەڕینانە، بە ڕێکەوت، لەسەر لێکدژی، وەک مەرجی یەکگرتنیان لە فەزای تەبا، وەستاونەتەوە. هیچ شتێکی ناتەبا لە لێکدژیەکی دیالێکتیکیدا نییە. هەربۆیە، دەکرێت پەڕینەوە {دیالێکتیکی}، لە فەزایەکی پڕبوودا ڕووبدا. هەرجۆرە دواکەوتویەکی کارێکی ئەزموونی شیمانەیی، کە بە شێوازی دیالێکتیکی و تێکڕا لەژێر دەسەڵاتی نەهێناوەتەدەر، تێکڕا تووشی مەترسی دەکات، چونکە ئەگەری سەرهەڵدانی توخمێک کە لەژێر دەسەڵاتدا نییە، هەر بەو ڕادەیە کە تێکڕا شیمانە دەکات، ئەگەری ناوبژیوانی دیالێکتیکیش دەخاتە مەترسیەوە (ئەوە هەمان ناڕەزایی کرۆک بوو بۆ دیالێکتیک، کە هیگڵ لە کاردانەوەیدا، ملی بۆ دانیشتنەکە نەدا، بەڵام ئەو ڕاستیەی نەشاردەوە، کە لە ڕاستیدا وەڵامی بۆ ئەو ڕەخنەیە نەبوو). خێراکردنی ژێژەک لەسەر ئەو بنەمایەی کە تایبەتییەکانی کۆمەڵایەتی سیاسی

(پیشاندەرەوە و دەرەنجام و ئاکامی شەڕێکی سیاسیە)، نمونەیەکی باشی تێپەڕینی دیالێکتیکیە واتا تێپەڕینێک کە لە کەشێکی تەبادا ڕوودەدات و بە تەواوی ئەگەری ڕەتکردنەوەی ڕادیکاڵ لەبەین دەبات. (p. 566) بەڵام تەبایی، وەک پێویست، لەخۆی ناگرێت کە پەڕینەوەی دیالێکتیکی نێوان توخمەکان، شوێنێک سنوردار دەکات. پەیوەندییەکی ئاماژەناسی نێوان توخمەکانیش نمونەیەکی دیکەی ئەو پەڕینەوەیە.

بۆچونی سۆسۆر بۆ زمان، زمان وەکو سیستەمێکی جیاوازییەکان، تا ئەو جێیەی کە ناسنامەی هەر توخمێک پێویستی جیاوازی لە توخمەکانی تر، هەروەها پێشگریمانەی تەبای تێدایە. تەنیا کاتێک ناتەبایی دەچێتە ناو یاریەکەوە، کە بکرێ پیشانی بدا خودی لۆژیکی تەواویەت-{تەواویەت}ی دیالێکتیکی یات {تەواویەت}ی ئاماژەناسی لە پێگەی پێشهاتی گرژیەک {یا ئاپۆریا}، لە خاڵێکدا شکست دەخوات کە نەتوانێت بەپێی بنەما بەهێزکەرەکانی تەواویەتی وەها، بەرزببێتەوە.

بۆ شرۆڤەکردنی مەسەلەی تەواویەت، بە بۆچوونی هیگڵ بە مێژوو دەست پێدەکەین. گریمانەی بنچینەیی هیگڵە کە جووڵانی ڕووداوەکانی مێژوو سەر بە ڕەتکردنەوەی دەروونییە، لۆژیکێک کە بەشێوازی چەمکی، لەبری بەردەوامی بەراوەژوبووەکان و بەدەستهێنانەوەی دیالیکتیکیەکان، تێگەیەنراو دەبێت. چونەناوەوەی توێژی جیاوازی خەڵک بۆ ئەم شەڕە مێژوویە، دەربڕینێکی ئەو لۆژیکەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، خاڵی کوێر کە لەم وێنایە مێژوویی هەیە، هەمانشتە کە هیگڵ ناوی نا {میللەتی بێ مێژوو}، کەسانێک کە لە ڕەوتی دیالێکتیکدا نوێنەری هیچ خاڵێکی جیاوازی دانەرانە نین.

لە کتێبەکەمدا ئەو میللەتەم بەوە بەراورد کرد کە ناوی نا لکاندن. لە بنچینەدا، دواکەوتوویی ناو هەڵبەزو دابەزی تاقیکردنەوەیی، دوای ئەنجامدانی تاقیکردنەوەیەکی کیمیاییە. ئەو بوونەوەرە نامێژووییە، وەک دڵۆپێک بەنزین، بەرمیلێک هەنگوین خراپ دەکات؛ ئامادەیی زۆری شیمانەیی کە لێوڕێژ دەبێت لە دیالێکتیکی مێژوویی، ئەوەش شیمانە دەکاو لە ئەنجامدا، تێکڕای چاوپێداخشاندنەوەی مێژوو لەجیاتی گێڕانەوەی گونجاو، بەم شێوەیە، تووشی مەترسی دەبێت.

ئەو شێوازەش لە مۆدیلی مێژووی ژیژەکیش ڕاستە. پێویستە سەرمایەداری بەناوی (ماتریسی ڕواڵـەت - باڵایی، تێکڕایی فەزای کۆمەڵایەتی بەهێز بکات)، کە ماتریسی وا ڕێک، لە حوکمی بونیادێک یان سەرچاوە کار بکات، واتا نابێت لە کەشی کۆمەڵایەتیدا هیچ شتێک سەرووی شایستەیی ماتریسی بکەوێت(p. 567). بەم حاڵە، دەکرێت نوسخەی پراگماتیکی لەم مۆدیلە، دیالێکتیکیش وێنا بکرێت؛ هەرچەند ئەو نوسخە نوێیە، پێگەخوازی دیالێکتیکی دادەبەزێنێت، بەڵام هێشتا دەبێت زوو بکەین (زێدەبایی) بەردەوام لە بەرامبەر ڕەوتی سەرەکی کامڵبوونی مێژوو کارێکی پەراوێزیە، بۆیە ئەو زێدەباییە، لە ڕوانگەی مێژوویەکی تێکڕایی یان جیهانگر، بە ئاسانی شایانی چاوپۆشی کردنە. لێرەدا مەسەلەکە، تەنیا بڕیاردانێکە، کە ئایا دەکرێت ڕاستی بە کردەوە گریمانەکانی ئەو نوسخە پراگماتیکیە زامن بکەن یان نا.

لەم قۆناغەدا، دەبێت لە هیگڵ تێپەڕین و بچینە سۆراخی مارکس، کەسێک کە دەکرێت لە ژیژەک زیاتر بە پەیڕەوی شاگردی هیگڵ دابنرێت. بەڵام لە بەراییدا، کەمێک ئاماژە بەسەرباسەکانی بابەتی پێشوو دەکەم. یەکەم بینیمان هەرجۆرە پەڕینەوەیەکی دیالێکتیکی، ڕەگی بۆ مەیدانی

لۆژیکی و پڕبوو دەگەڕێنەوە، مەیدانێک کە هیچ شتێک ناتوانێت خۆ لە دیاریکردنی دیالێکتیکی بدزێتەوە.

دوو مەیدانێکی لۆژیکی وا دەستەبەر نابێت، چونکە ئەو مەیدانە شتێکی تێدایە کە خۆی لە دەسەڵاتی دیالێکتیکی دەدزێتەوە؛ ئێمە باسی نموونەی خەڵکی بێ مێژوو دەکەین، لە کاتێکدا کە دەمانتوانی ژمارەیەک نموونە بێنینەوە. سێیەم، ئێستا بە گەڕانەوە بۆ مەیدانی مێژوو، دەبینین زێدەبایەکی لەوچەشنە کە ڕوبەڕووی کامڵبوونی دیالێکتیکی بۆتەوە، تەنها بەهۆی پەیوەندی شیمانەییەکەی بە هێڵی سەرەکی کامڵبونی مێژوو دەکرێت چەمکەکەی بخرێتە ڕوو. ئەو ڕاستیەی کە هێڵی سەرەکی ناوبراو لە دەرەوەی خۆی پەیوەندی شیمانەیی بە شتێکەوە هەیە، پێویستی ئەو واقیعیەتەشە کە خودی ئەو ڕەوتە مێژووییە، بۆ خۆی، بۆ کارێکی شیمانەیی دەگۆڕێت. پێنجەم، لە ئەنجامدا، ناکرێت ئەو هێڵە تەنها بەپشت بەستن بە کامڵبونێکی دیالێکتیکی دابنرێت؛ دەکرێت ئەو هێڵە تەنیا لە حوکمی پرۆسەی شیمانەیی و لە ڕوانگەی مێژوویی سەلمێنراو گریمانە بێت. بەمەش، پرسیاری ئێستا ئەوەیە: ئایا بوونەوەری {جەوهەری} لە بیردۆزەی مارکسدا هەیە، کە بە شیمانەیی هاوتای {میللەتی بێ مێژوو}ی هیگڵ بێت؟ بە بۆچوونی من هەیە و هەمان لۆمپۆن پرۆلیتاریایە. ئاکامی ئامادەیی لەو چەشنە، ڕەتکردنەوەی ڕاشکاوانەی سکاڵای پرۆلیتاریایە لەسەر بنەمای هەبوونی دەوری تەوەری و پێشبینی وەک هۆکاری پێویستی مێژووە.

مێژوو لای مارکس، تا ئەو جێیەی بە گێڕانەوەی تەبا لە قەڵەم دەدرێت، مێژووی بەرهەمهێنانە (کامڵبونی هێزەکانی بەرهەمهێنان و گونجان نەگونجانە لەگەڵ پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان). بۆیە داگیرکردنی

شوێنێکی دیاریکراو لە پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان، بە گوتەی مارکس تاکە داوای شیاوی گۆڕانە بۆ هەڵسوڕاوی مێژوویی. بەڵام ئەو ئەگەرە بێگومان، ئەو شتەیە کە لە دەسەڵاتی لۆمپۆنی پڕۆلیتاریادا نییە.

مارکس، یەکسەر دەرەنجامی شیاو لە گریمانەکانی خۆی ئەنجامگیری دەکات: لۆمپۆنی پڕۆلیتاریا دەبێت لە هەرجۆرە مێژووییەک دابماڵرێت؛ لۆمپۆنی پڕۆلیتاریا پارچەیەکی مشەخۆرە دەکەوێتە درزی تەواوی شێوە بەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە. لێرەدا ڕوبەڕووی بابەتی هاوشێوەی دەبینەوە، کە لە (میللەتی بێ مێژووی) هیگڵ دەیزانین؛ ئامادەیی لۆمپۆنی پڕۆلیتاریا لە بەرامبەر ڕەوت یاهێڵی سەرەکی کامڵبونی مێژوو، کاری پەراوێزی و شیمانەییە. ئەگەر مەسەلەکە بێکێشە نابێت؛ هەرچەند لۆمپۆنی پڕۆلیتاریا لە گێڕانەوەی دیالێکتیکی و مێژوویی شوێنی نییە، سنوردانان یان کەمکردنەوەی لەبری وتەزای پەیوەست بە جەماوەری باڵادەستی شار کە بە ئاشکرا بەشی پەراوێزیە، ناکرێت بۆ نوسخەی پراگماتیکی گێڕانەوەی دیالێکتیک هەڕەشە بێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا دژواری هەیە. لای مارکس، بێگومان، جەماوەری شاریی لە پێگەی ئاماژەگەری شایەتی وتەزای لۆمپۆنی پڕۆلیتاریا تۆمار کراوە؛ بەڵام مارکس پێناسەی چەمکی لەو ئاماژەگەریە بەدەستەوە دەدات تا مەودای لۆمپۆنی پڕۆلیتاریا بە پڕۆسەی بەرهەمهێنان پیشانبدات.

یەکجێ تێگەیشت مەودایەکی وا تەنها تایبەت نابێت بە جەماوەری شاریی، بەڵکو لەهەموو بەشەکانیشدا هەیە؛ وەک نموونە، لەجیاتی سەرهەڵدانەوەی سەرلەنوێی لۆمپۆنی پڕۆلیتاریا لە ئاستەکانی باڵای کۆمەڵگا باسی ئەریستۆکراسی دارایی دەکات و بە سەرنجدان بە ئاشکرابوونی تێکڕای باسەکە دەربارەی کاری بەرهەمهێن و بەرهەم نەهێن کە تا ئەوکاتە ئاوڕدانەوە

و دیقەتی ئابوری زانستە سیاسییەکانی پیشان دەدات. چەمکی مێژوو وەکو مێژووی بەرهەمهێنان، زوو ڕەخنەیەکی زۆری لێگیراو بەرگریکردن لێی، پێویستی بەداڕشتنەوەی خودی چەمکەکە بوو. بێگومان پێشتر، بە کردەوە لە مەحەک نەدرابوو، هەربۆیە مەسەلەی لۆمپۆنی پڕۆلیتاریا بۆم بایەخدارە، بۆیە ئەو پرسیارەم بەلاوە گرنگە، کە مەسەلەی گەورەتر ئاشکرا بکات. هەربۆیە مەسەلەی لۆمپۆنی پڕۆلیتاریام ناونا سمپتۆمێک.

بەم وەسفە، هێشتا بابەتێکی دیکە هەیە، کە ڕێکاری ژیژەک بەجیا دەخاتە ململانێوە. ئەو مەسەلەیە لە تێکڕادا بۆ پێگەی زارەکی شەڕە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێنەوە. ژیژەک دەڵێت چینی کرێکار (خۆی لە خۆیدا گرووپ نییە کە لە پێگەی گرووپی دەروونی تەلارە گەورە کۆمەڵایەتییەکان، نا گرووپێکە، بە دەربڕینێکی دی، شتێکە کە پێگەکەی خۆی لەخۆیدا، لێکدژە؛ چینی کرێکار هێزی بەرهەمهێنە، کۆمەڵگا و ئەو کەسانەی لە دەسەڵاتدان، پێویستیان پێیانە تا بۆخۆیان و یاساکەیان بەرهەمبێننەوە، بەڵام، جێگەیەکی گونجاوی بۆ نادۆزنەوە). (p. 565). دەکرێت ئەم وتەیە دوو مانای هەبێت: یان پێگەی بابەتی کرێکار، دەروونی پێوەندی بەرهەمهێنان، سەرچاوەی پێگەی لێکدژی وەکو یەک لە تێکڕا، دەروونی کۆمەڵگای سەرمایەداری، سەرچاوە لە ئەندێشەیەک دەگرێت کە بەوپێیە، کرێکاری هەمەلایەنی بابەتییەکەی، لە دەروونی پێوەندی بەرهەمهێناندایە. بەڵام هەمان مانا لە ڕوانگەی زارەکی بەرگری لێناکرێت. ئەگەر پێگەی کرێکاری دەروونی پێوەندی بەرهەمهێنان، بڕیارە پێگەیەکی بابەتی بێت، دەبێت کرێکار ببێتە فرۆشیارێکی هێزی کار، فرۆشیارێک کە هێزی کاری وەک کاڵایەک بە سەرمایەداری دەفرۆشێت. بۆیە ئێمە لەم دۆخەدا، پێناسەی هیچ شەڕ یا ئەنتاگۆنیزمان نەکردووە، چونکە مادامێک کە کرێکار بەگژ چەوسانەوەی کاری زێدەبایی سەرمایەداردا ناچێتەوە.

شەڕیش ڕووناداتن؛ دیارە دەبێت ئاگامان لەوە بێت ئەو بەرگرییە لە شیکاری وتەزای فرۆشی هێزی کار، ئەوەش بە لۆژیکی، دەستەبەر نابێت. هەربۆیە لە بەشە جیاجیاکانی شیکارەکەم سەلماندومە، کە شەڕە کۆمەڵایەتییەکان، پێوەندی بابەتی نین، بەڵکو لەپڕ بە دەوری نائەگەرێکی پەتیدا فۆرمۆلە دەبن.

ئاشکرایە بۆ دەرچوون لەو کوێرە ڕێیە زارەکییە، دەبێت پەنا بەرینە بەر مانای دووەمی دەربڕینی ژێژەک (مانایەک کە ژێژەک بەهۆی تێکڕای سیستەمی فکریەکەی خۆی لێدەپارێزێت). مانای دووەم: سەرمایەداری ناوکی شتێکی خۆیی لە کرێکاردا نییە، کە پەیوەندی بە وتەزای فرۆشتنی هێزی کارەوەیە، لە ناکاو کرێکار کەوتۆتە هەمەلایەنی ئەو گوتەزایەوە (ڕاستە کرێکار بە حەقدەستێکی کەمتر لە ڕادەیەکی دیاریکراو، توانای گەیشتن بەلانیکەمی ڕادەی خەرج، ژیانی خوازراوتر و تریشی نییە).

بۆیە شەڕ یا ئەنتاگۆنیزمی دەروونی پەیوەندی بەرهەمهێنان نییە، بەڵکو دەکەوێتە نێوان پەیوەندی بەرهەمهێنان و شتێکی دەرەوەییەوە. بە دەستەواژەیەکی تر، جەمسەرەکانی شەڕ بەهۆی پەیوەندی پێکەوە نەبەستراو پێکەوە دەبەسترێنەوە؛ واتا، بۆخۆیان بەیەکەوە نائەبان. کاتێک کۆمەڵگا بەهۆی شەڕەکانەوە دەبێتە تۆڕ، جۆرێک نائەبایی لە ناخی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا سەرهەڵدەدات.

ئاکامەکانی خولانەوەیەکی لەم چەشنە لە چەمکی فەزای تەباو پڕبوو یەکسەر خۆیان پیشانی فەزایەک دەدەن، کە نائەبایی بەهێزکەرو خودی خۆیەتی. لە سەرەتای یەکەم، ئەو باوەڕەی کە شەڕی کۆمەڵایەتی لەجۆری نائەبای خۆ لێنەدزراوە دەردەکەوێت، پێویستی ئەو ڕاستییەیە، کە پەیوەندی ئەنتاگۆنیستی یا شەڕ تەوەر، لە ڕوانگەی چەمکیەوە، هەرگیز تێگەیەنراو

نابێت. هیچ ڕۆحێکی ڕەها نییە، کە بکرێت بدرێتە ئەو ناوەرۆکە واتایی و دیاریکراوە.

مانای وایـە کە ئەو دوو جەمسەرە پەیوەندییان بە فەزایەکی هاوبەشی پیشاندەرەوەوە نییە. لێرەدا ئێمە تەواو لەگەڵ بارودۆخەکە داین: پەیوەندی سێکسی نییە. بێگومان نەیدەتوانی بەم بڕیارە، بڵێت پەیوەندی سێکسی لەنێوان تاکەکاندا نییە، بەڵکو مانای بڕیاری ناوبراوە کە هیچ فۆرمۆلێکی سادەی سێکسی نییە تا جەمسەرەکانی ناوبراو و مێینە لە ئانوساتێک و تەواوکەر بێت. ئەوەیەک لە دەرەوەی بنەماییە، کە ناچێتە ژێر هیچ مەیدانێکی هێماییەوە. ناتەبایی ناوێکی ترە بۆ کاری ڕاستەقینە.

تەواو ئەو مەسەلە ئاشکرا دەکات کە بۆچی ژیژەک ناتوانێت لە کاری ڕاستەقینەی لکاندن بگات. ئەگەر ڕووی بەرهەمهێنان بەوجۆرەی حاڵی دەبێت ماتریسی ڕووکـاری - باڵادەستی کاری کۆمەڵایەتی بێت، دەبێت لە دەرەوەی جووڵانەوەی دەروونـی خودی ماتریس لە هەموو شتێکی ناو کۆمەڵگا تێگەیەنراو بێت؛ بۆیە لەمەودوا شوێنێک بۆ ناتەبایی (ئامادەیی کاری ڕاستەقینە) نامێنێتەوە. مامۆستا ژیژەک بە کاری ڕاستەقینە، دەروونی ناوەرۆکی ڕواڵەتی باڵادەستی، بە تەواوی دژی بنەما بەرایییەکانی بیردۆزەی لکاندنە. ئێرە سەرنجڕاکێشە، کە پێگەخوازییەکانی ئیپریالیزمی و ئەبیستمۆلۆژی تایبەت بـەڕووی بەرهەمهێنان، لەناو خودی نەریتی مارکسیستی، زۆر پێش ئێستا، دابـەزی بوون. تەنیا ئاماژەی بە بوون باوەڕی کتێبی خوێندنەوەی سەرمایەی وێرانکردووە، یەکگرتویی شاراوەی لە ڕواڵەتبەندییەکی کۆمەڵایەتیدا پیشانداوە، بەدەر لە ماتریسی ڕووی بەرهەمهێنان، هەرگیز شایانی تێگەیشتن نییە.

لەگەڵ ئەوەشدا، پێدانی دەورێکی لەو چەشنە بەهێزکەر بە ناتەبایی، ئاکامێکی گرنگی تریشی بەدوادایە، چونکە وتەزای شەڕی چینایەتی لەهەموو لایەکەوە هەڵدەتۆقێ. ئێستا لە خاڵە گرنگەکانی ئەو مەسەلەیە دەکۆڵینەوە.

1. ئەگەر شەڕەکانی دەرونی پەیوەندی بەرهەمهێنان نەبن، بەڵکو بکەونە نێوان پێوەندی بەرهەمهێنان و ڕەوتێکەوە کە بکەرانی کۆمەڵایەتی دەرەوەیان ناڕاست دەبێت، مەحاڵە سروشت و سیمبولی شەڕێک تەنها بە شیکارکردنی ستراکتۆری دەروونی پێوەندی بەرهەمهێنان، دیاری بکرێت. ئێمە لە ڕوانگەی ئەزموونەوە دەزانین دەکرێت گرووپەکانی خەڵک کاردانەوەیان بۆ شێوازی جۆراوجۆری چەوسانەوە هەبێت.

هەروەها لە ڕوانگەی زارەکیەوە بەسەرنجدان بە ناتەبایی خودی شەڕەکان دەزانین، ئەمان ناتوانن بە جۆرێکی تر لە زەین بگیردرێن. بۆیە چیدی جێگایەک بۆ قسەی منداڵانە دەربارەی زانیاری درۆ نابێت، بیردۆزەی سادە ڕوانینانە، کە دەستەبژێرانی ڕووناکبیر لە ناویدا پێشتر هەن و لەگەڵ خاوەنێتی ڕاستەقینە، بەرژەوەندی ڕاستەقینەی چینی تایبەتی دابین دەکەن.

2. بەڵام، هێشتا ناتەبایی بە جۆرێکی دی، تەوەریەتی چینی کرێکار لەرزۆک دەکات. هەرچەند پەسندمان کرد، شەڕەکان پێشتر شوێنی دەرەوەیی و ڕادیکاڵیان گریمانە کردووە، بەڵام بەڵگەیەک نییە گومانمان هەبێت ئەو شوێنانە کە لەدەرونی پێوەندییەکانی بەرهەمهێناندان، بە خاڵێکی تایبەتی بۆ سەرهەڵدانی شەڕەکان بگۆڕێن.

سەرمایەداری مۆدێرن، سەرچاوەی جۆرەکانی ناهاوسەنگی و خاڵەکانی قەیرانە: قەیرانە ئەکۆلۆژیکەکان، پەراوێزنشینی و بێکاری، ناهاوسەنگی لە پێشکەوتنی بەشە جۆراوجۆرەکانی ئابوری، چەوسانەوەی ئیمپریالیزمخوازانە و تر و ترە. ئەوە بەومانایەیە کە خاڵەکانی شەڕ زۆر دەبن و ڕاستکردنەوەی

ناوەکی یا هۆکارەکانی پۆپۆلار، دەبێ لەو ناتەباییانەوە دەستپێ بکاتْ. هەرگیز ئەو چاوبەستییە لە دیاریکردنی چینی تەوەر ئاسان نییە.

3. ساختەکاری ناسکاری پۆپۆلار {واتا خەڵک} ئاکامی سێیەمیشی هەیە کە بە دوورودرێژی لە کتێبەکەمدا باسمکردووە. ڕوودانی هەرجۆرە ناسنامەیەکی چینایەتی سنوردار، بەهۆی لۆژیکە هاوبەهاییەکان، دەبێتْ ئەو واقیعیەتەی لە زەین دابێتْ کە هاوبەهاییەکان لەژێر ناوەندێک (substratum) لە داواکارییەکانی خۆیدا ناتەبا پێکدێن.

بە دەستەواژەیەکی دی، جۆری یەکگرتنێک کە ڕەنگە لەو داواکاریانە {ناتەبا} ساختە بکرێتْ، یەکگرتنێکی نۆمیناڵ یا باوەڕانەیە، نەک یەکگرتنێکی چەمکی. بە هەمانشێوە کە پێشتر وتبووم، ناوی بنچینەیی یان سەرچاوە چییە. لەم ڕووەوە ناسنامەکانی پۆپۆلار بەردەوام تەکنیکی (singularity) مێژوویین.

ئێستا دەتوانین وەڵامی ڕەخنەی ژیژەک و ئەوە بدەینەوە، کە بۆ دابەزینی کاری ڕاستەقینە و دیاریکردنی ئەزموونی ناوی ناوە بابەتْ. ئامانجی لەو ڕەخنەیە، بۆ بەشێک لە کتێبەکە دەگەڕێتەوە کە هاتووە: (ڕووبەڕووبوونەوەی ئەلف - با هەرگیز بە تەواوی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەلف -نائەلف ناگۆڕێتْ. با بونی با تەواو دیالێکتیزە نابێتْ. بەردەوام خەڵک شتێک زیاتر دژی دەسەڵاتن. بۆ جۆرێک کاری ڕاستەقینەی خەڵک پێویستە کە لە بەرامبەر توانەوەی لە مەیدانی هێماییندا بەرگری دەکاتْ). (p. 566).

ژیژەک لە دژایەتی ئەم پەرەگرافە دەنوسێتْ: «جۆرێک ترس لە فۆرمۆلبەندی لاکلاودا هەیە، چونکە گومان لەنێوان پەسەندکردنی چەمکی ڕواڵەتی کاری ڕاستەقینە لەپێگەی شەڕێک و کەمکردنەوەی بەدیاریکردنی ئەزمونی بابەتْ هەیە، بەشێوازێک کە ناکرێتْ بەڕووبەڕووبوونەوەیەکی

ڕواڵەتی دابنرێت». مەسەلەی گرنگ لای ژیژەک، دۆزینەوەی ئەو شتەیە کە لەخەڵکدا، دەکەوێتە سەروی ڕوبەڕوبوونەوە بە دەسەڵات، چونکە ئەگەر ئەو شتە لە ڕەگەزی دیاریکردنی ئەزموونی بێت، (ئەوکاتە ئێمە لایەنگری کاری ڕاستەقینە نین کە لەبەردەم توانەوە لە مەیدانی هێماییندا بەرگری دەکات، چونکە کاری ڕاستەقینە لەم حاڵەتەدا شتێک نابێت جگە لە شەڕی ئەلف-نائەلف، بۆیە «ئەوەی لە (ب)دا پێش نائەلفە» کاری ڕاستەقینەی دەروونی با نییە، بەڵکو دیاریکردنی هێمایینی (ب)یە). (p. 567).

ئەو ڕەخنەیە بە تەواوی سمپتۆماتیک و نەخۆشانەیە، چونکە پیشانی دەدات ژیژەک چەمکی کاری ڕاستەقینە، شەڕو ناسنامەی پۆپۆلار ناناسێت. دوو هەڵبژاردەی بۆ دەمێنێتەوە: یان ڕووبەڕوی دیالێکتیکی بووینەوە (ئەلف – نائەلف)، یان ڕوبەڕووی دوو ڕووی ئەزمونی بابەت بوینەوە (ئەلف -بێ)، ئەوەی کانت ناوی دەنێت Realreugnanz. ئەگەر بەدیلی تەنراو بە تاک دەبو، ئاشکرایە (بێ) بوون لە زێدەبایی نائەلف بەهۆی سروشتێکی ئەزموونی بوو ژیژەک دەیتوانی بە ئاسانی پیشانی بدات، لەم حاڵەتەدا، کارمان بە کاری ڕاستەقینەوە نییە، بەڵکو ڕوبەڕووی دیاریکردنی هێمایینی بابەت بووینەوە. بەڵام ژیژەک خاڵێکی گرنگ لە زەین ناگرێت. ڕاستە کە ئایا من لە (ئەلف)دا ئەو شتەم هەیە دەمویست، ئێستا دەبێت بە ناچاری بەرەو دژەکەی (واتە شتێک کە لە ئەنجامدا بۆ نائەلف کەمکراوەتەوە) بجولێم؟

بۆ باسی پێشوومان دەگەڕێینەوە: ئایا من هەر ئەو شتە لە فۆرمی سەرمایەدا دەستەبەر دەکەم، کە بۆ ئەنجامگیری لۆژیکی شەڕی کرێکاری پێویستم پێیەتی یان نا؟ ئەگەر بەمجۆرە بێت، لێکدژیەک دێتەدی، بەڵام نەک لەجۆری ئەنتاگۆنیستی یان شەڕ تەوەری، چونکە ئەو لێکدژیە، لەناو

کەشێکی هێمایین و یەکگرتوو، تەواو پیشاندراو پەسند وێناکراوە {لێکدژی دیالێکتیکی، بە پێچەوانەی لێکدژی ئەنتاگۆنیستی لە ئاستی هزردا هەیە، لەو ڕوانگەیەوە لێکدژی لۆژیکیە، نەک ماددی} دەکرێت ئەو لێکدژیە ببێتە لێکدژی سەرتاپا هێماییین، بۆیە ئێمە سەروکارمان لەگەڵ کاری ڕاستەقینە نییە. کەشی ساختەکار کە دەوری دژایەتی ئەلف – نائەلفی داوە، کەشێکی تەواو پڕە، کەشێک کە لەو هەمو بەدیلە شیاوانەدا بەهۆی ڕوبەڕوبوونەوە یا دژایەتی ناوبراو بەرهەمدەهێنرێن و ئۆقرە (intrerruption) ناگرن.

هەر بەو هۆیەوە، کە جیهانی دیالێکتیکی هیگڵ، بە بەرزەفڕی بۆ گەیشتن بە تەبایی نێوان سیستەمی ئەنتیک و ئەنتۆلۆژیک، ناکرێت کاری ڕاستەقینەی پەنهان لە ئەنتاگۆنیزمدا شیکار بکات، شیکارێک کە بە ڕاشکاوی پێویستی هەڵوێستە یان درزی کەشی پڕبوی (هێماییین)ە. چەمکی شەڕ یا ئەنتاگۆنیزم لای ئێمە، لەبری دیاریکردنی بابەتێک، لە ڕاستیدا، ڕێگایەکی ترە بۆ ناولێنانی کاری ڕاستەقینە و پێشگریمانەشی دەبێت لە هەرجۆرە کەشێکی پڕبوی ئەلف – نائەلف خۆبدزینەوە.

ئێستا ئەگەر بچینە سۆراخی دووەمی بەدیلی ژیژەک و جەخت لە (بێ) بونی دیالیکتیزە نەبوونی بێ بکەینەوە، ئایا ڕووبەڕووی فەزای هاوشێوە–واتا کەشی پڕبوو – نەبووینەوە؟ ئەگەر ئەو زێدەباییە بەهۆی ڕووی ئەزمونی بابەت دیاری بکرێت، وەڵام بەڵێیە. لەمەودوا فەزایەکی وا تەواوو هێماییین بوو فەزایەکی دیالێکتیکی نییە، بەڵکو فەزایەکی جیاوازی دانەرانە یان ئاماژەناسیە، لەگەڵ ئەوەشدا، خودی پیشاندەرەوە پەسندی واتایی ئەو کەشە هێشتا لایەنی دیاریکردنی دەبێت. لێرەدایە کە دەرەنجامی شیکارەکەمان لەبابەت ناتەبایی دەستەبەر دەبێت.

ئێمە لە باسەکەی پێشوومان، ڕامانگەیاند شەڕەکان لە پێوەندی بەرهەمهێناندا نییە، بەڵکو لەپێوەندی بەرهەمهێنان و ڕەوتێک دەکەونەوە، کە هەڵسوڕاوانی کۆمەڵایەتی، لە دەرەوەیان ساختەکاردەبن. مانای وایە کە چەوسانەوە لەسەرمایەداریدا، بەرهەمێکی هەڵوێستەکەر (intrerruptive)ە. ئەو بەرهەمە، هەروەک دیتمان، هاومانای کاری ڕاستەقینە لەشەڕ یا ئەنتاگۆنیزمدا پەنهانە. لەو ڕووەوە، ئامادەیی شەڕەکان پڕبوونی ناسنامەیەک لە هەڵسوڕاوانی کۆمەڵایەتی دریغی دەکەن؛ بەم شێوەیە جۆرێک پڕۆسەی ناساندنی کەسێتی (identification) پێکدێت کە بابەتە دەستنیشانکراوەکانی، ئامانج و هاونمونەیان بەناوەکانی ئەو پڕبوونە یا تەواوو نا ئامادە دەگۆڕێن (ئەمان بۆ «پێگەی شت هەڵدەکشێن»). ئەوە هەمان مانایە کە لە بێ بوونی بێ دەیزانین. دیاریکردنی تایبەتی بۆ نموونە با، بابەتێکی ئەزموونی نییە، بەڵکو بابەتێکە کە پیشاندانەوەی پڕبوونێکی لێوڕێژ بوو لەبەشی ئەنتیک یا بوونی، دراوەتە بابەتێک {واتە ناسنامەی بابەت جگە لە هەڵگری بۆچوونێک یا پیشاندانەوەی لەسەر بابەت شتێک نییە، یا بەدەربڕینی سادەتر، بابەت ناسنامەی پێشووی نییە}.

بەمەش دەتوانین ببینین بەدیلی پێشنیاری ژیژەک تووشی بەدحاڵی ئاشکرا بووە. یەکەم مەبەستی لە کاری ڕاستەقینە هەبوو لەشەڕ یان پەیوەندی ئەنتاگۆنیستی، پەیوەندی دیالێکتیکی ئەلف- نا ئەلفە، پەیوەندیەک کە لەناویدا، پیشاندانەوە پەسەندی تەواوی هەردوو جەمسەری پەیوەندی، ماهییەتی لێکدورخستنەوەی کاری ڕاستەقینە لەبەین دەباو دووەم ئەو بێ بوونی (بێ) {واتا دیاریکردنی (بێ)} بۆ دیاریکردنی ئەزموونی بابەت دادەبەزێنێت و لەم ڕووەوە، ئێکڕای لۆژیکی بابەتی (a)ی سمۆڵ لەبەرچاو بزر دەکات. لە ژیژەکدا هیچ شتێکی باوەڕ پێکراو نابینرێت.

## ڕەچەڵەکناسی خەڵک

دەبێ لە قۆناغی داهاتودا لە ڕەنگدانەوەی ناتەبایی بونیاتنەری هەڵسەنگاندن یان ساختەکاری ناسنامە کۆمەڵایەتییەکان بکۆڵینەوە. تا ئێستا هەندێک لایەنی ئەو ڕەنگدانەوەیە ئاشکرا بووە. لە یەکەم هەنگاودا، دیالێکتیکی تەباسازی ناتەباسازی دەبێت بە لەبەرچاوگرتنی پێشینەی ناتەباسازی تێگەیەنراو بێت.

لە ڕاستیدا هیچ دامەزراوەیەکی کامڵ، هیچ سروشتێکی سروشت ئەفرێنەر (natura naturans)، ئاماژە بەم چەمکە لای سپینۆزا نییە، بەدەرلەوەی جومگەبەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئاشکرا دەکەن. جومگەبەندیەکانی سەرخان شتێک نین، ئەمان یەکەم مەیدانن کە بەرناس یا بابەتێتی کۆمەڵایەتی، تێیدا ساختەکاری دەکرێت.

ئەو هەڵسەنگاندنە یا ساختەکاریکردنە بە مەرجی شیمانەیی جومگەبەندی لواوە، چونکە ئەو جومگەبەندیانە لە کۆمەڵێک ئەنسامبلەکانی {کۆمەڵەگەلێک} پەیوەندین، کە لە هیچ لۆژیکێکی دەروونـی جگە لە واقیعیەت پێکەوە پەیڕەوییان ناکەن. دیارە مانای وانییە کە جومگەبەندییەکان لەهەر ڕوویـەک و هەموو کاتێک گەشە دەکـەن. لەپڕ بە پێچەوانەوە، شێوەبەندییە هەژمۆنیکەکان دەتوانن بەردەوامیەکی زۆریان هەبێت، بەڵام ئەو بەردەوامیە، بۆخۆی، ئاکامی بنەماییە کە بە نۆرەی خۆی، بەرهەمی زۆرینەیەکی نێوان تۆخمە ناتەباکانە. بەردەوام تەبایی دەستەبەر دەبێت، نەک پێشتر درابێت. جۆرج باتا لەم مەیدانەدا زۆر کاریکردووە. لایەنێکی تری شیکارەکەی پێشومان، بۆ پێشینەی کاری سیاسی پێکهاتەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێنەوە.

لێرەدا دەبێت ئاشکرا بێت کە من بەهۆی چەمکی کاری سیاسی لە مەیدانی ناوچەی کردە ناگەم، من لە ڕێگای شرۆڤەی هەڵسەنگاندنی شیمانەیی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئەو مەیدانە شیکار دەکەم. هەر بەو هۆیەیە کە وتەزای هەژمونی، پێداویستی تەوەریەکەی شیکارکردنی کۆمەڵایەتییە. ئەو دەرئەنجامەی کە وتەزای بە ناونیشانی شێوەبەندییە هەژمۆنینیکەکان، جێگرەوەی چەمکی ڕوو یان شێوەی بەرهەمهێنان وەکو تەواویەتی خود لەخۆ بگرن (self–embracing) و لەگەڵی دەکەوێت. بەڵگەی ئاشکران، ئەگەر ڕووی بەرهەمهێنان، لە دەرەوەی خۆی، هەلومەرجی ئامادەبوونی بڕەخسێنێت، واتا ئەگەر ئەو هەلومەرجانە لە دەرەوە بڕەخسێن و سەرخانێکی ئابووری نەبن هەلومەرجی وا.

لەڕاستیدا، لایەنی دەروونی دیاریکردنی تەواویەتی بەرایی و کۆمەڵایەتی دەبوو. جێگرەوەیەکی لەو چەشنە، {واتا جێگرەوەی چەمکی شێوەبەندی هەژمۆننیک لەگەڵ شێوازی بەرهەمهێنان}، کاتێک ئاراستەتر دەبێت کە پەیوەندییەکانی نێوان بەشەکان و خاڵەکانی پڕۆسەی ئابووری بێنینەکایە، ئەو پەیوەندییانەی کە بۆخۆی، ئاکامی جومگەبەندییەکانی هەژمۆنیکن.

بەڵام دەبێت ڕەهەندی تر لەزەین بگرین، کە ئەگەر ناتەبایی ڕاستکردنەوەیی یا بونیاتنەر بێت، بەردەوامی جومگەبەندییە هەژمونییەکان، لەکاتی گێڕانەوەی ساختەکاری دەکرێت، کە بۆخۆشی ڕاستکردنەوەیە؛ ئەو گێڕانەوەیە، هەڵگەڕانەوەی پڕۆسەیەکی لۆژیکیانەی دەرخەر نییە {واتا پەیوەندی تەکنیکەکانی ناتەبا، گێڕانەوەیەکی لۆژیکی نییە، بەڵکو سەربە لۆژیکی هەژمونییە، شتێک کە لاکلاو زۆرجار دووبارەی دەکاتەوە}.

مانای وایە کە ڕەنگدانەوەی ناتەبایی لە شێوازی ڕاستکردنەوە یا ساختەکاری بوونی ناسنامە کۆمەڵایەتییەکان، بۆخۆی، شێوەیەک لە سیستەم شکێنی (دووبارە، هێرشی کاری ڕاستەقینە)، کاری تەبا، کاری ناتەبا پشتڕاست دەکاتەوە. بە هەمانجۆر کە دەزانین، مارکسیزم، بە دەوری چەمکی یاسا پێویستەکانی مێژوو ڕێکخرا، بەڵام ئێستا دەبێ شێوازێک لە زەین بگیرێت کە تێیدا، چی دی ناتەبایی {نەک ئەوی دی لەبری هەمان دوالیزمی «aterite}، بەڵکو ئەوی دی لەجیاتی کاری جیاواز دەکەوێتە بەر پەلامار، پەلامارێک کە کتووپڕ لە قەڵەمڕەوی وتاری مارکسیزمی ڕووی داو جارێکی دی سەرهەڵدانی خەڵکی لە پێگەی هەڵسوڕاوی نایاب و مێژوویی بوو، دەکرێت بەم شێوەیە باسی ڕەچەڵەکناسی خەڵک بکرێت.

ژمارەیەک خاڵی زۆرن، کە مارکسیزمی کلاسیک، وەکو مەیدانی تەبای ڕووی وتاری، لەوێ، بەهۆی کارێکی دەسەڵات هەڵنەگری ناتەبای ناو سیستەمی وتەزاکانی، تووشی هەڵوەستە دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە تەنها ئاماژە بە ئەزمونی لینینستی دەکەین، هەم لەبەر تەوەرییەتەکەی، دەرونی وەهمی سیاسی چەپ و هەم بەم بەڵگەیە، کە نمونەیەکی باشی جۆری قەیرانی سیاسی و تیۆریکی پیشاندەدا کە دەمانەوێ ئاماژەی پێبکەین. بنەماکان ژمارەیەکن کە وەکو کەشی لەباری پیشاندانەوەی گوتاری ڕێسای بەمارکسیزمی کلاسیک بەخشی. یەکێکیان گریمانەی سرووشتی چینایەتی بکەرانی مێژوویە. دووەم وێنای سەرمایەداری بەردەوامی قۆناغێکە کە لەژێر هەژمونی لۆژیکی ئابووری و لە دەروون دیاریکراوە. سێیەم و گرنگترینیان لە باسەکەماندا، چاوپێداخشاندنەوەیەکە، کە تێیدا ئامانجی ستراتیژی چینی کرێکار تەواو سەر بە قۆناغی کامڵبونی سەرمایەدارین.

ڕوسییەک کە بۆخۆی لە پڕۆسەی پەڕینەوەیە بۆ کۆمەڵگای سەرمایەداری و ڕووخانی ستەمکاری ناوی، تەنها بەهۆی شۆڕشی بۆرژوا دیمکراسی ڕەخسا، دەیتوانی هاوتای سیمبولی هاوشێوەی خۆراوا، ڕێگا بۆ قۆناغی دوورو درێژی گەشەی سەرمایەداری بکاتەوە.

هەموو ئەو سیناریۆیە تەبای پێشبینیەکان و چاوپێداخشاندنەوەی ستراتیژی مارکسیزمی کلاسیک بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، جۆرێک پشێوی ناتەبا هەبو ئەگەر بمانەوێت سوود لە وشەکانی ئەو قۆناغە وەرگرین، «ئاوارتە»یەک کە بارودۆخەکەی ئاڵۆزتر دەکرد: بۆرژوازی ڕووسی زۆر درەنگ دەستی بە بازاڕی جیهانی سەرمایەداری گەیشت و لە ئەنجامدا، لاوازبوو نەیتوانی شۆڕشی دیموکراسی بکات. ئەو کارە لەیەکەم مانفێستی سۆسیال دیموکراسی ڕوسیە ئاشکرا بوو، مانفێستێک کە پیتەر ستروّڤ نووسی، نەک پلیخانۆفی دەمارگیری سەرسەختی کە وەک دەوری سەرۆکایەتی لە شۆڕشی پێشوو باسی بۆرژوازی دەکرد. لەو بارودۆخەدا، دەبوایە ئەرکی دیموکراسی بکەوێتە ئەستۆی چینی جۆراوجۆرەوە (بە باوەڕی لینین، یەکیەتێکی کرێکاری و جوتیاری، بە باوەڕی ترۆتسکی، چینی کرێکار).

کە سۆسیال دیموکراتەکانی ڕوس، پەسەندکردنی ئەو ئەرکەیان لەلایەن چینێکەوە ناونا هەژموونی، کاری سمپتوماتیک یان نەخۆشانەیە، چینێک کە لە ڕاستیدا سروشتی ئەو ئەرکەی هەڵنەگرتووە؛ بەم شێوەیە، ئەو وشەیان خستە ناو زمانی سیاسییەوە. ئێمە لێرەدا شایەتی ناتەباییەکین، کە بەردەوام ڕێسای گوتەزاکانی مارکسیستی لە ڕێسمە دەبات. وتارەکانی لینین و ترۆتسکی هەوڵێکی بەردەوام بۆ جڵەوکردنی ئەو دوو ئاکامە ڕێساشکێن بوون. مەسەلەکە ئەوە نەبوو کە ناسنامەی چینایەتی چینی کرێکار لەئاکامی قبوڵکردنی ئەرکی دیموکراسی دەگۆڕا یان ماهیەتی خودی ئەرکەکان، کاتێک

تووشی گۆڕان دەبوو، کە کرێکاران بۆخۆیان هەڵیانگرتبوون. بۆچوونی لینینستی لە یەکییەتی کرێکاری، لەم ڕوانگەیەوە، ڕوون و ئاشکرایە: (مانگرتنی بەکۆمەڵ و ڕێپێوانی بەجیا)، لە یەکێکی دیکە، تێکڕای لۆژیکی شۆڕشی بەردەوام، لەسەر بنچینەی جۆرێک بەردەوامی قۆناغەکانی شۆڕش وەستاوەتەوە، لۆژیکێک کە تەنها کاتێک مانای هەیە کە سروشتی چینایەتی بکەران و هەم سروشتی ئەرکەکان، لە بارودۆخی پێشوودا پارێزرابێت. بەم حاڵە، (ڕیزپەڕی) بارودۆخ، تەواو و بەکاتی دەزانرێت، تەنها کاتێک توانای شۆڕش لە روسیا بەردەوام دەبو، کە سەرکەوتنی سۆسیالیستی لە وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری خۆراوا ڕوودەدات. ئەگەر وا دەبێت، دیسانەوە کاری دەرەوەیـی ناتەبا بەهۆی گەشەیەکی نۆرماڵ و ڕاست ئاینەوە ڕادەکێشرێنەوە.

شکستی شۆڕش لە خۆرئاوا، بەهۆی کاریگەری گرنگی، گرنگیەتی تایبەتی هەبو، بەڵام لە ڕووخانی نەرێنخوازی مارکسیزم نەرێنێک (بۆ نمونە جۆر و بەشی مۆدیلە ڕووسیەکانی مارکسیزم) هێندە گرنگ نەبوو. ئەوە ڕوانگەی لینینستی بوو بۆ نێودەوڵەتی بوون، کە بەرایی ڕووخانێکی وای ڕەخساند. سەرمایەداری نێودەوڵەتی، لای لینین، ڕاستی سیاسی بوو نەک تەنیا ڕاستی ئابووری؛ سەرمایەداری ئینتەرناسیونالی زنجیرەیی ئیمپریالیستی بوو. لە ئەنجامدا، ئەگەر قەیرانێک لە یەکێک لەو زنجیرانەدا ڕووی دەدات، لە پێوەندی هێزی زنجیرەکانی دیکەدا هاوسەنگی تێکدەچێت.

چارەنووسی زنجیرەی وا پارچە پارچەبوونی لاوازترین پەیوەندی بوو، دیـارە لە زۆربـەی کۆمەڵگا گەشەکردووەکانی خـۆراوادا، هیچ گرەنتیەک بۆ پارێزگاریکردن لەو پەیوەندییانە نەبوو. هەڵبەتە بارودۆخ بە پێچەوانەی وازانینێکی وا پێشکەوت. ئاشکراترین ڕەنگدانەوەی پچڕانێکی

لەو چەشنە، چەمکی کامڵبونی ناهاوسەنگ و بەیەکەوە بەستراو بوو، پچڕانێک کە لە بەردەوامی ڕێکوپێکی بەشە مێژووییەکانی هەر کۆمەڵگایەک ڕوودەدات. کاتێک کە ترۆتسکی لە دەیەی 1930 وتی ئێستا لە سەردەمی ئێمەدا، کامڵبونی ناهاوسەنگ و پێکەوەبەستراو، مەیدانی شەڕی کۆمەڵایەتییە، لە راستیدا بڕیاری مردنی نەریتخوازی سنورداری نێودەوڵەتی دووەم و سێیەمی درێژکردەوە (دیارە بێ ئەوەی بۆخۆی ئەوە ئاڕاستەی بێت).

بۆچی وابو؟ چونکە چەندی کامڵبون ناڕێک و پێکەوەبەستراو، بە شێوازێکی قووڵتر، پەیوەندی نێوان ئەرک و بکەرانی تێکی دەدەن، ئەگەر تەرخانکردنی ئەرکەکان بۆ هۆکاری سروشتی، دیاریکراو و پێشبینی کەمتر دەبێت و دەتوانی بکەری کەمتر بدۆزیتەوە، کە ناسنامەی سەربەخۆی ئەرکی گۆڕاویان هەبێت. بۆیە دەچینە مەیدانێکەوە ناوی دەنێین مەیدانی جومگەبەندی سیاسی شیمانەیی؛ بە پەڕینەوە لە {مەیدانی} نەریتخوازی دەمارگیر بۆ {مەیدانی شمولگەرا} ناسنامەی گشتگیرتر و پۆپۆلار هەنگاو دەنێین. تەنها کاتێک ئامانج و ئایدیالی هەموو ئەو گرووپانە دێنەدی، کە لە شەڕی دەسەڵات بەشدارن، گرووپەکانی وەها بە شێوازی هەژمۆنیک، هەمەلایەنی هێزەکانی باڵادەست بەسەر خۆیدا کار بکەن، شتێک کە گۆڕانی خودی ناسکاری یان لایەنی بکەری گرووپێکی لێدەکەوێتەوە. گرامشی لە ئاماژە بەم مانایە باسی ئیرادەی هاوبەش و گرووپی دەکات. بانگەشەی ژیژەک لەسەر ئەو بنەمایە لە بنچینەوە سستە و پۆپۆلیزم لەو مانایەدا فڕی بەسەر کۆمۆنیزمەوە نییە کە دەرمانبڕی.

ماو لە (ڕێپێوانی دوورودرێژ) (long march) جگە لە ئەفراندنی جۆرێک ناسنامەی پۆپۆلاری بەرینتر چی کرد؟ تەنانەت باسی (لێکدژی

دەروونـی خەڵک)ی کردو وتـەزای خەڵکی لەجیاتی شتێکی نەفرەت لێکراوی مارکسیزمی کلاسیک پێناسەی کردەوە. ئێمە دەتوانین وێنای کارەساتێکی وا ترسناک بکەین، کە تیتۆ لە یوگسلاڤیای ژیژەک دەیتوانی بەدی بێنێت؛ ئەگەر تیتۆ لەجیاتی بانگهێشتکردنی جەماوەری زۆری خەڵک بۆ بەرگریکردن لە بەرامبەر داگیرکاری دەرەکیدا، کەمێک ئاوڕی لە کرێکاران دەدایـەوە، خەڵکی دەستەبەر دەکرد. لە جیهانی ناتەبا {ئێستا}، تا کاتێک کە ناسنامەی ناوچەیی، (sectorial identity) لەبری خاڵی بەرایی بۆ ساختەکاری ئیرادەیەکی بەربڵاو و پۆپۆلار تێگەیەنراو نابێت، هیچ کردەیەکی سیاسی مانادار شیاو نییە.

**ڕەخنەکانی تر**

لە کۆتاییدا چەند ڕەخنەیەکی ژیژەک لە کتێبەکەم دەمێنێتەوە، کە نیازم نییە بێ وەڵام بیانهێڵمەوە.

ژیژەک بە ئاماژە بە جیاوازی نێوان وتەزای دالی کۆتای من و چەمکی بۆشایی، لەڕاستیدا، پێکەوە بەراوورد ناکرێن. کۆتایی خەڵک، یا بە مانای کۆتایی دالی هەژمۆنیکیە، کە زنجیرەکانی هاوبەهایی تێکڕا دەکـات، یان بە جۆرێکە کە ناوەرۆکی لاوەکی خەڵک، لە ڕواڵەتی بەرجەستەبوونی تێکڕای کۆمەڵایەتی (دالی ماهیەت) دەبێت؛ ئەوە لە کاتێکدایە کە بۆشایی شوێنی دەسەڵاتی {لە بیردۆزەی لۆفۆر}، مەودایەکە کە هەرجۆرە هەڵگرێکی دەسەڵات ناکارای شیمانەیی و دەکاتە کاتی(p. 559) . من دواکەسی ڕەتکەرەوەی ئەو جیاوازیە دەبم کە ژیژەک پێی ڕازیە. ژیژەک بە وەرگرتنی وتەیەک لە کتێبەکەم بەمجۆرە ئاماژە بە بابەتەکە دەکات: (بە باوەڕی من، بۆشایی یا کۆتابوون، جۆرێک

ناسنامەیە، نەک شوێنی بنەمایی) (p. 559). ساڵانێک لە بەرامبەر مەیلی ئەوانی دی بۆ هاوشێوە زانینی بیردۆزەکانی خۆم بەرگریم لە ئەندێشەکانی لۆفۆر کرد، مەیلێک کە ڕەنگە لە دوو شیکاردا پەیوەندی بە وشەی پووچەوە هەبێت.

دیارە جیاوازی چەمکی بۆشایی لەم دوو ڕێکارەدا بە مانای ئەوە نییە، کە هیچ پێوەرێکی نێوانیان ئاسان نییە. ئەوەی ژیژەک لە ئەندێشەی (هەرجۆرە هەڵگریکی دەسەڵات، هەڵگرێک «ناکارا»، شیمانەیی، کاتی»ە)، دەي پارێزێت تەنها ئەگەری جێگرەوەی تری هەڵگرەکانی دەسەڵاتە؛ هەرگیز سەرنجی بۆ کاریگەریەکانی کارایی خەسڵەتی وەک ناکارا، شیمانەیی و کاتی بەسەر ناسنامەی هەڵگرەکانی ناوبراو نییە. دیارە بەسەرنجدان بەبێ ئاگایی تەواو و نەبووی ژیژەک دەربارەی لایەنی هەژمۆنیکی سیاسەت، ئەو کارە هێندەش سەیر نییە).

ژیژەک دەرحەق جووڵانەوەی دژی جوداخوازی ڕەگەزی لە ئەمریکا کە مارتین لۆسەر کینگ کەسایەتی ناسراوی بوو، دەڵێت: (هەرچەند ئەو جووڵانەوەیە هەوڵدەدات داواکارییەکان جومگەبەندی بکات، کە لە دامەزراوە دیموکراسییەکان یەکلانەکرابۆوە، بەڵام بە هیچ مانایەک ناکرێت بە پۆپۆلیستی دابنرێت) «p. 560».

دیارە هەموو شتێک بۆ پێناسەی پۆپۆلیزم دەگەڕێتەوە. ئەگەر مانای باوو سنورداری پۆپۆلیزم لە زەین بگرین، کە دیارە بەهۆی مانای ئاماژەگەرانە و دابەزێنەری، بە مانای (خەڵک خەڵەتێن) نزیکدەبێتەوە، گومان نامێنێتەوە، کە جووڵانەوەکانی تایبەت بە مافە مەدەنییەکان ناتوانن پۆپۆلیستی بن. بەڵام ئەو مانایە هەرئەو شتەیە کە من لەهەموو کتێبەکانمدا ڕەخنەم لێگرتووە. بەڵگەم ئەوەیە، کە ساختەکاری خەڵک لە

پێگەی هەڵسوڕاوی کۆمەڵی، پێویستی بە گەشەی چەمکی پۆپۆلیزمە بۆ زۆربەی جووڵانەوە و دیاردەکان، ئەو بابەتانەی کە پێشتر بەباوی لەو تەیفەدا جێیان نەکرابۆوە. لەم ڕوانگەیەوە، هیچ گومانێک نامێنێتەوە، کە جووڵانەوەی مافە مەدەنییەکانی ئەمریکا، لە زۆرلای جیاوازەوە گەشەیان بە لۆژیکی هاوبەهایی داوە و سڕینەوەی ئەم کارەی یەکییەتی ستەمدیدەکان لە مەیدانی گشتی ئاساندەکات.

بەڵام لەکۆتاییدا دەمەوێت ئاماژە بە ڕووداوێک بکەم، بەو هۆیەی کە ژیژەک باسیکرد. من لە گفتوگۆیەکدا لە بۆینس ئایرس لەپڕ ئاماژەم بە گفتوگۆیەکی ژیژەک کرد کە لە ڕۆژنامەیەکی تری بۆینس ئایرس بڵاوبۆوە؛ لەو چاوپێکەوتنە وتبووی کێشەی ئەمریکا ئەوەیە، کە جیهانی کار دەکات و ناوخۆیی بیردەکاتەوە و لەو ڕوانگەیەوە ناتوانێت دەوری پۆلیس ببینێت. من بەهۆی ئەو ئامۆژگارییەی ژیژەک کە داوای لەئەمریکا کردبوو جیهانیانە بیربکاتەوە و ڕەفتار بکات ئەنجامگیریم کرد و لەڕاستیدا لەئەمریکای دەوێ بۆ چینی جیهانگر بەمانای هیگڵی، مارکسیستی وشە بگۆڕێت. ژیژەک لە وتارێکی بڵاوبۆوەی Critical Inquiry بە تووڕەییەوە کاردانەوەی لە بەرامبەر ئەوەدا پیشانداوە، کە بە (دووژمنایەتی پێکەنیناوی) خوێندومەتەوە و دەڵێت ئەو ئەوەی لەبەرچاو بووە (کە ئەو مەودایەی نێوان تێکڕایی و بەش لە ڕوانگەی بنەماییەوە پێویستە، هەر بۆیە وڵاتە یەکگرتووەکان لە ماوەیەکی زۆردا لە ڕاستیدا گۆڕی خۆی هەڵدەکەنێت). (p. 563).

ئێستا بزانین ژیـژەک لە گفتوگۆکەیدا چی وتـووە. ژیـژەک لە وەڵامدانەوەی پرسیاری ڕۆژنامەنووس (ئایا گومان دەکەی پەلاماری ئەمریکا بۆ عێراق بڕیارێکی ڕاست بووە؟) دەڵێت: (پێموایە مەسەلەکە شتێکی ترە. ئایا دروشمی لایەنگرانی ژینگەتان لەبیرە کە «ناوخۆیی بیر بکەیەوە و

جیهانی ڕەفتار بکەیت؟» دەی، مەسەلەکە ئەوەیە وڵاتە یەکگرتووەکان بە پێچەوانەوە ڕەفتار دەکات: «ئەمان ناوخۆیی بیردەکەنەوە و جیهانی ڕەفتار دەکەن. من بە پێچەوانەی باوەڕی زۆربەی ڕۆشنبیرانی چەپ کە بەردەوام سکاڵایانە بەدەست ئیمپریالیزمی ئەمەریکاوە، گومان دەکەم ئەو وڵاتە دەبێ زیاتر بەشداری بکات)، دوای هێنانەوەی چەند نمونەیەک لە ڕواندا و عێراق ئەنجامگیری دەکات: (ئەوە تراژیدی وڵاتە یەکگرتووەکانە: لە قۆناغێکی کورتدا براوەی شەڕەکانن، بەڵام لە قۆناغی دوورو درێژتر دەبێت کۆتایی بە خراپی ئەو کێشانە بێنن کە لە هەوڵی یەکلایی کردنەوەیان دابوون. مەسەلەکە لێرەدایە کە دەبێت بە ڕاستگۆیی زۆرتر دەوری پۆلیسی خۆی پێشان بدات. ئەمان ئەو کارە ناکەن، بۆیە خەرجی جێبەجێکردنی دەدەنەوە «ژیژەک».

دیارە لە ئەستۆی خوێنەرە داوەری بکات کە ئایا من لەو بوارە تایبەتە، کاتێک تێنەگەیشتم کە ژیژەک گوتی ئەمریکا «دەبێت بە ڕاستگۆیی زیاتر دەوری پۆلیسی خۆی پیشانبدات» لە ڕاستیدا، ویستوویەتی بڵێ «لەڕوانگەی بنەماییەوە مەودای نێوان تێکڕایی و بەش پێویستە، هەربەوهۆیە، وڵاتە یەکگرتووەکان بەکردەوە لەماوەیەکی زۆردا گۆڕی خۆی هەڵدەکەنێت» قین لەدڵ و پێکەنیناوی بووم یا نا. ئەگەر وایە جیهان پڕە لەخەڵکی قین لەدڵ و پێکەنیناوی. لەبیرمە کە گفتوگۆی ژیژەک بڵاوبووەوە، من بۆچوونی ئەوانی دیم لەوبارەیەوە لەگەڵ چەندکەسێک لەئەرجەنتین باسکرد و سەرنجڕاکێشە کە هەتا کەسێکیشم نەدۆزیەوە لە ڕاستیدا بۆچوونەکانی ژیژەکی شرۆڤە کردبێت؛ دیارە ئێستا دەڵێت دەبێت ئەو گفتوگۆیە شرۆڤەبکرێ. تەنانەت ڕۆژنامەنوسەکە ڕاچڵەکی کە فەیلەسوفێکی مارکسیستی خوازیارە وڵاتە یەکگرتووەکان دەوری پۆلیسی نێودەوڵەتی ببینێ. ناونیشانی گفتوگۆکە:

(ژیـژەک: دەبـێ وڵاتـە یەکگرتووەکان زیاتر و باشتر دەسـت لەجیهان وەربدات.) (مانای چییە کە بەدی نەهاتنی ئەو ڕاسپاردەیە، «لەڕوانگەی بنەماییەوە، پێویست»ە؟)

لەگەڵ ئەوەشدا، بۆچی پێویستە ئەو ڕاسپاردەیە نەیەتەدی؟ لێرەدا ژیژەک پەنا دەباتەبەر هێگڵ: (هیگڵیزمی من لەوێ دامرکاوە: «ئامێری» پڕۆسەی مێژوویی دیالێکتیکی، ڕێک، هەمان مەودای نێوان ڕەفتارکردن و بیرکردنەوەیە). (p. 563) بەڵام ئاماژەی هیگڵ، بەشێوەیەکی تایبەتی، پەیوەندی بە سیاسەتی نێودەوڵەتیەوە نییە، چونکە وتەکەی بەتێکڕایی یا جیهانگر، ئاماژە هەربەو شتە دەکا کە لە جیهاندایە. بۆیە ژیژەک لەوەڵامی پرسیاری ناوبراو، لەسەر ئەو بنەمایەی ئایا ئەمەریکا بۆ هێرشکردنە سەر عێراق لەسەر هەقە یا نا دەڵێ مەسەلەکە ئەوە نیە، چونکە ڕاستە کارەکە جۆرێک مەودای پێویست، لەبنەمای کاری ڕاستەقینەدا، لەنێوان بیرکردنەوە و ڕەفتارکردنی تێدایە. بەهەر شێوەیەک، من لەنهێنی نیەتباشی ئامادەم لێکدانەوەیەک پەسەندبکەم، کە لەوتەکانیدا دەیخاتەڕوو. بەم حاڵە، ڕاسپاردەی هاوڕێیانەم ئەوەیە ئەگەر ئەو بەگشتی تووشی بەدحاڵیبوون بووە، لانیکەم، زیاتر دیقەت لەهەڵبژاردنی وشەکانی بدات.

### یەکلاکردنەوەی چەپی توندڕۆ لە کاری سیاسی

تا ئێستا بەرتەسکانە چەندین وتەزامان خستۆتەڕوو: کاری سیاسی، خەڵک، دالە کۆناکان، هاوبەهایی جیاوازی هەژموونی. تێگەیشتن لە هەریەک لەم زاراوانـە پێویستی بەتێگەیشتنی زاراوەی ترە. پەرتوبڵاوی شەڕەکان و داواکـاری کۆمەڵایەتی، کە دەربـڕی جیاکاری سەردەمێکی سەرمایەداری جیهانی بوونن، پێویستی ساختەکاری سیاسی تەواوی ناسنامە

کۆمەڵایەتییەکانە، شتێک کە تەنها ئەگەری شیمانەی بەرجەستەبوونی هەڵسەنگاندنی پەیوەندی هاوبەهایی نێوان توخمە ناتەبەکان و لایەنی هەژمۆنیکی ناونانە.

بەم هۆیەیە کە تـەواوی ناسنامە سیاسییەکان، وەک پێویست، خەسڵەتی پۆپۆلیستیان هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، بەشێکی تر هەیە کە دەبێت زیاتر جەختی لێبکرێتەوە. ناتەبایی ئەنتاگۆنیستی {بە پێچەوانەی لێکدژی دیالێکتیکی}، بەهەمانجۆر کە پیشانماندات، بەڵگەودەلیلی لەسەر چوارچێوەگەلێک هەیە، کە لە ساختەکاری بەرناسی یان بابەتی کۆمەڵایەتیدا هەن، بەڵام ڕاست هەر بەو هۆیە، ناکرێت ئەو ناتەباییە دەرەوەییەکی تەواوی سیستەمێک بێت کە بەرەوڕووی بووەتەوە. دەرەوەیی یان دەرەکی بونی تەواو بە مانای بارودۆخی تۆپۆلۆژیکە، کە بەهۆی شوێنی ورد لە ڕووبەڕووبوونەوەی سیستەم پێناسەدەکرێت و لەم دۆخەدا، ئەو شوێنە بەشێکە لەسیستەم. دەرەوەیی بوونی تەواو تەنها ڕواڵەتێکی دەرەوەییە.

دەستوەردانی سیاسی ڕاست وەک پێویست بەمانای رڕووبەڕووبوونەوەی سیستەم نییە، بەڵکو زیاتر دەستوەردان یان هەڵوێستەیەکە کە ترمینۆلۆژی مێزگردی {سیاسی} و جومگەبەندی دووبارەی بارودۆخ دەگۆڕێت. شنتاڵ موفە لە کتێبەکەیدا باسی دەوالیزمی ئەگۆنیزم ئەنتاگۆنیزم دەکات و بیرمان دەخاتەوە کردەی سیاسی بە مانای پەسەندکردنی پێگەیەکی دەرەوونی پێکهاتەیەک و مەیدانی دیاریکراو نییە، بەڵکو مانای پەسەندکردنی بەرپرسێتی ساختەکاری هەمان پێکهاتەیە. پێکهاتە یا مەیدانێک کە زۆربەی بابەتەکانی ناوی، خۆیان دەردەخەن. ئەوە مانای هەمان جەنگی بابەتەکانە، وتەزایەک کە ئاماژەمان پێکرد. ئەوە هەمان ئەو شتەیە کە چەپی دەمارگیر، بەهۆیەوە، دەرەوەیی تەواو دەکاتە هاومانای ڕیشەکێشکردنی کاری سیاسی.

دۆزینەوەی نمونەیەکی دەمارگیرتر لە قسەکانی ژیژەک بۆ چەپی دەمارگیر دژوار دەبێت. پەرەگرافی خوارەوە بایەخی ئەوەی هەیە بەگشتی بهێنرێتەوە تا ڕای وردتری لەسەر بدەین.

ئیرادەیەک لێرەدا هەیە تا وەفای بۆ (بە گوژمی باوەڕ) بمێنێتەوە و هەنگاو بۆ چوونەدەر لە مەداری جیهان بهاوێت، ئیرادەیەک، کە لە دەمارگیرترین و ترسناکترین شێوەی، لە ڕووداوی بەناوبانگ، واتا شەڕی ڤێتنام، ڕەنگیدایەوە: دوای ئەوەی سوپای ئەمریکا گوندێکی ناوخۆی داگیرکرد، پزیشکانی سوپا، قۆڵی چەپی منداڵانیان کوتا تا چاودێری زیاتری هاوڕێیانەیان بسەلمێنن. بۆ بەیانی، ویت کینگەکان گوندەکەیان وەرگرتەوە، ئەمان قۆڵی چەپی هەموو منداڵەکانیان بڕی کە کوترابوون.. هەرچەند ئێستا زەحمەتە پێداگری لەسەر مۆدیل یان سیمبولی وردو ڕەها بکەین، بەڵام دەبێت ئەوجۆرە پاشەکشەی لەسەدا سەدی دوژمن، ڕێک لە مانای (مرۆڤ دۆستانە) و مرۆڤایەتیەکەی، بێ تێچوونی، لەبەر نیەتی بەرایی پشتڕاست بکرێتەوە.

دەکرێت هاوشێوەی ئەو کارە لە داگیرکردنی گوندێک لەلایەن سندیرۆ لۆمینۆسۆ ببینی، دوای داگیرکردنی گوندەکە، سەرنجی لەسەر کوشتنی سەربازەکان یان پۆلیسە جێگیرەکانی ئەوێ چڕ نەکردەوە، بەڵکو زیاتر خوازیاری کوشتنی ڕاوێژکارانی کشتوکاڵی ڕێکخراوی نەتەوەکان یا ئەمریکا یان بەرپرسانی تەندرووستی بوو کە یارمەتی ستەمدیدانیان دابوو ئەو دوای وتاری چەند سەعاتە و دان پێدانان وەرگرتنیان لەژێر ئەو ناوە گووللەبارانی کردن، کە لەبانگەشەی ئیمپریالیزم شەریکە تاوانن. وێڕای بێویژدانبوونی ئەو هەنگاوە، دەبێت لە ئاوەزی زیرەکانە بۆ ڕەگوڕیشەی بگەڕێی: ئەمان، نە پۆلیس و نە سوپا، مەترسی ڕاستەقینە نین، دوژمن

کەسێکە کە خائین و پەیمانشکێنە، چونکە (ڕاستی لەبن دەمامک ون دەبێت)، چەندی دوژمن (بێگوناهتر) بن ئەمان «لەڕاستیدا» هەوڵدەدەن هاوکاری ستەمدیدەکان بکەن)، زیاتر لە خزمەتی وڵاتە یەکگرتووەکاندان. ئەم خاڵە باشترین وەشاندنە لە دوژمن، کە دوژمن «بە ڕاستی یاریمەتیمان دەدات»؛ ئەوە هەمان مانای دەسەڵاتدارەتی (sovereignty) و سەربەخۆیی شۆڕشە.[84–Zizek, Savoj, Iraq The Borrowed Kettle, pp. 83] جیا لە ترسی پەنهان لەم خاڵەدا، لەسەر بابەتێک قووڵدەبینەوە، کە لەم باسەدا زۆر گرنگە: شێوازی وەرگرتنی سیاسەتێک کە دەربڕینێکی وا دەخوازێت.

یەکەم تەرخانکراو کە لەم سیاسەتە دەزێنە زەینەوە، ئەوەیە کە تێکڕای چەمکی جومگەبەندی دوبارەی داواکاری شەڕی ڕوانگەکان، تەواو و نائامادەیە. بە ڕێکەوت، ئێمە شایەتی هەوڵێکین بۆ پنەوی یەکگرتنی بلۆکی دەسەڵاتی هەبوو. چەپی دەمارگیر زۆرتر بۆ گەورەترین پارێزەری فرماسیۆنی هەبووی هەژمۆنیک دەگۆڕێت. ئەندێشەی هەوڵ بۆ هەژمۆنیزەکردنی داواکاری لە بلۆکێکی پۆپۆلاری نوێ، لەژێر ناوی بنەمایەک ڕەتدەکرێتەوە.

تاکە ڕوبەڕوبوونەوەی توندوتیژ ئامێزو ڕوو لەڕوو لەگەڵ دوژمن دەکرێت، کردەیەک بێ بەسەر حەق و ڕەوایی بووندا. تەنها ڕوانگەیەکی سەربەدەرەوەیی کامڵ دەتوانێت لە بەرامبەر بارودۆخی هەبوو، دڵسۆزی شۆڕش زامن بکات. لای چەپێکی دەمارگیری وەک ژیژەک، باڵادەستی دەرەوەیی، لەو ڕوووەوە کارێکی زووە، کە دەرەوەییە، بەپێگەی بەهایەکی سیاسی بەرز و بەرگری لە تووندوتیژی لەبەر خودی توندوتیژی. هیچ (دوژمنایەتی پێکەنیناوی) لە ڕاسپاردەم بۆ ژیژەکدا نییە و ڕوودانی ئەوکارە بەو زووانە لە پەرەگرافی خوارەوەدا دەبینرێت:

تێکڕایی (universality) سیاسی نوێ، شوێنی ئاوارتەی، بەبێ هیچ

تابۆیی و هیچ ڕێسایەکی پێشبینی (« مافەکانی مرۆڤ،» «دیموکراسی»)، یان ئاوڕدانەوە لەوەی لە تیرۆر یان ترسان (ڕادەسنکردن)، سەپاندنی زاڵمانەی دەسەڵاتی و گیانی بزواندن ناهێڵێت، دیاری بکەین و کاری مەحاڵ گەورە بکەین... ئەگەر ئەو هەڵبژاردنەی ڕادیکاڵ لەلایەن لیبراڵەکانی هاوڕێی گیانی لەژێر ناوی Linksfaschismus سوکایەتی پێدەکرێت، باشترە، کە ببێت!

ئێستا دەبێ لەخۆمان بپرسین سوژەکانی سیاسی فاشیزمی چەپی چین کە ژیژەک باسی دەکات؟ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە زەحمەتە چونکە ڕوانگەکەی لەبەرامبەر ستراتیژییەکانی چەپ بەتەواوی پەنهانە. بەم حاڵە، کتێبەکەی ژیژەک دەربارەی عێراق سوودی بۆمان دەبێت چونکە چەند لاپەڕەیەکی بۆ قارەمانی کردەی شۆڕشی ڕاستەقینە تەرخانکردووە. ئەو ئاماژە بەسێ قارەمان دەکات: ئەنجومەنیە کرێکارییەکان لە قوتابخانەی ڕوسییە – کە بۆخۆی خودی ئەوانە لە – لەبەینچوو دەزانێ؛ کانودۆس (Canudos) – جوڵانەوەی باوەڕ بەباڵادەستی هەزارەیی مەسیح لە بەرازیلی سەدەی نۆزدەو کەوێڵ نشینانی بەرازیل ، ژیژەک لەم وتەیەی خوارەوەدا باسی شێوازی پەیوەندی دوو قارەمانی ئەم دواییە دەکا:

زایەڵەی کانودۆس بەئاشکرا لە کەوێڵ نشینانی ئەمڕۆی شارە گەورەکانی ئەمریکای لاتین دەگاتەگوێ: ئایا ئەمانە بە مانایەک، یەکەم (ناوچەکانی ئازاد بوو) ژوورەکانی کۆمەڵگاکەیان – مەڵبەندی داهاتوو نین؟ ... ناوچەی ئازادی کانودۆس لەباهیە بۆهەمیشە سیمبولی فەزایەکی ڕزگارکراو دەمێنێتەوە، کۆمەڵگایەکی بەدیل کە بەتەواووی شوێنی دەوڵەتی هەبوو ڕەتدەکاتەوە. هەمووشتێک لەوێ، تەنانەت (فانتازیزم) ئاییش ڕێپێدراوە.[Zizek, Savoj, Iraq The Borrowed Kettle, p. 82]

ئەو دەستەواژانە وڕێنەی پەتین. کەوێڵەکانی[بەرازیل] شوێنی کەوێڵنشینن و هەژارن کە بەهۆی تاوانی ئەوپەڕی ناسیاسی خراونەتە بەردەست ڕووتەوپووتە تا خەڵک لەترسیان بپارێزن؛ دەبێ ڕەفتاری پۆلیسیان بۆ زیادبکرێ کە بەرپرسی سزادانیانن، ڕەفتارێک کە بەردەوام چاپەمەنیەکان ئیدانەی دەکەن. لەکاردانەوەی گوتەی ژیژەک لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەو کەوێڵانە یـادەوەری کانودۆس بەزیندوویی دەهێڵنەوە، بانگەشەیەکی لە خشتەبەری سەیرو سەمەرەیە. دەبێت بگوترێت (بڕۆو ڕاهێنانەکەت بنووسەوە).

ئێستا تەنانەت جووڵانەوەیەکی کۆمەڵایەتی لە بەرازیلی ئێستادا نادۆزرێتەوە، کە ئیدیعای پەیوەندی بە نەریتی هەزارەی سەدەی نۆزدە بێت، دانیشتوانی ئەو کەوێڵانە لەڕاستیدا فەرامۆش بکەن، کەسانێک کە ئێستا هیچ ئەندێشەیەکیان دەربـارەی ناسنامە و چییەتی جووڵانەوەی کانودۆس نییە. ژیژەک بە تێکڕایی گوێ بەوە نادات لە بەرازیلی ئەمڕۆ، دوێنێ یان هەرکاتێکی تر ڕوویداوە، هەربۆیە، هیچ بەربەستێکی نابێت. بۆیە دەربڕینە گشتگیرەکانی دەربارەی ستراتیژییەکانی شۆڕشی بەرازیل ئەوەندەش لەبەرچاو دوور نییە. ئەوە هەمان پرۆسەی (مەریخ سازی)ە کە ئاماژەم پێکردن: پێوەنداریەتی بێماناترین تایبەتمەندیەکانی ناسکارییەکانی بەڕاستی هەبوو، لەکاتی مانەوەی ناوەکان بۆ گەیشتن بە وەهمی پەیوەندی گەڵ واقیعیەت. خەڵکانی ئەو کەوێڵانە بێ سەرنجدان لە کارنامەی دواناسانەی ژیژەک، مەسەلەی گرنگتریان هەیە. ژیژەک پێویستی بە مەریخی ڕاستەقینەیە، بەڵام ئەوان لەوە عاقڵترن بێنە هەسارەکەمان، تەنیا بۆ ئەوەی ڕواڵەتە شێرانەکەی ژیژەک بخەملێنن.

**ئەو وتارە لەم بابەتە وەرگێراوە:**

Laclau, Emesto, «Why Constructiong a People Is the Main Task of Radical Politics», Critical Inquiry vol. 32 (Summer 2006).

# سەرنجڕاکێش بوو ...

سڵاڤۆی ژیژەک

وەڵامی لاکلاو بۆ وتاری دژی کەڵکەڵەی پۆپۆلیستی بۆ من زۆر ناخۆش بوو. لە بابەتەکانی داهاتوودا (ڕێک هەڵەبوم) «p. 654»، (تەواو و ئاگام) لە ئاکامی زارەکی ئەو چەمکانە نییە، کە بەکارییان دەبەم. (p. 654)، تەنانەت لە ئەلفبای بیردۆزەی هەژمورونی نەگەیشتووم)؛ (p. 654) ڕەخنەکانم لە (لەسەر بنەمای ڕەوشی پەتی) «p. 658»، بێئەوەی هەرجۆرە (ڕاستی شیمانەی)یان (p. 663) هەبێت ، لە بەرامبەردا (بەڵگەیەک بەسە، کە هەر خوێندکارێکی قۆناغی پەیمانگا دەیزانێت). (p. 660)، (بچمە لای ڕاهێنانەکەم)؛ (p. 680) ڕاسپاردەی سیاسی پەیوەستبوونم (وڕێنەکردنی پەتی)؛ (p. 680)ن؛ هەرکەسێک لەجێی دەقەکەم (پیلانی کەموکوڕی دار) (p. 678 n. 3) دەدۆزێتەوە، ڕەوشم (فریودەرانە و ئاژاوەگێڕانە)یە. (p. 678 n. 19).

ئایا ئەو دوژمنایەتییە کەسیە بە ئاشکرا دەمارگیرە کەمێک سەیر نییە؟ لە زانکۆ، شێوازێکی بەڕێزانە بۆ دەربڕینی گێلانە یان بێزارکەر بوونی بەشداری یا قسەی هاوکارمان ئەوەیە کە بڵێین، (سەرنجڕاکێش بوو)، ئەگەر یەکجێ پێی بڵێین قسەکانی بێزارکەر و گێلانە بوو، تەواو و حەقی خۆیەتی، کە بەواق وڕماوی، بپرسێت، (ئەگەر قسەکانم لە ڕوانگەی تۆوە بێزارکەر و گێلانە بوو، کەوایا بۆچی بە سادەیی نەتووت: سەرنجڕاکێش بوو؟) ئەو هاوکارە داماوە مافی خۆیەتی کە ئەو ڕاگووتنە ڕاستەوخۆیە بەبەشتێک زیاتر

لەشرۆڤەی چۆنایەتی کارەکەی بزانێ و بەپەلاماردانی کەسی لێکیبداتەوە. بەڵام جیاوازی من و لاکلاو لەوەدایە کە کاتێک پێم دەڵێت دەقی من بێزارکەر و گێلانەیە، من بەڕێزەوە پێی دەڵێم دەقەکەی سەرنجڕاکێشە.

لەڕاستیدا ئەو ڕاوێژە پەلاماردەرانەی لاکلاو ئازارم نادات، بەڵکو بێسەروبەرەیی زۆربەی سەلمێنراوەکانی (بە وتەی ئەڵمانییەکان، schlagend, aber nicht treffend) دژم ئازاردەرە و ساردوسڕم دەکات، کە پاڵنەرێک بۆ پەلاماری بەرامبەر بێنێتە ئاراوە. مەخابن ناتوانم بانگەشەی ئەوەبکەم کە دڵخۆشم بەکاری لاکلاو و بۆچوونەکانی ئەندێشەی زیاتر دەورووژێنن. زۆربـەی کاتی ئەو نوسینە هەستم دەکرد تووشی کارێکی ڕاپەڕێنەری ماندووکەر بووم. بەمەش ئیزنبدە لەسەرەتاوە دەستپێ بکەم، سەرەتایەک کە بەکردەوە لایەنگری گفتوگۆی نێوان کەڕولاڵە. لاکلاو سەرزەنشتم دەکا کە لەوەڵامی (ڕێبازی ناڕاستەوخۆ) (p. 646) گرتمەبەر: (ژیژەک وەڵامی هیچکام لەڕەخنەکانم ناداتەوە و لەجیاتی کۆمەڵێک ناڕەزایی دەخاتە کتێبەکەمەوە کە تەنها لەکاتی قبوڵکردنی تەواوی ئاسۆی زارەکییەکەی مانایان هەیە). (p. 646) ڕەخنەیەکی سەیرە، دیارە کە لە دژی کەڵکەڵەی پۆپۆلیستیدا وەڵامی نادەمەوە، چونکە ئەو دەقە تایبەت بەکتێبەکەی نەنوسرا بوو، بەڵکو تێکرایتر دەربارەی کێشەی ئێستای پۆپۆلیزمە. من لە دەقێکی دیکەدا، بە دوورودرێژی ئاماژەم بە ڕەخنەکەی کردووە، بۆیە ئەو درکەیە ناڕاستە، کە لەڕووی فریودانەوە بە شێوازێک لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ بە بۆچوونەکان فریوم خواردووە.

**1. کاری زەینی و کاری بابەتی: لاکلاو، لوکاچ، لینین**

لەم بابەتەدا زیاتر لە چەمکی هەژموونی نەگەیشتومی لاکلاو دەکۆڵێنەوە؛ هەژموونی سەرچاوە لە کاری ڕاستەقینە دەگرێت، بەمەش

له کاری ڕاستەقینەی لکاندنیش ناگەم و سەرچاوەی ئەو خراپ تێگەیشتنە ئاڵودەبوونی لکاندنی بۆ هیگڵە، کەوایە لە هیگڵیش ناگەم و بە کورتی لە هیچ شتێک ناگەم. لە هەموو ئەو بابەتانەدا، لاکلاو بەدووی ڕێبازی یەکڕیتمی دەکەوێ: یەکەم بەکورتی بابەتەکەم (دەڵێتەوە)، بە نوسخەیەکی دەزانێت، کە بە شێوەیەکی پێکەنیناوی ساختەیە؛ پاشان بێ بەڵگە، بابەتەکەم بەجیا لە بابەتی خۆی دەزانێت (تەواو ڕاستە) و بە سادەیی بابەتەکەی خۆی دووبارە دەکاتەوە. ئەوە نمونەیەکە لە میکانیکی کارای لاکلاو بۆ لەناوبردنی دوژمنی:

جیاکاری نێوان کاری ناسکاری و کاری بابەتی، کە درێژەی هەمان دوانەیی نێوان بارودۆخ و ڕووداوی ئالن بادیۆیە لەلایەک، بۆ ژیژەک، زۆر گرنگە، چونکە هەوڵیدەدا کەلێنێکی بنەمایی لەنێوان پچڕانی شۆڕشگێڕی بارودۆخی پێشتری بێنێتەکایە. دەرەنجامی لاوەکی ئەو بۆچوونە کە کردەی شۆڕشگێڕی نابێت شتێکی هاوبەش یان بارودۆخێکی هەبێت کە شۆڕشی تێدا ڕودەدات. لەلاکەی دی، سەرباری، ژیژەک لەسەریەک (od nauseam) جەخت لە تەوەریەتی شەڕی ئابوری دژی سەرمایەداری دەکاتەوە، تۆ بڵێی شتێک لە بارودۆخی هەبوو کاری ئابوری لەجیاتی شوێنی لاوەکی، لە تۆپۆگرافیەکی کۆمەڵایەتیدایە کە دەوری باڵادەستی و ئامادەباشی جۆرەکانی بینیوە.

ڕووداوەکانی وەک پێشوو دیاریدەکات، هەروەک بڕیارە بەڕاستی شتێکی وا ڕووبدات. بۆیە دەبێت بارودۆخ جۆرێک پێشینەی ئەنتۆلۆژیکی دەربارەی ڕوداوەکان هەبێ، ڕووداوێک کە هەڵوێستەو درزەکەی لە بارودۆخێکی وەک ئاکامی، ناکرێ کاری ڕادیکاڵ یاڕیشەیی بێت. بەمجۆرەیە کە ژیژەک ڕووبەڕووی بەدیلی پاوەنکاری دەبێتەوە و ئەو بەدیلە بە

ڕادەیەک پێکەنیناویە کە بۆ خۆشی ئێی ناگات، لەبری سوورە لەسەر دژایەتی هەردوو بژاردەکە (661–pp. 660).

کێشەیە کە هــەردوولایــەن پەیوەندییان بە لاکــلاوەوە هەیە؛ ئاکامێک کە بەو پێیە (نابێت کردەی شۆڕشگێڕی هیچ پەیوەندییەکی بە بارودۆخێکەوە هەبێت کە تێیدا ڕوودەدات) و ئیدیعای بەرامبەری کە پێگەی گەڕانەوەی ئەنتۆلۆژیکی بەسەر ڕووداوەکەوە هەیە، هەردووکیان سەرچاوەیان لە چەواشەکاری دەقەکەم گرتووە. ئەوە بادیۆ بوو کە چەمکی (شوێنی ڕووداوی) وەکو درزێک لە بارودۆخی هەبوودا شرۆڤە کرد، کڵاوڕۆژنەیەک بۆ ئەگەری بەشداری کردەیەک. بۆیە پەیوەندی نێوان بارودۆخ و کردە ئاشکرایە؛ هەرگیز کردەکان بەهۆی بارودۆخەوە دیاری ناکرێن (یان بەشداری کەشێکی دەرەوەیی گوماناوی ناکەن)، بەڵکو کردەکان لەبەر کراوەیی (nonclosure) ئەنتۆلۆژیک، ناتەبایی، یان بۆشاییەکانی بارودۆخ ئاسانن. بە ڕێبازێکی هاوشێوە، لاکلاو لەسەر بنەمای پەیوەندی نێوان کاری سیاسی و کاری ئابوری، دژایەتی نێوان بابەتی خۆیی و بابەتی من بینا دەکات:

بە باوەڕی من کاری سیاسی دەوری بەرایی و هەڵسەنگاندنی هەیە، چونکە پەیوەندی کۆمەڵایەتی تەواو شیمانەیین و هەرجۆرە جومگەبەندی بەردەوام لە بەریەککەوتنی ئەنتاگۆنیستی دێتەدی، کە ئاکامەکانی پێشتر دیاری نەکراون. بەڵام بەباوەڕی ژیژەک، (دراوە کۆمەڵایەتی – سیاسییەکان بەردەوام ئاماژەیەکی شەڕی سیاسین، واتا ئەگەر پەڕینەوەی لۆژیکی لە دراوە ئابورییەکان، وەک ئاماری هەڵاوسان و بێکاری بە ئاکامی سیاسی هەبێت، کاری سیاسی بە ئەگەرێکی زۆر نیمچە دیاردە نییە، بەم مانایە کە پێگەی بوونناسیەکەی ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستی جەوهەری نییە، بەڵکو

بەشێکە لێی و بەم هۆیە، هەرجۆرە ڕوویەکی سەربەخۆییە. شیکارەکەم بە سیاسیکردنی ئابوری کۆتایی دێت، شیکاری ژێژەک بە «ئابوری کردن»ی سیاسەت دەشکێنەوە (p. 664).

جارێکی دی لاکلاو، کە بەهۆی دوژمنایەتییەکەی کوێر بووە، ناچارم دەکات ڕێک دژی وشەی خۆم قسە بکەم. ئاشکرایە کە باسی بە سیاسیکردنی ئابوری دەکەم و نەک (بە ئابوری کردنی سیاسەت). بە دەربڕینێکی دی، لاکلاو بانگەشەکەم لەسەر ئەو بنەمایەی کە دراوە کۆمەڵایەتی- ئابوریەکان بەردەوام ئاکامی شەڕی سیاسی پیشاندەدات، بەمجۆرە دەخوێنێتەوە: (پەڕینەوەی لۆژیکیە لە دراوی ئابوری بۆ ئاکامی سیاسی)، ئەو دراوە کۆمەڵایەتی - ئابوری ئاکامی شەڕێکی سیاسی دیاری دەکات، لە کاتێکدا تەواو لە قسەکەم جیاوازە: ئەو دراوە کۆمەڵایەتی - ئابوریانە ئاماژەی شەڕی سیاسین، بە دەستەواژەیەکی دی، بابەتیەتی ئاشکرایان ئاکامی شەڕێکی سیاسییە.

سروشتی پرۆبلماتیکی ڕەخنەکانی لاکلاو، بە دەربڕینێکی دی، شێوازی پشتپێبەستنی ڕەخنەکانی بە وێنایەک لە هاوپیشە، کە بە جۆرێکی پێکەنیناوی سادە بووە لە دەرپەڕاندنی ڕێسایی و ئاڕادەیەک باوی مێژوو زانیاری چینایەتی لوکاچ لەلایەن خۆی وەک پاکترین جۆری مارکسیزمی هیگڵی (پرۆلیتاریا وەکو چینی ئێکڕایی، بەرجەستەبوونی ناسکار - بەرناسی مێژوو، کە دەورەکەی وەک هۆکاری ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕی بەسەر پێگەی کۆمەڵایەتی بابەتییەکەی بەرجەستە بووە؛ چەمکی شتبوون وەک (زانیاری درۆ) (p. 650) کە خۆبەخۆی ئەگەری (زانیاری ڕاست) (p. 654) دەکاتە پێشگریمانە؛ زانیاری چینایەتی پرۆلیتاریا ئاشکرا دەبێت، کە لەو پرۆسە مێژووییە دەربارەی خۆی تەواوو ڕوون دەبێت). بەم حاڵە، تایبەتمەندی

بنەمایی لەبیردۆزەی لوکاچدا هەیە کە بەو وێنایە لە لوکاچی مێژووگەرا قەدەرگەرای هیگڵی نایەتەوە، واتا پێداگری لەسەر دیارنەکران و شیمانەیی بوونی پرۆسەی شۆڕشگێڕی. هەر بۆیە، کە مێژووی زانیاری چینایەتی زۆر لینینیە. کاتێک کە لە ئێزەکانی ئۆرویلی 1917 (لینین) Augenblick تاکە چانس بۆ شۆڕش شرۆڤە دەکات، پێشنیارەکانی بە ساردوسڕی یان سوکایەتی ڕوبەڕووی ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕییانی حزب دەبێتەوە. هیچکام لە ڕێبەرانی سیاسی حزبی بەلشەفیک پشتیوانییان لە بانگەوازەکەی نەکرد بۆ شۆڕش و پراڤدا هەنگاوێکی بەرزتری بۆ لێکترازانی حزب و تێکڕای هەلخوازانە و سوودوەرگرتن لە بارودۆخی هەبووی خەڵک، زۆر ناوازە بوو. باگدایڤ ئێزەکانی ئۆروێلی بە وڕێنەی شێتێک زانی و نادژیدا کروپسکایا (Nadezhda Krupskaya) شێتی لینینی رەتکردەوە. جێی سەرسوڕمان نییە، کە لینین لە نوسینەکانی ساڵی 1917 تەوسی زۆر چزووداری بۆ پاراستبوون کە بە جۆرێک گرەنتی شۆڕش، ئاڵودەی گەڕانی بێکۆتایی ببوون. لە دۆخی دوو شێوەی سەرەکی ئەوگرەنتیانە دەخرێنەڕوو: یان وێنای شتبوونی پێداویستی کۆمەڵایەتی (نابێت مەترسی لەسەر شۆڕشی زوو پێگەیوو هەبێت؛ دەبێت تا کاتی گونجاو سەبر بگرێت واتا تا کاتێک، کە پێگە بەپێی یاساکانی جووڵانەوەی مێژوو کامڵ بووبێت ؛ (بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی زووە، هێشتا چینی کرێکار کامڵ نەبووە) یان ڕەوایەتی ڕێسایی (یان «دیموکراسی» («زۆرینەی کۆمەڵگا لەگەڵماندا نین بەمەش لەڕاستیدا شۆڕش دیموکراسی نابێت»، هەروەک لینین چەندینجار بەیانی کردووە، گوایە پێش ئەوەی هۆکاری شۆڕشگێڕی بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی دەوڵەت مەترسی بێت دەبێت مۆڵەت لە جۆری تری گەورەیی مرۆڤ وەرگرێت (ڕاپرسی بۆ دەرکەوتنی پشتگیری یاپشتگیری نەکردنی زۆرینە لە شۆڕش بکات).

لای لینین، هەروەها لای لکان، مەسەلە ئەوەیە کە شۆڕش بەهۆی خۆی ڕەوا دەبێت؛ (ne s, autories que d, elle–meme). دەبێت بزانین، کە ئەوی دی گەورە، کردەی شۆڕشگێڕی توانای نابێت ترس لە داگیرکردنی ناوەخت و بە پەلەی دەسەڵات و گەڕان بۆ زامنکردن بە مانای ترس لە چوونەژوورەوەی گێچەڵی کردەیە. لێرەدایە کە دوابەشی لایەنی مەحکومبوونی هەلخوازی ئاشکرا دەبێت، مەحکومبوونێک کە لینین بەردەوام خەریکی بوو، گرەوی لە سەرئەوەیە، کە هەلخوازی بابەتێکە لەخۆیدا درۆ، کە لە بەئەنجامگەیاندنی کردە لەگەڵ واقیعیەت، یاساکان ، یان بەها (بابەتییەکان) دادەپۆشێت، هەر بەوهۆیە، یەکەم هەنگاو لە بەگژداچوونەوەی، ئاشکرا کردنییەتی. کەوایە دەبێت چ بکرێت؟ وەڵامی لینین (دەبێت هەموو کەس ڕاستی بڵێت، (aussperchen was ist) دەبێ کۆمینەی ناوەندی ئەو ڕاستیە قبووڵ بکات کە خاوەنڕایە).

گەڕانەوە بۆ ڕاستی بابەتی جیاواز نییە، بەڵکو دووبارەکردنەوەی سەلمێنراوێکە، کە پێش دەیەیەک لەلایەن ڕۆزا لۆکسامبۆرگ دژی کاتۆتسکی جێگیرکرا: کەسانێک تاهەتایە لە چاوەڕوانیدا دەمێننەوە، کە چاوەڕێی گەیشتنی هەلومەرجی بابەتی شۆڕشن. بابەتی چاودێری بێلایەن (نەک بابەتی هۆکارێکی گیرۆدە) بۆخۆی کۆسپی سەرەکی شۆڕشە.

ئایا دەکرێت مێژوو زانیاری چینایەتی لۆکاچ وەک کاریکاتۆرێکی مارکسیزمی هیگڵی بخاتە لاوە؟ وەکو ناساندنی ڕاشکاوانە، پرۆلیتاریا وەکو ناسکار بابەتی ڕەهای مێژوو؟ هونەری لوکاچ لەوەدا Augenblink ناونا، ڕووبەڕووی لوکاچمان دەکاتەوە، کە زیاتر لەوە دەزانرێت گرامشی و گومانکردن شیمانەگەرایە. Augenblink لوکاچ بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو لە ڕووداوی بادیۆ نزیکە، بەشدارییەک کە ناکرێت لە ڕوانگەی

هەلومەرجی بابەتی پێشتری ڕوونبکرێتەوە. ناوەرۆکی باسی لوکاچ، ڕەتی کەمکردنەوەی کردە بۆ هەلومەرجی مێژووییەتی؛ هیچ جۆرە هەلومەرجێکی بابەتی بێلایەن نییە، یان بە دەربڕینی هیگڵی، هەموو گریمانەکان پێشتر بە لانیکەمی بە بەڵگەنەویست دەزانرێت.

شیکاری لوکاچ لە باسکردنی بابەتگەرایانەی بەڵگە ناکامەکانی شورا دیکتاتۆری شۆڕشی پۆڵەندا لە ساڵی 1919 (خیانەتی ئەفسەرانی سوپا، بایکۆتی دەرەکی کە بووە هۆی برسێتی و هیتر)، نموونەی ئەو جۆرە بۆچوونەیە. هەرچەند ئەو هۆکارانە، بێشک، دەوری گرنگ لە شکستی شۆڕشدا دەبینن، بەم حاڵە، لە ڕوانگەی دەروونناسیەوە ڕاست نییە کە بەبێ دوورایی دانانی پەیوەندی ئەو هۆکارانە بە هەسارەی تایبەتی هێزە سیاسییە کاراکان، بە دراوەکانی بەراییان بزانین و بایکۆت لە زەین بگریت؛ بۆچی، لە بەرامبەر، دەوڵەتی ڕوسیا خۆبەدەستەوەدانی بایکۆتی ئیمپریالیستی بەهێزترو دژی شۆڕش نەبوو؟ چونکە حزبی بەلشەفیکی ڕوسیا، جەماوەری لە دیتنی دەوری هێزەکانی دژە شۆڕشی دەرەکی و ناوخۆیی لە بایکۆتکردن ئاگادار کردبووە، لە کاتێکدا کە لە پۆڵەندا حزب لەڕووی ئایدۆلۆژییەوە، وەک پێویست دەسەڵاتی نەبوو؛ جەماوەری کرێکاری ڕادەستی بانگەشەی دژە کۆمۆنیستی بوون، کە ئیدیعای دەکرد بایکۆتی بەرهەمی سروشتی نادیموکراسی ڕژێمە، واتا لۆژیک (ئیزن بدە بۆ دیموکراسی بگەڕێینەوە تا هاوکارییە دەرەکییەکان بگەن).

خیانەتی ئەفسەرەکان؟ بەڵێ، بەڵام بۆچی خیانەتی هاوشێوە ئاکامی کارەستباری هاوشێوەی لە ڕوسیای سۆڤیەت لێنەکەوتەوە؟ کاتێک کە خائینەکان دەرکەوتن، بۆچی جێگۆڕکێی کادیرانی دڵنیا ئاسان نەبوو؟ چونکە حزبی کۆمۆنیستی پۆڵەندا، وەک پێویست بەهێز و کارا نەبوو،

لە کاتێکدا حزبی بەڵشەفیکی ڕوسیا سەربازگەلێکی لەبەردەست بوو کە تاکۆتایی، ئامادەبوون بەرگری لە شۆڕش بکەن. دیارە دەکرێت ئیدیعا بکرێت کە لاوازی حزبی کۆمۆنیست بەشێکی بابەتی بارودۆخی کۆمەڵایەتی بوو؛ بەم حاڵە، تەواوی بڕیاری زەینی و کردەکان دووبارە لەودیوی ئەو واقیعیەتەن، بەمەش، ئێمە هەرگیز دەست بۆ خاڵی سفری بارودۆخی بابەتی کاروبارەکان نابەین، خاڵی کۆتایی، نابابەتیەت کە تەواویەتی کۆمەڵایەتی لەجیاتی پڕۆسەیەکی ناوبژیوانی هەمەلایەنەی نێوان ڕووی بابەتی و زەینیە..

ئێستا نمونەیەک لە مەیدانی جیاوازدا: ڕێبازێک کە ئایدۆلۆژیەک بەپێی ئەو پێشگریمانانەی بینا دەکات، بە ئاسانی لە شیکردنەوەی ستاندارد (درۆ) گەشەی پەسەندکراوی ئایدۆلۆژی نازی لە ئەڵمانیای دەیەی 1920، دەستنیشان دەکرێت.

نازییەکان بە شارەزاییەوە بە خراپ سوودیان لە ترس و نیگەرانی چینی نێوەڕاست وەرگرت، کە لە قەیرانی ئابوری و وەرچەرخانی کتوپڕی کۆمەڵایەتی کەوتبوەوە. نادیدە گرتنی سوڕانەوەی خۆگەڕانەوەیی کێشەی ئەو دیاریکردنەیە کە لێرەدا بەشدارە.

بەڵێ، بێگومان نازییەکان ترسەکان و نیگەرانییەکانیان بە شارەزایی بەکاربرد؛ بەڵام ئەو ترس و نیگەرانیە بە سادەیی ڕاستی پێش ئایدۆلۆژی، کە پێشتر بەرهەمی ئاسۆی ئایدۆلۆژیەکی دیاریکراو بوو. ئایدۆلۆژیای نازی بۆخۆی، وەکو هۆکاری هاوکات، ترس لە شتێک دێنەئارا، کە خۆی لەبری ڕزگارکەر پێشنیاز کرد. گرنگە کە دژایەتی لەنێوان ڕوانگەی هیگڵی لوکاچی مارکسیست دەربارەی پرۆلیتاریا (ناسکار-بابەتی مێژوو) ئەو لوکاچە (گومانگەرا) («conjecturalist»)یە نییە، ئەمان دوو ڕووی دراوێکن.

## 2· هەژموونی لەبری پرۆسەی بەمەریخکردن

بەڵگەی سیاسی سەرەکی لاکـلاو دژی من ئەوەیە کە بەهۆی داشکانخوازی چینە سفتٔ و ڕەقەکان و ڕوانگەی نیمچە شۆڕشگێڕیم بۆ (کەسێک کە چاوەڕێی مەریخیەکانە) «ل652»، دادەبەزێنم، هەلومەرجێک کە بۆ بکەرانی شۆڕش بڕیارم لێداوە (لە ئەندازەیەکی وا نەگۆڕی ئاکامە کۆمەڵایەتییەکان وا دەکاتٔ کە هیچ کردەگەرێکی ئەزمونی شایانی هەلومەرج نەبێتٔ). (p. 657) هەرچەند بۆ ئاشکراکردنی باسی بکەرە ڕاستەقینەکانی دەکەم، دەبێتٔ پەنابەرمە بەر پرۆسەی بە مەریخی کردن؛ ناچارم (نادیارترین تایبەتمەندی بدەمە پاڵ ناسکارییەکانی لەڕاستیدا هەبوو، لە هەمانکاتدا، بە پاراستنی ناوەکانیان، وەهمی پەیوەندییان بە واقیعیەتەوە بپارێزم) «p. 680».

دەبێتٔ سێ شتٔ زیاد بکەین. هیچ چارەیەکمان نیە جگە لەوەی کە بیربخەینەوە پرۆسەیەک چەند لە بیردۆزەی هەژمۆنی خودی خۆی نزیکە؛ کە لاکلاو بەناوی (بە مەریخکردن) شرۆڤەی دەکاتٔ، کە ڕووداوی ئەزمونی و بە (پلەی شتٔ (Thing) هەڵدەکشێتٔ) «p. 671»، هەروەک بەرجەستەبوونێک لە پڕبوونی مەحاڵی کۆمەڵگا کاردەکاتٔ.

لاکلاو بەگەڕانەوە بۆ ژون کویژە، هەژموونی بە بەهای بەرایی (breast–value) دەشوبهێنێتٔ کە هاوپێچی بابەتە لاوەکییەکان دەکرێتٔ؛ بەمەش ئایا لەسەر ناوەندەکەی، پاش ئەو هەموو گۆڕانکارییانە، ئەوە نییە کە وەک مەریخیە نەشیاوەکان، بەڵام پێویستن توخمێکی کۆمەڵایەتی ئەزموونی لە پرۆسەی هەژمونیدا، هاوبەهای مەریخی دەبێتٔ؟ دەبێتٔ جیاوازی نێوانمان ئەوە بێتٔ، کە (بە ڕووکەش) باوەڕم بە مەریخیە ڕاستەقینەکانە، لە کاتێکدا کە دەزانێتٔ شوێنی مەریخییەکان بۆ هەتا هەتایە بەتاڵە، بەو مانایەی کە تەنها دەتوانین بەهای مەریخی بدەینە بکەرانی ئەزموونی.

دووەم بیۆگرافی بەڵێننامە سیاسییەکانی خودی لاکلاو نموونەیەکی باشی ئەو بە مەریخی کردنە دەخاتەڕوو. دوای یەکەم سەرکەوتنی حزبی نوێی کرێکار، (بۆ ماوەیەک) لەجیاتی نموونەیەکی زیندووی چەپ، بەشێواوی پشتگیری لە حکومەتی بلێر کرد؛ دوای یەک دوو ساڵ نائومێد بوو بە ناچاری قبووڵی کرد، کە ناسکاریەکی سیاسی ناڕاستی کردووەتە مەریخی (دەکرێت بە دڵنیاییەوە پێشبینی بکرێت، لە دوو ساڵی داهاتوو، هەمان ڕێککەوتن بۆ دوا هۆکاری مەریخی بووی، پۆپۆلیستە نوێکانی ئەمریکای لاتین، دەکرێت).

لە کۆتاییدا، شێوەیەک کە لاکلاو گاڵتە بە گەڕانەوەم دەکات بۆ کەوێڵەکانی جیهانی سێیەم (کەوێڵەکانی بەرازیل یان هەمان فاولاکان) نموونەیەکی خەماویە، چونکە چۆن دووژمنایەتی کەسی، بەرەو ڕوونکردنەوەی سادە تاوی دەدا، کە لەڕاستیدا جگە لە تۆمەت هەڵبەستن شتێکی تر نین:

ئەو دەستەواژانە وڕێنەی پەتین. کەوێڵەکانی (بەرازیل) شوێنی کەوێڵنشینن و هەژارن کە بە تاوانی ناسیاسی خراونەتە بەردەست ڕووتەو پوتە و هەرچی و پەرچیەوە تا خەڵک لە ترسیان بپارێزن؛ دەبێت ڕەفتاری پۆلیسیان بۆ زیاد بکرێت کە بەرپرسی سزادانیانن، ڕەفتارێک کە بەردەوام چاپەمەنیەکان ئیدانەی دەکەن. لە کاردانەوەی قسەکەی ژیژەک لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەو کەوێڵانە یادەوەری کانودۆس بەزیندوویی دەهێڵێنەوە، ئیدیعایەک کە بەشێوازێکی سەیر و سەمەرە لەخشتەبەرە، دەبێ بوترێ (بڕۆو ڕاهێنانەکەت بنوسەوە.) (p. 680).

زۆرباشە، من ڕاهێنانەکەم نوسیەوە و دەتوانم بڵێم باسەکەی لاکلاو لە کەوێڵەکانی بەرازیل بێ حورمەتیکردنە بەو خەڵکەی کە لەوێ دەژین. هەروەک بەڕوونی لە دەقەکەی من دەردەکەوێت، ڕێک لەهەمان خاڵ کە لاکلاو لێرەدا بۆی دەگەڕێتەوە، قەت شوێنە هەژارنشینەکان ناکەمە

مەیدانی ئایدیالی شەڕی شۆڕشگێری. بانگەشەی تەواو دەکەم کە ئەوان شوێنێکی ڕووداوی (eventual site)ن (زاراوەی بدیۆ) یاشوێنێک بۆ ئەگەری سەرهەڵدانی کاری نوێ.

باش ئاگادارم کە لەوێ ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان چالاکی دەکەن: تاوانکاران، بنەڕەتخوازانی ئایینی، سەرمایەدارانی دڕندە (ئەو کەوێڵانە کە هەرگیز هەڵڕسکاو نین، زۆربەی کات شوێنی مامەڵەی سەرمایەدارانی نا یاسایین)، بەڵام هەروەها چێشتخانەی سۆسیالیستی، تۆڕی نایاسایی دابەشکردنی کارەبا و تەواوی سنوردار، لەڕاستیدا شکڵی بە زەبری خۆی ئۆرگانیزەکردنی ڕزگاری بەخشی لێیە. لێکدانەوەی لاکلاو بۆ شوێنی هەژارنشینەکان وەک شوێنی کەڵەکەبوو لە هەژاری هەڵڕسکاوو ترساو و تاوانکاران، سادەکردنی کاردانەوەخوازانی پێکەنیناویە. لاکلاو کە لایەنگری سنایشی پۆپۆلیزمی ئەمریکای لاتینە، دەبێت لەبری هەموان بیربێنینەوە کە چۆن پاش تەمەنێکی کەمی کودەتای دژی ڕژێمی چافێز لە ڤەنزوێلا، بەزۆری جووڵانەوەی جەماوەری هەژارنشینی دەورووبەری شار بوو کە بردیانەوە بۆ دەسەڵات، ئەو کارەی بەباشی دەیسەلمێنێت کە ئێمە ڕووبەڕوی (هەژاری هەڵڕسکاو نین کە ڕادەستی چالاکی ناسیاسی تاوانکاران بووە) (p. 680). دەرحەق پەیوەندی ئایدۆلۆژی نێوان کەوێڵەکان و ڕووداوی کانودۆس، ئەو ڕاستیەی کە کانودۆس بە شێوەیەکی ڕابردوو نیگەرانە (retroactively) وەکو باپیرەی ئەستورەی ئەو کەوێڵانە وێنا دەکرێت، ئەوە ڕاستی سادەی ئایدۆلۆژی هەموانە کە تەنانەت ڕەوتی سەرەکی میدیاکانیش سوودی لێوەردەگرن و کەڵکەواژوی دەکەنەوە.

لێرەدا ڕووی وڕێنەم لە ڕووداوی کانودۆس زیاتر ئاشکرا دەبێت، شوێنێک کە بە ئاشکرا دژی بەدحاڵیبوونێک هۆشداری دەدەم:

بۆ خۆ بەدوورگرتن لە بەدحاڵیبوونێکی داهێزەر، ئەو کارە بانگەشەی (لە دەرەوە بوونی تەواوی وەلانراوانی بەدوادایە ئەگەر ئەو دۆخە لە مەودایەکی نزیکتر تاقی بکەینەوە یەکسەر دەتوانین بیسەلمێنین، کە چۆن ئەو دوو ئاستە ئاوێتە بوون، ڕەنگی یەکتر دەدەنەوە بۆ نمونە، چۆن کەشی درز لابردن، زۆرجار دەسەڵاتخوازانەترین و ترسناکترین تایبەتمەندی دەوڵەت بەرهەمدێنێتەوە؛ یان لەلایەکی دی، چۆن بارودۆخی ڕەوا، زۆرتر لەلایەن ئەو چالاکییانەی «وەلانـراوان» (کە بە ئاشکرا ڕەتدەکرێنەوە) پارێزگاری دەکرێت.

هەرچەند ئەو ڕەنگدانەوە و کاریگەری بەرامبەر، پەیوەندی بە ناوەرۆکی ئەرێنییەوە هەیە، کە لە دوو کەشی بنەمایی جیاواز پڕدەبن. گەڕاینەوە بۆ کۆمەڵگای کانودۆس: دیارە زۆربەی تایبەتمەندییەکانی قەرزیان لە ڕژێمی شیمانە وەرگرتووە (ئەوان خۆیان وەک وەفاداران، پارێزەرانی دەوری گشتی کڵێسا لە بەرامبەر کۆماریخوازان بۆ مۆدێرنکردنی دەوڵەتی بەرازیل پێناسەیان دەکـرد)، بەڵام لەڕاستیدا خاڵی گرنگ ئەوە بوو کە تەواوی ئەو توخمانە بەهۆی کەشێک شێوەیان گۆڕی (تەنانەت گۆڕینی ماهیەت) کە لەناویدا سەریانهەڵدایەوە.

**هەروەها لاکلاو لەباسی (ژیـژەک چاوەڕوانی مەریخییەکانە) بانگەشەی دەکات کە:**

هیچ شەڕێکی ڕزگاریخواز ڕەوانیە جگە لە خەباتی ڕاستەوخۆ دژی سەرمایەداری. بە وتەی ئەو: (باوەڕم بە ناوەندێتی دەوری بنەمایی شەڕی دژی سەرمایەدارییە). کێشە ئەوەیە، کە هیچ ئاماژەیەک بەچیەتی، شیمانەیی خەباتی دژی سەرمایەداری ناکات.

ژیژەک زوو خەباتی فرە کەلتورخواز، دژی جوداخوازی ڕەگەزی و دژی جوداخوازی نەژادی وەک ئەوجۆرانە دەخاتە لاوە؛ کە ڕاستەوخۆ دژی سەرمایەداری نین. هەروەها خواستەکانی باوی چەپ بە ڕێپێدراو نازانێت، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆتریان بە ئابووریەوەیە: داخوازی بۆ مافی زیاتر بۆ دیموکراسی پیشەسازی، بۆ کۆنترۆڵکردنی پرۆسەی کار، بۆ دابەشکردنی داهاتی هەڵکشاو، ئەمانەش دژی سەرمایەداری وەرناگیرێن، تەنانەت دێڕێک لە بەرهەمەکانی ژیژەکدا نییە کە نمونەیەک لە تێگەیشتنی بۆ شەڕی دژی سەرمایەداری بخاتەڕوو. مرۆڤ دەحەپەسێت کە نەکا پەلاماری بوونەوەرانێک لە هەسارەیەکی ترەوە پێشبینی بکات.

کاتی خوێندنەوەی ئەو پەرەگرافانە چارەیەکم نییە جگە لەوەی کە بیربکەمەوە هەردووکمان بە کردەوە لە دوو جیهانی هاوسەنگدا دەژین؛ ئەگەر من چاوەڕوانی مەریخیەکانم کەوایە ئەو دەبێت لە ڤینۆسی سەیرو سەمەرەوە هاتبێت.

یەکەم، ئەو ڕوانگەم دەربارەی ناوەندێتی دەوری بنەمایی شەڕی چینایەتی تێکەڵی ئەو ئیدیعایە دەکات، کە هەر شەڕێکی ڕزگاریخوازی ڕەوا دەبێت تەواو ڕاستەوخۆ دژی سەرمایەداری بێت. بە ناونیشانی کەسێک، کە بە زۆری لە بابەت دیاریکردنی فرەهۆکاری و جومگەبەندی نوسیوەیەتی، دەبێت مانای ڕۆڵی ئامادەباشی بزانێ، بەدەربڕینێکی دی، شەڕی چینایەتی بنەمای چەند هۆکارێکی جومگەبەندی چڕی شەڕە چینایەتییەکانە و نەک ناوەرۆکی واقعیان. (بۆخۆم نموونەیەکی ڕوون و دیارە پرۆبلۆماتیک یا مەسەلەدار بۆ لاکلاو و زۆربـەی تر، لەم بابەتە و لە بەرهەمەکانم دەربارەی لینین خستۆتەڕوو، ڕای خۆم وتووە کە لە هەسارەی ئێستا، نابێت چڕبوونەوەی بەرایی دژی سەرمایەداری، بەڵکو دەبێت لەسەر لاوازکردنی

بارودۆخی وەک بت یا فێتیشیستی دیموکراسی وەکو دالی گەورەمان بێت. هەروەها بادیۆ سەرەنجام وتوویەتی (ئەمڕۆ ناوی دووژمن ئیمپراتۆر یا سەرمایە نییە، ئەمڕۆ دووژمن ناوی دیموکراسییە).

پاشان ئەو بوختانە سەیرە، لەسەربنەمای بێ متمانەیی بۆ هەموو شێوە هەبووەکانی خەباتی ڕزگاریخواز (لە جووڵانەوەکانی دژی جوداخوازی ڕەگەزی و فرەکەلتورخواز تا کردە باوەکانی یەکیەتیە پیشەییەکانی کرێکاران) لەژێر ناونیشانی کە بەڕاستی دژی سەرمایەداری نین و تەنانەت ئاماژەیەکی بچوکیش بە چۆنییەتی خەباتی دژی سەرمایەداری ڕاستەقینە ناکەم. ئەو پرسیارە وەک ئەوەیە کە بپرسین، (ئەوەش لە سێوەکان و پرتەقاڵەکان.. کەوایە میوەکان لە کوێن؟). هەرچەند، بژاردەیەکی گرنگ لە کۆمەڵەی کاندیدەکانی لاکلاو بۆ خەباتی ڕزگاریخوازی ئێستا لە قەڵەم کەوتووە، سیاسەتی شۆڕشگێڕی توندوتیژی).

دەرووی ساختەکاری شەڕی چینایەتی، وامان لێناکات خەباتی دژی جوودایيخوازی ڕەگەزی و نەژادی و هتد وەلابنێین، بەڵکو وەک ئامڕازێک توانامان دەداتێ تا: 1. گۆڕانکاری لە ئەنجومەنی دژەکانی چینایەتی ڕوونبکەینەوە (لە ڕوانگەی منەوە، گۆڕانکاری بۆخۆی لەڕووی دەوری ناوەندی شەڕی ئابوری، چینی کرێکاری کلاسیک، بە سیاسەتێک پشتڕاست دەبێت بەهۆی دینامیکی شەڕی چینایەتی شرۆڤە بکرێ) 2. پێکهاتەی سیاسی - چوونەپاڵی شەڕە جیاوازەکان شیکار و ناوبژیان بکەین، لیبراڵەکان لە کاتی گوێڕایەڵی هاوپەیوەستی هەژاران، لایەنی خۆی لە شەڕی کەلتوردا بەهۆی پەیامی چینە لێکدژەکان ڕەمز دادەنێن؛ لە زۆربەی بابەتەکاندا خەباتیان بۆ لێکبوردەیی، فرەکەلتوری و مافەکانی ژنان لە بەرامبەر لێک نەبوردەیی، بونیادخوازی باوکسالارانەی چینەکان وەک دەڵێن خوارەوە،

ئاماژە دادەنرێت.

خاڵی لێکدژ، دەوری بنەڕەتخوازی پۆپۆلیستی وەک هۆکاری پاراستنی لۆژیکی ئەنتاگۆنیزم یان شەڕە. کاتێک کە چەپی لیبراڵ، لۆژیکی ناسینەوە و دەستنیشانکردنی جیاوازییەکان و ئاڵوگۆڕکردنیان شوێن جیاوازیە خاڵە هاوبەشەکان دەکەوێت، خەباتی جەماوەری پۆپۆلیستی - موحافیزکارانە، ئەرکی چەپی ڕادیکاڵی باو لە جووڵانەوەی جەماوەری و خەبات دژی چەوسانەوەی چینە باڵادەستەکان لە ئەستۆ دەگرێت.

بەمەش دەبێت لە سوکایەتییەکانی لیبراڵی و سادە ڕوانینانەی بونیادخوازانی پۆپۆلیست (و تەنانەت لەوە خراپتر، مەخابن جێگرتنی ئەو ئاماژەی کە ئەمان چەند بە خراپی سوودیان لێوەردەگیردرێت) خۆبەدووربگرین؛ دەبێت شەڕی کەلتوری تێپەڕێنین. هەرچەند، چەپێکی ڕادیکاڵ دەربارەی ناوەرۆکی ئەرێنی زۆربەی مەسەلەکان خراوەتە بەرباس (دەربارەی لەباربردنی کۆرپەلە، دژی جودا خوازی نەژادی و هیمۆفۆبیا)، دەبێت پشتگیری لە بابەتی لیبراڵەکان بکات، بەڵام نابێت لەبیری بچێت کە لە ماوەیەکی زۆردا، یەکگرتنی بنەڕەتخوازی پۆپۆلیستە نەک لیبراڵ، پۆپۆلیستەکان لەگەڵ تووڕەبوونیان وەک پێویست، تووڕە و ڕادیکاڵ نین تا لە داکەوتنی ئەخلاقی لە پەیوەندی نێوان سەرمایەداری و ئەفسوس بکەن.

### 3. بۆچی سەرمایە، کارێکی واقیعیە

خاڵێکی چەقی تری ڕەخنەی لاکلاو بۆ بۆچوونم لە لۆژیکی سەرمایە وەکو کاری ڕاستەقینە ئەوەیە: (دانانی بێمانا بۆکاری ڕاستەقینە ناوەرۆکێکی ڕواڵەتی باڵادەستی جیای بەراییترین چەکی بیردۆزەی لکاندنە) «p. 669».

ئەنیا کاتێک لۆژیکی سەرمایە دەتوانێت لە پێگەی ژێرخان یان سەرخان یەکلاکەرەوەی ڕاستی کۆمەڵایەتی بێت، کە لۆژیکی خۆی بونیاد نابێت، بەڵام کاری ڕاستەقینە لە مانای لکاندن ڕێک پێچەوانەیەتی؛ کاری ڕاستەقینە چوارچێوەیەک دادەنێت تالەخۆی ڕێ لە بنەمای کاری هێمایین بگرێت. خودی بەکاربەری خوازەیی و پێش مەیسەربوونی دوانەیی ڕاستی کاری ڕاستەقینە، کە لە ڕاستیدا لەجیاکاری ژێرخان/ سەرخان شتێک زیاتر نییە، لێرەدا تەواو بێجێ بە زەین دەگات؛ ئاشکرایە کە لۆژیکی سەرمایە هەر هێندە هێماییینە، کە ڕاستی کۆمەڵایەتی لەبەردەم دیاریکردن، هێمایین. (p. 658)

**بەپێی ئەم بۆچوونەم لە کاری ڕاستەقینە**

بیردۆزەی لکان نمونەیەکی زۆرباشی گۆڕانی سیستەمە؛ دەیەوێت بەم هۆیە بیردۆزەی لکان تەبای جۆری هیگڵیزم بکات، فەلسەفەیەک کە لەزۆر بابەتدا دەکەوێتە بەرامبەر سیستەمی لکاندنەوە. کاری ڕاستەقینە ناتوانێت لۆژیکی سەخت، حەتمی و خەیاڵی بێت کە بەسەر ڕاستی کۆمەڵایەتیدا دەسەپێت، ئەوەش بەم هۆیە سادە کە کاری ڕاستەقینە بابەتی دیاریکراو نییە کە یاسا باڵادەستەکان بەسەر جووڵانیدا پێی درابێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە، کاری ڕاستەقینە شتێکە تەنیا هەیەو خۆی بەهۆی کاریگەری ئێکدەری پەنهان لە کاری هێمایین پیشاندەدات. «p. 657».

ئێستا دەبێت لاکلاو بچێنە لای وانەو ڕاهێنانەکەی. بە هەمانشێوە کە بەردەوام لکاندن دووبارە دەکاتەوە، کاری ڕاستەقینە (the Real) چەمکێکی ئاڵۆزە کە لە بیردۆزەکەیدا لانیکەم سێ ڕەهەندی سەرەکی هەیە. یەکەم، کاری ڕاستەقینەی خەیاڵی: شت یان شمەک (the Thing) ماکی سەرەکییەکەی، هەموو لایەکی پیشاندانەوە، کە بەم حاڵە، لە پەراوێزی کاری خەیاڵاوی (the

Imaginary) دەمێنێنەوە، هەرچەند وەک جۆرێک وێنا {خەیاڵاوی} (image) هەوڵدەداث، سنووری کاری پیشان نەدراو پەرە بە خەیاڵ (imagination) بدا.

کاری ڕاستەقینە لە هورلای [گیدو] موپاسان تان تۆفان {ئێدگار ئالن} پۆ، تا بێگانەی فیلمێک بە هەمان ناو)، کە بەشی هاوبەشی کاری خەیاڵاوی و کاری ڕاستەقینە داگیر دەکاث، ئاماژەی کاری ڕاستەقینە، لە ترسناکترین ڕەهەندی خەیاڵیەتی کە وەک گۆڕی ئەزەلی هەموو شتێک قووتدەداو هەموو ناسنامەیەک ڕەتدەکاتەوە. دووەم کاری ڕاستەقینەی هێماییں: کاری ڕاستەقینە لە جیاتی تەبایی و خۆگونجاندن، لەگەڵ دالێک کە بۆ فۆرمۆلی بێمانا بەکەم زانراوە، وەک فۆرمۆلی فیزیکی کوانتۆمی کە لەمەودوا ناکرێث بۆ ئەزموونی ڕۆژانە تەرجومە بکرێن یان ڕێژەیەکی لەگەڵ بەدیبێنن.

هــەردووک کــاری ڕاستەقینە، لە خەونی بەدەستخستنی دەرزی وەشاندنی خوازەی فرۆیدن؛ ئەگەر کاری ڕاستەقینەی خەیاڵی، سەیرکردنی گەرووی خوازە بێث، گۆشتی هەڵامساوی ژێر گوشاری، کاری ڕاستەقینەی هێماییں، فۆرمۆلی کیمیایی (trimethylamine) کۆتایی خەونە، کاری ڕاستەقینەی زانستی، کاری ڕاستەقینەی فۆرمۆلێک کە کاری خۆکارو بێمانای سروشث دەردەخاث.

جیاوازی، پەیوەستە بە دەستپێکی خاڵە جۆراوجۆرەکان: ئەگەر بەکاری خەیاڵاوی (بەرەنگاربوونەوەی ئاوێنەیی فرۆیدخواز) دەستپێبکەین، کاری ڕاستەقینە لە ڕەهەندی خەیاڵییەکەی دەدۆزینەوە، وێنای ئەزەلی ترسێنەری کە خوازەی (imagery) ڕەتدەکاتەوە؛ ئەگەر بەکاری هێماییں دەستپێبکەین، (باسی نێوان سێ دکتۆر) زمانێکی داماڵراو لە مانای مرۆڤایەتی دەدۆزینەوە، کە شێوەی کاری ڕاستەقینەی فۆرمۆلی بێمانای گۆڕیووە.

لە کۆتاییدا، کاری ڕاستی ڕاستەقینە (کە لاکلاو کاری ڕاستەقینەی بەکەم دەزانێت)، بۆشایی ئاستێک کە پەتی ڕواڵەتیە و هەر ناسنامەیەکی هێمایین ناچالاک یا جێگۆڕکێ دەکات. بەمشێوەیە کاری ڕاستەقینە بە کردەوە، هاوکات هەرسێ ڕەهەندی هەیە: گەرداوی قوڵی شت (the Thing) بنەمای گونجاو ماتماتیکینی ڕاستی، ئاستی ڕواڵەتی پەتی هەر بابەتێک، پێویستە لەسەر چۆنیەتی پێکەوەتەنراوی خودی سێلایەنەی ڕاستەقینە خەیاڵاوی هێماییین چڕبکەینەوە؛ تێکڕای سێلایەنەی خۆمان لەنێوان هەریەک لەم بەشانە جارێکی تر دەدرەوشێنەوە. تەنیا سێ دۆخ لە کاری ڕاستەقینە نییە. بە شێوەیەکی کتومت هاوشێوە، سێ شێوەی کاری هێماییین هەیە: ڕاستی (دالێک کە بۆ فۆرمۆلی بێمانا دابەزیوە)، خەیاڵاوی (نیشانەکانی یۆنگی) و هێماییین (گوتار، زمانی مانادار). هەروەها سێ دۆخی کاری خەیاڵی هەیە: ڕاستی (خەیاڵکردنەوە، کتومت سیناریۆیەکی خەیاڵیە کە شوێنی کاری ڕاستەقینە داگیر دەکات)، خەیاڵاوی (وێنای بەخودی خۆی، لە کارا بنەماییەکەی وەک داوێک) و هێماییین (جارێکی دی نیشانەکانی یۆنگی یان ئەلگۆکانی نیڤایج).

فرەڕەهەندی بوونی کاری ڕاستەقینە ئاشکرا دەکات، کە بۆچی لکاندن بەردەوام ڕای دەگەیاند وتاری زانستی مۆدێرن، لە فۆرمۆلی ماتماتیکییەکەی، نەک شێوەیەکی دیکەی گێڕانەوەی هێماییین، بەڵکو دەربڕی زانیاری یا شوناسێکە لە کاری ڕاستەقینە. هەر بەو ئاقارە، ئیدیعا دەکەم کە بارودۆخی لۆژیکی سەرمایە پەیوەندی بە کاری ڕاستەقینەوە هەیە، بەڵام ڕێک بەکام لایە؟

بادیۆ لە کتێبی لۆژیکی جیهانەکان((Logique des maonde0 بە خستنەڕووی چەمکی point بۆ شرۆڤەی سائێک، کە بژاردەی ناسکاری

جیهانی جێگیر دەکاتـ، بارودۆخێک کە دەبێتـ بڕیاری سادەی بەڵێ یان نەخێر بداتـ، ئاماژە بە point de capiton (خاڵی کاپیتۆن ) لکاندن دەگێڕێتەوە. ئایا ئەمە مانای وانییە، کە جیهانێک لە دەرەوەی زمان نییە؟ جیهانێک کە ئاسۆی ماناکەی بەهۆی ڕێسای هێمایین دیاری بکرێتـ؟ بەمەش پەڕینەوە بۆ حەقیقەتـ، پەڕینەوە لە زمان (سنوری زمانی من سنوری جیهانی منن)، بۆ letters بۆ mathemes یە کە بە تیرەیی، بەر کۆمەڵێک لە جیهانیان دەکەون. ڕێژەگەرایی پۆستمۆدێرن ڕێک بە کۆمەڵێک لە جیهانیانی کەم نەکراوە قایلە کە هەریەکەیان پشتگیری لە یاری زمانی تایبەتی بە هرەمەندن، بۆیە، هەرجیهانێک گێڕانەوەیەکە، کە لەنێوان ئەندامەکانی دەگوازرێتەوە، هیچ زمانێکی هاوبەش کێشەی ڕاستەقینە، کنومتـ، چۆنییەتی هاتنەئارای شتێکە، بە گەڕانەوە بۆ چەمکەکانی هەموان ، لە لۆژیکی نموونەیی (modal logic) لە هەموو جیهانە شیاوەکاندا بە یەکسانی دەمێنێتەوە.

بۆچی بادیۆ مەبەستی لێکۆڵینەوەی ئەو وتەزایەی لە جیهان هەیە؟ (لۆژیکی جیهانەکان)؟ چ دەبێتـ ئەگەر پاڵنەرەکەی لە ڕوانگەی قوڵتری دەرحـەق سەرمایەداری سەرچاوە بگرێتـ؟ چ دەبێتـ ئەگەر چەمکی جیهان بەهۆی پێویستی تێگەیشتن لەدنیای سەرمایەدارانە پێویستـ بوبێتـ، وەکو دنیای بێ جیهان؟ سەرەنجام بادیۆ ڕای خۆی وتـ، کە سەردەمەکەمان جیهانی تێدا نییە؛ دەبێ چۆن لەو تێزە نامۆیە بگەین؟ تەنانەتـ بەگژداچوونەوەی نازیزم بۆ جولەکەش دنیایەک دەکاتەوە؛ نازیزم لە ڕێگای شرۆڤەی بارودۆخی قەیراناوی ئێستا، ئامانج و هۆکاری گەیشتن پێی و بەناونان و دەستنیشانکردنی دوژمن (پیلانی جولەکە)، بە شێوازێک ڕاستی ئاشکرا دەکاتـ، کە ڕێ بە بابەتەکانی بدرێتـ نووسینێکی شوناسی جیهانی دەستەبەر بکەن، بەلێکدانەوەی ئاسمانی بۆ بەڵێندان بەماناکەیان، ڕەنگە

ئێره شوێنێک بێت که دەبێت مەترسی سەرمایەداری تێدا جێبکرێتەوە؛ هەرچەند سەرمایەداری جیهانییە و ئێکرای جیهانی داگرتووە، بەڵام لە مانای قوڵتردا، پشتیوانی هەسارەی ئایدۆلۆژی بێ جیهانی دەکات، کە بەشی زۆری خەڵک لە هەر جۆرە نوسینێکی شوناسی بە مانا بێبەشدەکات. جیهانی بوونی سەرمایەداری لەو ڕاستیەدا پەنهانە، کە سەرمایەداری ناوێک نییە بۆ شارستانییەک، ناوێک بۆ جهانێکی کەلتوری هێماییینی تایبەتی، بەڵکو ناوێکە بۆ میکانیکی ئابوری هێماییین لەڕاستیدا ناچالاک و بێلایەن، کە بەها ئاسیاییەکانی وەکو باقی بەهاکان بەکاردەبات، بۆیە سەرکەوتنی جیهانی ئەورووپی هاومانای شکستیەتی، بۆخۆی وێران کەری تەواو کامڵ، بەندی نێوکی بەستراوە بە ئەوروپا دەبڕێت.

ڕەخنەگرانی ئەوروپی تەوەرێک لێرەدا کەم دەهێنن کە هەوڵدەدەن نهێنی لایەنگری ئەوروپای سەرمایەداری ئاشکرا بکەن، کێشەی سەرمایەداری لایەنی ئەوروپایی گوماناوی ئەوە نییە، بەڵکو ئەو ڕاستیەیە کە لەڕاستیدا سەرمایەداری جیهانییە، ماتریسێکی نەزۆک لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی.

بەجیهانیبونی کاپیتالیستی چییە؟ کەپیتالیزم یان سەرمایەداری یەکەم ڕێسای کۆمەڵایەتی - ئابوریە، کە مانا لە تەواویەت دادەماڵێت. سەرمایەداری لە ئاستی مانادا، جیهانی نییە، (هیچ جیهانبینیەکی کەپیتالیستی جیهانی نییە، هیچ شارستانیەتیەکی کەپیتالیستی نییە، وانەی بنچینەیی بەجیهانیبوون ئەوەیە کە سەرمایەداری دەتوانێت خۆی لەگەڵ هەموو شارستانیەتییەکان بگونجێنێت، لە مەسیحیەتەوە تا هیندۆییزم و بودیزم)، ڕەهەندی جیهانیەکەی تەنها دەتوانێت بەمجۆرە فۆرمۆلبەندی بێت: ڕاستی - بەبێ مانا، هەروەک کاری ((ڕاستەقینە)) میکانیزمی بازاڕی جیهانی.

**4. خەڵک بوونی نییە**

بەڵام چەمکی پۆپۆلیزم، بابەتی سەرەکی ئەم باسەیە. لاکلاو بەمجۆرە لەسەر ئەو بنەمایە بانگەشەکەم، بە گوماناوی دەزانێت، کە وەک بوونەوەری پێشبینی پەلاماری دوژمن، لە ناسنامەی هۆکاری پۆپۆلیستی گەیشتووە: (دیارە هەرگیز نەموتووە ناسنامەی پۆپۆلار لە پێشەوەی پەلاماری دوژمنە، بەڵکو ڕێک بە پێچەوانەوە، پەلامارێکی وا پێشمەرجی هەر ناسنامەیەکی پۆپۆلارە، تەنانەت بۆ ڕوونکردنەوەی پەیوەندی جێ مەبەستم لە سەنژوست وەرمگرتووە، کە دەیگوت یەکێتی کۆماری لە دەرەنجامی وێرانکردنی شتێک بەدەستدێت، کە دژیەتی).

پشێوی هەبوو لەم ڕادەربڕینانەدا بەڕاستی (شەڕی ئەنتاگۆنیستی) بە باشی ئاگادارم، لە پێشمەرجی هەر ناسنامەیەکی پۆپۆلیستیە، بەڵام خاڵەکە لێرەدایە کە هۆکاری پۆپۆلیستی ئاگای لەوە نییە، بۆیە ناسنامەی ماددی بەپێشتر هەبوو دەزانێت.

دەبێت چ لەمەڕ سەن ژوست بگوترێ کە ئاگاداری بوو؟ ڕاست هەربەوهۆیە من ژاکۆبنەکان (یا بەڵشەفییەکان) بە پۆپۆلیست نازانم. مانای قسەکەم لەڕاڤەی ڕەخنەکەی لاکلاودا بزردەبێت. هاوڕای هەوڵی لاکلاوم بۆ پێناسەی ڕواڵەتی پۆپۆلیزم چەمکی، هەروەها ئاگام لەو خاڵەیە چۆن لەدوا کتێبیدا، بەڕوونی، بابەتەکەی لە دیموکراسی ڕادیکاڵەوە بەرەو پۆپۆلیزم دەگۆڕێت (ئێستا دیموکراسی بۆ داواکارییەکانی دیموکراسی ناو سیستەمەکە دادەبەزێنێت). بەم حاڵە، بەهەمانشێوە کە بۆی ڕوونە، دەکرێت پۆپۆلیزم لە ڕادەبەدەر کاردانەوەیەک بێت؛ بەمەش دەبێت چۆن ئاستەکەی دیاری بکەین؟

پێشنیازم ئەوەیە: هەر بنەماو کردەیەک بە نوێنەرایەتی خەڵک، وەک ناسکاری سیاسی، بەمانای پۆپۆلیزم نییە. بە هەمانشێوە، کە لاکلاو بانگەشە دەکاتَ کۆمەڵگا بوونی نییە، خەڵکیش بوونی نییە تەنیا بوونی خەڵک لە ئاسۆکەیدا کێشەی پۆپۆلیزمە. ئامادەیی خەڵک بەهۆی ڕیزپەڕی بنەماکەی زامن دەبێتَ، بەهۆی وەدەرنانی دوژمن لدەستەیەکی کەڵەگایی/ بەربەستَ. بەمشێوەیە، گەڕانەوەی ناپۆپۆلیستی، دەبێتَ لێکدانەوەی پێناسەی جوانی کانتَ بێتَ بۆ خەڵک، واتا جوانی وەکوZweckmaBigkeit ohne Zweck بێتَ، کاری پۆپۆلاری {کاری جەماوەری} بەبێ خەڵک، بە دیوێکی دیکەدا، کاری پۆپۆلاری بەهۆی ئەنتاگۆنیزمی بنیاتنەر، کە دەبێتە کۆسپی گەیشتنی بەناسنامەی تەواو و جەوهەری خەڵک، دەورگیراو ناچالاک دەبێتَ. هەر بەو هۆیەوەیە کە پۆپۆلیزم نەک ئاماژەی کاری سیاسی پەتی، بەڵکو هەمیشە لانیکەمی سیاسەتی داماڵراو سروشتیبوونی کاری سیاسی لەخۆ دەگرێتَ.

ئەم مەسەلەیە لێکدژی بنەماییی دیکتاتۆری فاشیزم، جیاکاری و ئاڕادەیەک بە بەرامبەرکردن، پێچەوانە دەکاتەوە، کە موفە بە (دژایەتی دیموکراسی) سەیری دەکاتَ. ئەگەر گەمەی دیموکراسی (بە دامەزراوە بوون ) تێکەڵی شەڕی ئەنتاگۆنیستی کەشی ناوەندی جیابوونەوەیی و گۆڕینی بۆ کێشمەکێش یان ئەگۆنیزمی ڕێسامەندە، فاشیزم ڕەوتی بەرامبەر دەگرێتەبەر.

کاتێک کە فاشیزم لە شێوەی کارکردنی لۆژیکی ئەنتاگۆنیستی بەدوا بەشی دەگەیەنێتَ (لەگەڵ دوژمنانی باسی خەباتَ تا ئاستی مردن دەکاتَ و بەردەوام ئیدیعا دەکاتَ، لانیکەم لە هەڕەشە بۆ توندوتیژی دەرەوەی مەیدانی هێماییین بەهۆی گوشاری ڕاستەوخۆی کەسانێک هەیە، کە دەوری کەناڵە ئاڵۆزەکانی یاسایی ناوەندی دەدەن، تەنانەتَ گەر دەستنیشانیشی نەکەن و ڕێک ئامانجە سیاسییەکەی دەخاتە لایەنی بەرامبەر، واتا جەستەی

کۆمەڵایەتی بەرزی ڕێکو پێگەیی. (جێی سەرسوڕمان نییە کە فاشیزم بەردەوام پشت بە خوازەی ئەندام رستەباوەڕانە دەبەستێت). دەکرێت ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە بە وردی لە وشکانی لکاندندا، لە بابەت ڕووبەڕوو بوونەوەی نێوان ناسکاری دەربڕین و ناسکاری بەیانکراودا (نـاوەرۆک) بخاتەڕوو. کاتێک دیموکراسی وەک ئامانج، شەڕی ئەنتاگۆنیستی پەسەند دەکات (لە وشەکانی لکاندندا، بەناوی ناسکاری بەیانکراوی ناوەرۆکەکەی)، شێوازی کاری ڕێکخراوە؛ لە بەرامبەردا، فاشیزم هەوڵدەدات تا هاوئاهەنگی پێگەیی بنەما لە ماوەی ئەنتاگۆنیزمی لغاو پچڕاودا بسەپێنێت.

بەشێوازی هاوشێوەیی، نادیاری چینی مامناوەند ئەو لێکدژیە بەرجەستە (بە هەمانشێوە کە مارکس دەربارەی برۆدۆن وتی)، بە باشترین شێواز، لە پەیوەندی بە سیاسەت دەردەکەوێت. لەلایەک، چینی مامناوەند دژی بە سیاسەتکردنە و تەنها دەیەوێت بونی بپارێزێت تا بە خەیاڵی ئاسودە درێژە بە ژیانی بێترسی بدات (بە هەمان هۆ چینی مامناوەند مەیلی بەلای پشتگیریکردنی کودەتای دیکتاتۆری دایە، کە بەڵێنی کۆتاییهێنان بە جووڵانەوە سیاسیە گەمژانەییەکان بە کۆمەڵگا دەدەن، لە ئەنجامدا هەموو کەس دەتوانێت بگەڕێتەوە سەرکاری گونجاوی خۆی).

لـەلاکـەی دی، چینی مامناوەند لە ئـاڵای زۆریـنـەی ئەخلاقی هەڕەشەلێکراو، نیشتمانپەروەر و زەحمەتکێش سەرەکیترین داینەمۆی جووڵانەوەی جەماوەری خەڵکە (لە ئاڵای پۆپۆلیزمی ڕاستگەرایی، وەک نموونە، فەرەنسای ئەمڕۆ، واتـا جێیەک، کە تەنها هێزێک بەڕاستی بەڕێوەبردنی مرۆڤدۆستانەی پۆست سیاسی و تەکنۆکراتی ئازار دەدات، بەرەی میللی لۆپنە).

سەرباری، تەنها ئەو بابەتە نەخراوەتەڕوو، کە مەیدانی سیاسی نێوان بەڕێوەبەرەکانی پۆستێ سیاسی و بە سیاسیبوونی پۆپۆلیستی جەمسەربەندی بووە؛ دیاردەی وەک بیرلۆسکۆنی {لە ئیتالیا} پیشانیدەدات کە چۆن هەردوو لایەنی ناکۆک دەتوانن هاوکات لە ناخی هێزێکی سیاسیدا بن. ئایا ئیتالیای پێشکەوتووی (Forza Italia!) بیرلۆسکۆنی نموونەیەکی پۆپۆلیزمی پۆستێ سیاسی نییە؟ بە دەربڕینێکی دی، دەوڵەتی میدیایی ڕاپەڕێنەر کە بەزاراوەی پۆپۆلیستی ڕەوایەتی بەخۆی دەدات.

ئایا ئاڕادەیەک ڕووداوێکی هاوشێوە بۆ حکومەتی بلێر لە بەریتانیا یان حکومەتی بۆش لە ئەمەریکا ڕوونادەن؟ بە دەستەواژەیەکی تر، ئایا پۆپۆلیزم بە شێوازێکی پێشەنگ، جێگرەوەی لێکبوردەیی فرەکەلتوری، وەکو پاشکۆی ئایدۆلۆژی خۆهاندەری بەڕێوەبردنی پۆستێ سیاسی، نابێت؟ وەک بابەتی درۆینی، هەروەک وەرگێڕانی بە شێوازێک کە بۆ ئەزمونی ئێستای تاک سەرنجڕاکێش بێت؟ ڕاستی کلیلێکە، کە پۆستێ سیاسی (ڕژێمێک کە ڕەوایەتی پێدانی تەکنۆکراتیکە، خۆی وەک ڕێکخراوی جێبەجێکاری کارا دەخاتەڕوو) بۆخۆی نەشیاوە. هەر ڕژێمێکی سیاسی پێویستی بە خودێک-ڕەوایەتی پێدانی پۆپۆلیستی تەواوکەرە.

### 5. سیحری عەقڵ

بۆ لاکلاو گەڕاینەوە، بە تایبەتمەندی جیاکاری خودی پۆپۆلیزم بۆ ڕوانگەی من دەگێڕێتەوە. بنچینەی ڕەخنەکانی ئاڵۆزی گریمانەییم دەربارەی چوونە پاڵی درۆو هەژموونییە، بە دەربڕینێکی دی، ئیدیعا دەکات ڕاکانم بەپێی دوو گریمانەی نەسەلمێنراو خراونەڕوو:

1. هەرجۆرە بەرجەستەکردنێکی کاری ئێکرایی لە کاری لاوەکی

دەبێت بە جۆری شتبوونی وەربگیرێت؛ 2. ئەوجۆرە بەرجەستەبوونە بۆخۆی فاشیستیە. لەگەڵ ئەو دوو بنەمایەی بابەتەکە نائەبایین، چونکە چەمکی شتبوون هەرگیز بۆ تێگەیشتن لە جۆری بەرجەستەبوونی کاری تێکڕایی لەکاری لاوەکی بەس نییە، بەرجەستەبوونێک کە خودی هەڵسەنگاندنی ناسنامەیەکی پۆپۆلارە؛ بەرجەستەبوونێکی لەم چەشنە، بە مەرجێک کە ڕاست تێگەیەنراو بێت، ناتوانێت ڕووی جیاکەرەوەی فاشیزم یان هەر جووڵانەوەیەکی سیاسی تر بێت. (p. 650).

خاڵی ناڕاست و تەواو لە خشتەبەری ئەو بابەتە، ئیدیعای لاکلاوە کە لای من (دەبێت وەکو شتبوون لە هەر بەرجەستەبوونێکی کاری تێکڕایی، لە کاری لاوەکی بگەین). تەواو بە پێچەوانەوە، لە ڕوانگەیەکی هیگڵی گونجاوەوە، کاری لاوەکی نمونەیەکە لە کاری تێکڕایی، هەمان ڕاستی کاری تێکڕاییە. لێرەدا، هیگڵ لە فەلسەفەکەیدا جۆرێک ماتریالیستە. لە بۆچوونی ئایدیالیستی ئەفلاتونی، بەردەوام نموونەکان ناتەواون؛ هیچ کات بەتەواوی ئەوە دەرناخەن، کە بڕیارە نموونەی بن.

بەمەش دەبێت ئاگامان لەوە بێت کە زۆر بە ڕاستیان نەزانین، لە کاتێکدا کە بۆ ماتریالیستێک، بەردەوام لە نمونەی، شتێک زیاتر لەوەدا هەیە، کە دەیەوێت نموونەی بێت؛ بەدەستەواژەیەکی دی، نموونە بەردەوام هەڕەشەی ئاوەژوو بوون لە بابەتی نموونە دەکات، چونکە ئەوەی خودی چەمکی نموونە هێنراوە سەرکوت دەکاو ناتوانێت بەسەریدا زاڵبێت، جەستەیی دەبەخشێت. لێرەیە کە ڕەوشی ماتریالیستی هیگڵ لە دیاردەناسیدا ئاشکرادەبێت؛ هەر شێوەیەکی زانیاری هاتووەتە سەر شانۆ، نمونە دەهێنرێتەوە و پاشان لە ناخی نمونەکەی خۆیدا سست دەبێت. هەربۆیە ڕەوشی ئایدیالیستی بەردەوام مشتێک نمونە دەخوازێت؛ چونکە

هیچ نمونەیەکی تاک کامڵ نییە، دەبێت بۆ ئاماژەکردن بە بەها باڵادەستە ئایدیالەکان نموونەی زۆرتر بێنینەوە، کە دەهێنرێنەوە، ئایدیالێک کە خاڵی جێگیری گەڕانەوەی نمونە لێهاتووەکانە.

لە بەرامبەردا، ماتریالیستێک لایەنگری دووبارەکردنەوەی نمونەیەکە و هەمیشە بە ڕاڕایی بۆ هەمان نمونە دەگەڕێتەوە. ئەوە هەمان نمونەی لاوەکییە کە لە تەواوی تێکڕاییە هێماییینەکاندا بەیەکسانی دەمێنێتەوە، لەکاتێکدا ئەو چەمکە تێکڕاییە بەردەوام شێوەی دەگۆڕێت، کە بڕیارە ئەو نمونەیە نمونەیەکی بێت، کەوایە بەکۆمەڵێک چەمکی تێکڕایی دەگەین، کە وەک زیندەوەرانێک بە دەوری ڕووناکیدا دەخولێنەوە، بە دەوری نمونەی تاکدا دەسوڕێنەوە. ئایا ئەوە هەمان کار نییە کە لکاندن دەیکات؟ گەڕانەوە بۆ بابەتی نموونەی یەکسان (یاری مەزەندەکردن بەپێنج کڵاو، رویای دەرزی وەشاندنی خوازە)، بەڵام هەموو جارێک بە ڕاڤەیەکی نوێ. لە کۆتاییدا، ئەمە بابەتی چاوبەستی ئەقڵە لای هیگڵ.

گرەوەکەی ئەوەیە، باشترین ڕێگا بۆ لەناوبردنی دووژمن لەم بارەیەوە، ئەندێشەی تێکڕایی ئازاد کردنییەتی بۆ بەکاربردنی تواناکانی، لە ئەنجامدا سەرکەوتنی شکست دەهێنێت، چونکە لەدەستدانی بەربەستی دەرەوەییەکەی بە ڕێگری بابەتییەکەی، واتا روبەڕووی لێکدژی بابەتەکەی دەکاتەوە:

چاوبەستەکێ لە فێڵبازی جیاوازە. کراوەترین کردەگەری، گەورەترین چاوبەستەکێیە (دەبێت لەمەودوا لەژێر ڕۆشنایی ڕاستیەکەی لێبیرواندرێت). بە دیوێکی دی، مرۆڤ بەکرانەوەی ئەوی دی لە خودی خۆیدا پیشاندەدات، ئەو ئەوی دیت هەروەک کە لەخود و بۆخۆی ئاشکرا دەکات و بەم ڕێگایە، لە بەینی دەبات.

چاوبەستەکێ، هونەری گەورەی ناچارکردنی ئەوانی دی بەبوون لەخودو بۆ خۆیە، کە بوونێکی لەم چەشنە لەڕووناکی ئاگاییدا دەردەخاتْ. هەرچەند ئەوانی دی مافی خۆیانە، بەڵام نازانن چۆن بەهۆی گوتاری بەرگریەوە بەرگری لە مافەکەیان بکەن. خامۆشی ئەبەدیە، چاوبەستەکێی نزم، لەم ڕووەوە، خاوەنی ڕاستەقینە، لەڕاستیدا، تاکە کەسێکە کە دەتوانێتْ ئەوی دی بەهۆی کردەی خودی خۆی ئاڵوگۆڕ بکاتْ.

بەمشێوەیە قوماری چاوبەستەکێی عەقڵ چی وا مانای دڵنیابوون نییە لە دەسەڵاتی عەقڵدا (دەتوانین مەسەلەکە بە ئاسودەیی بسپێرین، عەقڵ، سەرکەوتنی باشترین ڕواڵەتْ زامندەکاتْ)، بەهەمانشێوە کە دڵنیابوون لە دەسەڵاتی نەشیاو لە هەر هۆکارێکی دیاریکراو لە بەینی دەباتْ، کە بە ئامرازەکانی ڕزگار کرابێتْ. بەمەش لای هیگڵ (Irony) هەمان ناوکی دیالێکتیکە: (ئێکڕای دیالێکتیک بەوەی دەبێ ڕاستبێتْ، ئیزنی ڕاستْ و دروستی دەداتْ، وەک بڵێی تەواوو کامڵ ڕاستە {lasst das gelten, was gelten soll, als ob es gelte}، بەمجۆرە خۆی بۆ پاشەکشە ئامادە دەکاتْ (Irony) ئێکڕای جیهان). سوکراتْ بەهۆی بەپرسیاری دوژمن، ناچار بۆخۆی ئەندێشە بە بابەتی پیشاندانەوەی {یان بەگشتی بۆچوونی دەکاتْ} (مەبەستْ لە دادپەروەری چییە؟ لە شادی؟) بەمجۆرە ئیزن دەداتْ لێکدژی بابەتەکەی ئاشکرا بکاتْ و ئەو بابەتە، هۆکارەکانی لە بەینبردنی خۆی بڕەخسێنێتْ.

بۆیە، پێوەری دەرەکی بەسەر ئەندێشەیەکدا ناسەپێنێتْ، بەڵکو ئەندێشە بەهۆی پێوەرەکانی خۆی هەڵدەسەنگێنێتْ و ئیزن دەداتْ خۆی بەهۆی خۆی دەرخستنی ئێکوپێک دەداتْ. بەمەش، ئایا کاتێک کە هیگڵ دەنوسێتْ جۆری ژن (گاڵتەپێکردنی نەمریە «لە ژیانی کۆمەڵدا»)،

تایبەتمەندیەتی ژنانەی گاڵتەپێکردن/ دیالێکتیک نادرکێنێت؟ بە مانای ئەوەی کە ئامادەیی سوکرات، ڕەوشی بەرپرسیاری بە زمانی بوونەوەرێکی بێگیان (prosopopoeia) شێوەی قسەی بەرامبەری دەگۆڕێت:

کاتێک بەشداربووانی مێزگردەکە لەگەڵ سوکرات دەکەونە گفتوگۆ، کتوپڕ وشەکانیان زایەڵەی گوتنەوە و کلێشەیی وەردەگرێت، وەک دەنگی ناجێگیر. گفتوگۆکاران دەکەونە بەرامبەر دنیایەک، کە مافی قسەکردنیان دەداتێ و بەردەوام هەوڵدەدەن پشت بە پتەوی باوی مافی خۆیان ببەستن، مافەکانیان هەڵدەوەشێنەوە. گوایە زایەڵەی بێدەنگی (Irony) خۆیان دەکەنە پاشکۆی قسەکانیان، زایەڵەیەک کە وتەو دەنگیان کۆتایی هات، دەنگیان ناجێگیرو زەوتکراوە.

لەلای لکان، گاڵتەپێکردن {یان خۆ لەگێلی دان، دڵگیرو شۆخ} سوکراتێکی هەڵوێست بکەری دەروونشیکاری ڕادەگەیەنێت. ئایا شتێکی لەم چەشنە دەربارەی دانیشتنی دەرونشیکاریش ڕاست نییە؟ ئیزن بدە وا بزانین کە نەخۆش، چیرۆکی بە هەست لە هەندێک ڕووداو یا خەیاڵی ئەم دوایەی خۆی بۆ دەرونشیکار دەڵێتەوە. ئامادەیی دەروون شیکار بەهۆی بەریەککەوتنی (Irony)، ناسکار لە نەخۆش دادەماڵێت؛ دەربڕینی ناوکی متمانەدار بە ئاڕاستەی بوکەڵەی کۆمەڵێک یادەوەری لەکەدار و پارچە پارچەیی لە بارودۆخی تەواو جیاواز. کە لە بنچینەدا پەیوەندییان بە ئەوانی دیکەوە هەیە (وەک باوکی نەخۆش) یان ماهییەتی بەشێک لە قسەکانی دەگۆڕێت، کە لە بنچینەدا هی ئەوانی دیکەیە.

ئەم (نەک ئەو بۆچوونە پێکەنیناویەی جۆری ڕۆحی گوماناوی، کە بە نهێنی ڕستکراوەکان ڕادەکێشێت و ئاقیبەت خۆشی خەباتمان زامن دەکات). هەمان شتە، کە چاوبەستەکێی عەقڵ پێی دەگات. (من هیچ لە

ئێوە ناشارمەوە، ئێکڕای هێرمۆنەتیکی بەدگومانی وەلا دەنێم، هیچکام لە پاڵنەرە تاریک و تارەکان نادەمە پاڵ ئێوە، مەیدان بۆ ئێوە بە کراوەیی دەهێڵمەوە تا شایستەییتان بەکاربەری و بەو ڕێگایە خۆت لەناوبەریت) دیاریکردنی نزیکەی چاوەڕوان نەکراوی خاوەنی هیگڵی و دەروونشیکاری لکاندن ئاسانە؛ چاوبەستەکێی عەقڵ بەم مانایەیە کە ئەندێشەی خۆی بەهۆی ناکامی لە بەدیهێنانی خۆی بەدیدێنێت.

بیرهێنانەوەی گەڕانەوەی باڵایی لە ئـارەزووە گەورەکانی چارلز دیکنز بەهامەندە. کاتێک کە پاپا لەکاتی لەدایکبوون، پیاوێک بە ئارەزووی گەورە ناودەنرێت، هەموو ئەو ناونانە بە پێشبینی سەرکەوتنی هەمەلایەنەی دەزانێت. تەنها لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا، کاتێک کە ئەو ئەفسونی درۆیینەی لەندەن بەجێ دێڵێت و بۆ کۆمەڵی خاکی سەردەمی منداڵی دەگەڕێتەوە، ئەو پێشبینیە بەدی دێنێت. تەنها بەهۆی دەستەبەرکردنی توانای تێپەڕاندنی تامەزرۆی کۆتایی کۆمەڵی باڵا پلەی لەندەنە، کە ئـارەزووە گەورەکانی دەخەملێنرێن، بەمشێوەیە پشتگیری دەکرێت و دەسەلمێنرێت.

لێرەدا بـەرەوڕووی جۆرێک درەوشانەوەی (reflexivity) هیگڵی بووینەوە؛ ئـەوەی لە کاتی تاقیکردنەوەی پـاڵـەوان دەگـۆڕێـت تەنها کەسایەتییەکەی نییە، بەڵکو ستانداردی ئەخلاقییەکەیەتی کە بە کەڵکی هەڵسەنگاندنی کەسایەتییەکەی دێت. ئەوە هەمان ڕەتکردنەوەی نەرێنیە، گۆڕانی ئاسۆیی کە شکست بۆ سەرکەوتنی ڕاستەقینە دەگۆڕێت. ئایا کاری چوونییەک لە کردەی ناکامی (acte manque یان Fehlleistung) فرۆیدی ڕەوان نییە، کە لە ناخی ناکامیەکەیدا سەردەکەوێت؟

بە دەربڕینێکی دی، Begriff هیگڵ لە دژایەتیکردنی وێنای ناونانە، (بەرهەمی دەرهەستەیی تایبەتمەندیە هاوبەشەکانی کۆمەڵەی بابەتە

تایبەتییەکان) چییە؟ بە زۆری ڕووبەڕوی بابەتی تایبەتی دەبینەوە کە تەواو لەگەڵ جۆری ئێکڕاییەکەی {جۆری بەرامبەری ڕەگەزی ئێکڕایی ئەرستۆیی}دا نایەتەوە، جۆری ڕیزپەڕی، هەنگاوی داهاتووی داننانە بە (ڕیزپەڕی) بوونی هەر کارێکی لاوەکی. کە جۆری ئێکڕایی لە ڕیزپەڕییەکاندا دەبن. بۆیە، گرژی بنەمایی نێوان کاری ئێکڕایی و کاری لاوەکی لە ئارادایە.

لەم کاتەدا، ئێمە ئێدەگەین کە کاری ئێکڕایی لەمەودوا نەک تەنیا هەڵکەوتێکی کۆتاو ناچالاکی جۆرەکانی نزمیە، بەڵکو بوونێکە لەگەڵ هەریەک لە جۆرەکانی لە گرژیدایە. کەوایە وێنای ئێکڕایی، دینامیکی تایبەتی خۆی هەیە؛ وردتر، کاری ئێکڕایی ڕاستەقینە هەمان دینامیزی ئەنتاگۆنیستی نێوان کاری ئێکڕایی و کاری لاوەکییە. لە هەمان دۆخدایە، کە لە کاری ئێکڕایی دەرهەستەیی بۆ کاری ئێکڕایی لکان دەپەڕینەوە، واتا کاتێک کە دانی پێدادەنێین هەر کارێکی لاوەکی ڕیزپەڕێکە و لە ئەنجامدا کاری ئێکڕایی لەجیاتی ئەوەی بریتی بێت لە پێکهاتەی وردەکارییەکەی، دەیکاتە دەرەوە (یان بە هۆیەوە دەکرێتە دەرەوە).

ڕەخنەی لاکلاو لەسەر ئەو بنەمایەی کە (ناوبژی هێماییی تەواو کامڵم وەلاناوە و دەربڕینم زانیاری ڕاستی پاکە) «p. 654»، (هاوشێوەی ئەو ئیدیعایەیە، کە ڕاستەوخۆ گەیشتنە بە خودی شت، لە کاتێکدا کە بابەتی «a»ی سمۆڵ تەنها پاسیڤی بارودۆخێکی پیشاندانەوەی چەواشەکراو دەبێت). نەک تەنها ڕوانگەی من، بەڵکو دیالێکتیکی هیگڵیش لەبەرچاو ناگرێت (چەواشەی دەکات، ئەگەر لە تانە بڕوانین). لای هیگڵ، ئەگەر ئەندێشە ناتوانێت وەک پێویست، خۆی پیشانبداتەوە، ئەگەر پیشاندانەوەی چەواشە و ناتەواو بێت، ئەم چەواشە هاوکات ئاماژەگەری سنوورداریەت یان ناتەواوی خودی ئەندێشەیە. دەبێت بۆ گەیشتن بە ناوکی زارەکی دیالێکتیکی هیگڵی

هەنگاوێکی تر بنێین. نەک هەر ئەندێشەی ئێکڕایی بەردەوام لە دەستەیەکی چەواشەکراو یان جێگۆڕکێ پێکراودا دەردەکەوێت، بەڵکو هەرگیز ئەو ئەندێشەیە جگە لە چەواشە و جێگۆڕکێ پێکراو شتێکی دیکە نییە، خودی نەشیاوی کاری لاوەکی.

لە ئەنجامدا ناهاوسەنگی نێوان کاری ئێکڕایی و کاری لاوەکی، بۆخۆی، داینەمۆی بزوێنەری جووڵانەوەی دیالێکتیکی هیگڵە؛ خوی نەشیاوی هەر بەشێک، بزووتنەوەی دیالێکتیکی بەرەوپێش دەبات. ئێمە باوەڕی ئێکڕایی هەڵدەبژێرین، دەیهێنینە سەر شانۆ و کاتێک کە ئاستی وردەکارییەکەی جێگیر دەکەین، بەردەوام شتێکی کەمتر (یان زۆرتر) دەستەبەر دەکەین، شتێکی کاری لاوەکی کە لە چوارچێوەی ئێکڕاییەکەی تەواو جیاوازە.

کاتێک شتبوون ڕوودەدات کە هۆکاری ناهاوسەنگی، نەک خودی کاری ئێکڕایی، بەڵکو تایبەت بە بابەتی سەپێنراوی دەرەوەی دەزانرێت و ئەو کارە ڕێک ناهاوسەنگی هەڵدەوەشێنێتەوە. بەمشێوەیە، کاری ئێکڕایی ڕاستەقینە لەژێر ئاڵای ڕێسای ئۆرگانیکی بوونی دەدۆزێتەوە، کە لەگەڵ لە بەینچوونی دوژمن جارێکی دی جێگیر دەبێت.

ئەوسا لاکلاو ناتوانێت لەم هەلە بۆ ئامادەسازی پەلامارێکی تری بۆ من دەربارەی ستالین دەرباز بێت: (ئەندێشە لە فاشیزمدا لەژێر هەژموونی ئیرادەی سەرۆکدایە، لە کاتێکدا کە لە کۆمۆنیزم، ستالین سەرۆکی دووەم – بە مانای (فرۆیدی)ە، چونکە بۆخۆی لەژێر هەژموونی ئەندێشەدایە؛ ئەوە ستایشێکی جوانی ستالینە، بەهەمانجۆر کە هەموو دەزانن، ستالین لەژێر هەژموونی هیچ ئایدۆلۆژیەکدا نەبوو؛ کتوپڕ نەگونجاوترین شێوەی ئایدیۆلۆژی بەکاربرد تا بتوانێت بەرنامە سیاسی و چالاکییەکانی جێبەجێ بکات)«p. 648». چەند ساویلکانەیە گوایە کەس نازانێت کە ستالین ئایدۆلۆژی

مارکسیزمی بە نائاساییترین شێوەی بۆ بەرنامەی سیاسی کردارییەکەی بەکاربرد. دیارە ڕوانگەکانم پەیوەندی بە ڕواڵەتی جیاواز، بابەتێکی گوتاری ڕواڵەتی، لە ستراکتۆری ستالینزم، وەک شێوەیەکی گوتاریە.

شێوازی گوتاریەکەی کە ستالین خۆی پێ دەردەخست، هەروەک میکانیزمێکی پێویستی مێژوویی بوو، کە لە فۆرمی ئەندێشەی کۆمۆنیزمی نێوان دوو قۆناغ دەرکەوت (هەربۆیە کە بە هەمانشێوە چەند دەیەیەک پێشتر تیۆریزەم کردو لاکان لە سیمینارەکەی ڕای خۆی وت، ستالینیزم گوتارێکی زانکۆیی «discourse of university»ە، دژایەتیکردنی فاشیزمە، کە گەڕانەوەیە بۆ گوتاری خاوەنی) (master discourse of).

## ٦. پێداویستی شیمانەیی، شیمانەی پێویستی

ڕوانگەی ناوەندی و دژە هیگڵی لاکلاو پەیوەست دەبێت بە دژایەتی نێوان دیالێکتیک و ناتەبایی. پڕۆسەیەکی دیالێکتیکی، بەپێی پێناسە، پڕۆسەیەکە لە ناودا دەمێنێتەوە، کە لە کەشێکی تەواو پڕبوودا ڕوودەدات، کەشێک کە هیچ ڕوبەڕوبوونەوەیەکی تێکدەر بە کەشێکی دەرەوەیی ڕادیکاڵ ناتوانێت لە ناویدا ڕووبدات. ناوبژیوانێکی دیالێکتیکی جۆری پەیوەندی نێوان بەشەکانە کە لە هەر یەکەیاندا هەموو ئەوەیە کە بۆ گەورەیی لۆژیکی باقی بەشەکان پێویستە و پێشتر ئامادە کراوە. لە دوانەیی نائەلف-ئەلف، ناسنامەی هەریەک لە جەمسەرەکان، بەهۆی ڕەتکردنەوەی ئەوی دی دەردەبڕێت.

کەوایە، پەڕینەوەی دیالێکتیکی نەک هەر لەگەڵ لیکدژی ناگونجێن، بەڵکو دەبێت وەکو هەلومەرجەکانی تەواویەت لە کەشێکی تەبادا پشت بە لێکدژی ببەستن. هیچ شتێکی ناتەبا لە لێکدژی دیالێکتیکیدا نییە. هەر

بەو هۆیە پەڕینەوەی دیالێکتیکی تەنها لە کەشی پڕبوودا ڕوودەداتْ. هەر بەجێماوێک لەتاقیکردنەوەی شیمانەیی، کە بە جۆری دیالێکتیکی، بەهۆی تێکڕاوە جڵەو نەکرێتْ، تێکڕا دەخاتە مەترسییەوە، لە ئەنجامدا، لەوانەیە بەشی جڵەونەکراوی تێکڕا جۆرێکی هاوتای شیمانە (contingent) دەکاتْ و ئەگەری ناوبژیوانی دیالێکتیکی دەباتە ژێر پرسیار (ئەوە هەمان نارەزایی نوسراوی کرۆگ «krug» بوو بۆ دیالێکتیک، کە هیگڵ لە کاردانەوەی دانیشتنەکەی بەجێهێشتْ، بەڵام ئەو ڕاستیەی نەشاردەوە، کە لەڕاستیدا وەڵامێکی بۆ ئەو ڕەخنەیە نەبوو) «p. 665».

لێرەدا دووبارە کاری لاکلاو دەبینین. دۆخی لێکدژ لەم بارەیەوە هیگڵ بۆ فۆرمۆلی مەلزەمەی تاڕادەیەک پێکەنیناوی خوێندکاری بە کەم زانـراوە (لێکدژی هیگڵی، واتا پەیوەندی نائەلف - ئەلف کە لەناویدا ئەگەری پیشاندانەوەی تەواوی ئەو دوو جەمسەرە، سروشتی تێکدەری کاری ڕاستەقینە دەخاتە لاوە)، کە بە ئاسانی بەهۆی درکاندنی ناتەبایی کەمنەکراوەی ئەزموونی شیمانەیی پەلاماری دەدرێـتْ، کە ناتوانێتْ لە ڕوانگەی پەرەپێدانی دیالێکتیکی دەروونمانەوە ئاشکرا ببێتْ.

بۆچوونی ڕەخنەیی ڕێساتری دەربـارەی هیگڵ زەحمەتە (ئەوە لاکلاوە کە وەک لایەنێک لەکاری ڕاستەقینە سوورە لەسەر «ئەزموونیەتی شیمانەیی» کە بەگژ ناوبژیوانی هێماییندا دەچێتەوە). لاکلاو لەبەردەم ئەم ناوبژیوانەی دیالێکتیک وەک سەقامگیری لێکدژی دەروونماوە، هەژموونی لۆژیکی بەسەردا دەکا، کە بەپێی ئەنتاگۆنیزمی بنەمایی ناوی، بابەتْ بکەر لەدەستگەیشتن بەناسنامەی تەواو پێشی دەگیرێ و پاشان بۆپیشاندانەوەی ئەو ناسنامەیە دەیداتە پاڵ تۆخمێکی ئەزموونی و شیمانەیی.

جۆری ڕەوتی ناسینەوە (Identification) فۆرمۆلە دەبێت کە بابەتە دەستنیشانکراوەکانی، ئامانج و نمونەی بەناوەکانی پڕبوون یا تەواو نائامادە دەگۆڕێن (ئەمان بۆ «پێگەی شت هەڵدەکشێن»)، ئەوە هەمان مانایە کە لە ب بوونی بێ ئێی دەگەین. دیاریکردنی تایبەتی بۆ نمونە بێت، بابەتێکی ئەزموونی نییە، بەڵکو بابەتێکە، کە پیشاندەرەوەی بابەتێکی پڕبووی لێوڕێژ لە وردەکاری ئەنتیک یا بوونی، دراوەتە بابەت {واتا ناسنامەی بابەت شتێک نییە جگەلە هەڵگری بۆچوونێک یا پیشاندانەوەی بابەت نییە، یا بەدەربڕینی سادەتر، بابەت ناسنامەی پێشووی نییە}. کەوایە دەتوانین ببینین بەدیلی پێشنیازی ژیژەک تووشی بەدحاڵیبوونی ئاشکرابووە. یەکەم ئامانجی لە کاری ڕاستەقینەی لەشەڕ یا پەیوەندی ئەنتاگۆنیستی هەبوو، پەیوەندی دیالێکتیکی ئەلف – ئەلف ە، پەیوەندیەک کە پیشاندانەوەی تەواوی جەمسەری پەیوەندی ناوی، ماهییەتی مەودادانەری کاری ڕاستەقینە لەبەین دەبات. دوو ئەو بێ بوونی ب [واتە دیاریکردنی ب] بۆ دیاریکردنی ئەزموونی بابەت کەمدەکاتەوە و لەمڕووەوە، ئێکڕای لۆژیکی بابەتی a ی سمۆڵ لەبیردەباتەوە. هیچ شتێکی جێی متمانە لە ڕەخنەکەی ژیژەکدا نابینرێت. (p. 671)

بەڕاستی سەیرە کە لاکلاو لەنێوان ڕوانگەی خۆی و من باوەڕی بە لێکدژی هەیە، لەکاتێکدا کە جۆری هەڵسوکەوتمان لەگەڵ بابەتەکە زۆر لەیەک نزیکە. دیارە لەوە ئاگادارم، کە چۆن لەلۆژیکی هەژمونی، توخمێکی شیمانەیی – ئەزمونی هەڵگری دەوری پیشاندانەوەی شتی مەحاڵە. جیاوازی لەکاری ڕاستەقینەی ئەنتاگۆنیزم لە ڕێژەکەیەتی لەگەڵ لێکدژی دیالێکتیکی (پەیوەندی دیالێکتیکی نا ئەلف و ئەلف)؛ لای لاکلاو، ئەوان ناتەبان، چونکە ئەنتاگۆنیزم واتا لادان لێی، لەکاتێکدا کە دژایەتی (هیگڵی) سەقامگیری

دەروون مانەوەی ناسنامەی ئەلفە، بەڵام ئایا بەمجۆرەیە؟ پێموایە، (نەک تەنها من)، دژایەتی هیگڵی نێوان ئەلف و نائەلف نییە، بەڵکو دژایەتیەکە ناهێڵێت ئەلف ناسنامەکەی بەدیبێنێت، واتا لە گۆڕانی بۆ ئەوەی هەیە، بۆیە نەزۆک و ناچالاکی دەکات.

ئـەوەی لاکـلاو پێیدەڵێت کەشی پیشاندەرەوە، ئەلف و بێ، لە ڕوبەڕوبوونەوەی یەکتردان، کە لەڕێی ئەو ڕوبەڕوبوونەوە خۆی پێناسەکردووە، یەکتری بنیات دەنێن؛ پیاو لەڕووبەڕوو بوونەوە بە ژن پیاوە و هتد. بە بـاوەڕی من، ئەوە قەت لێکدژی هیگڵیی نییە و تەنیا پەیوەندی سادەی جەمسەربوونێکە، کە لەناویدا هەردوو ئاست، یەکتری تەواو دەکەن. بۆ ئەوەی لە ڕوبەڕوبوونەوەی جەمسەری بگەینە لێکدژی، دەبێت دوو کار ئەنجامبدرێت: یەکەم، تێگەیشتنی (بێ) لەجیاتی ناچالاکبوونی (پوختە، ڕێگریکردن) ئەلفە لە ڕێگای نەهێشتنی (نەک درووستکردنی). بەکورتی، نەک (بێ)، (ئەلف) لە بەرهەمی خۆی هەر ئـەوەی، لەش یان جەستەی دەرەوەی نێوانیان، دەهێڵێتەوە، بەڵکو بێجگە لە ناکامی (ئەلف) لەخۆیدا بوون شتێکی دیکە نییە، بەرجەستەبوون یان ماددی بوونی ئەو ناکامیەیە.

ئەوە نوسینی لاکلاوە بۆ دیالێکتیکی هیگڵیی، نوسخەی ئاسایی کراوی مەلزەمەیەکی خوێندکارییە. پەیوەندی هیگڵی نێوان پێداویست و شیمانە بە تەواوی لە قەڵەم دەخات. بۆ ئاڕاستەکردنی پێشنیازێکی پووختی ئەو پەیوەندیە ڕێبدە با بە نموونەیەکی لەخۆباوەڕی پێش هیگڵیی دەستپێبکەم؛ ڕۆسۆ، کەسێکە کە گومانی لە لێکدژی تێکڕایی نەبوو تا کۆتایی ستالینی.

جگە لەو ڕێککەوتننامەی بەرایی، بەردەوام ڕای زۆرینە هەموان پابەند و وەفادار دەکات. ئەوە ئاکامی خودی ڕێککەوتننامەکەیە، بەڵام دەپرسێت کە چۆن کەسێک دەتوانێت هەم ئازاد بێت و هەم بەناچار پەیڕەوی لەو ئیرادانە

بکاتْ کە هی ئەو نین، چۆن نەیاران دەتوانن هەم ئازاد بن و هەم گوێڕایەڵی یاساگەلێک بن کە لێیان ڕازی نەبێتْ؟

لە وەڵامدا دەڵێم ئەو پرسیارە بە باشی نەکراوە. هاوڵاتی، بە هەموو یاسایەک ڕازیە، تەنانەتْ ئەوانەش کە لەدژی دانراون و ئەوانەی، کە لە کاتی لادان سزای دەدەن. ئیرادەی بەردەوامی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا، هەمان ئیرادەی تێکڕاییە؛ بەهۆی ئیرادەی گشتیەوە، کە بە هاوڵاتی و ئازاد دادەنرێن. کاتێک کە کۆمەڵانی خەڵک یاسایەک پێشنیاز دەکەن، داوای پشتگیری یان ڕەتکردنەوەی ناکەن، بەڵکو دەپرسن ئایا ئەو یاسایە بەپێی ئیرادەی گشتیە یان نا، کە پەیوەندی پێیانەوە هەیە.

هەرکەس بە دەنگدان ڕای خۆی لەم بارەیەوە ڕادەگەیەنێتْ و ڕاگەیەنراوی ئیرادەی گشتی بە ژماردنی دەنگەکان ئاشکرا دەبێتْ. زاڵبونی ڕای نەیاری من، تەنیا لایەنگری ئەوەیە کە لەسەر هەڵە بووم و بۆچوونم بۆ ئیرادەی گشتی ڕاستْ نەبووە. ئەگەر ڕای کەسیم زاڵبوو، پێچەوانەی داواکەم کارم دەکرد، لەم بارەوەیە ئازاد نەبووم.

مەرجی تەواویەتخوازانەی ئەو وتارە مەداری پەیوەندیەکی کورتی نێوان کاری ڕاستْ و درووستْ (Constative)و کاری کردەیی (performative)، بە ئاراستەکردنی ڕەوشی ڕاپرسی، نەک لەجیاتی کردەی بڕیاردان، بەڵکو لەبری کاری ڕاستْ و درووستْ، وەک را وتنێکی (گومانکردن) دەربارەی چییەتی ئیرادەی گشتی (کە لە شتێکدا ڕەنگیداوەتەوە دەربارەی ڕاپرسی کاری پێشبینیکراو).

ڕۆسۆ لە کێشەی مافی کەمینەکان بە کورتی دەڵێتْ (دەبێتْ ئەمان پەیڕەوی لە بڕیاری زۆرینە بکەن، چونکە بە دیتنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان فێردەبن کە لەڕاستیدا ئیرادەی گشتی چییە). بە دەربڕینێکی دی، ئەوانەی لە

کەمینەدا دەمێننەوە تەنیا کەمینەیەک نین؛ ئەوان لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان (کە دژی ڕای ئاکیانە)، تەنیا لە کەمینەبوونی خۆیان ناگەن. تەنیا فێری ئەوە دەبن کە لەمەر ڕای گشتی بەهەڵەدا چوون.

هاوسەنگی ماددی بوونی ئیرادەی گشتی و گومانی ئایینی چارەنووسێکی سەرنجڕاکێشە. چارەنووس بڕیارێکی پێش پڕۆسەیە، کەوایە ئەوەی لە چالاکی ئاک مەسەلەسازە، نەک بنەمای کردەی چارەنووسی خۆی، بەڵکو زانینی (هەستکردن)ی چارەنووسی لەپێش بوونییەتی. ئەوەی لە هەردوو بابەتەکەدا پەنهانە، گەڕانەوەی دیالێکتیکی شیمانەیە بۆ پێویستی یان ڕێگایەکە کە لە ماوەیدا ئاکامی پڕۆسەیەکی شیمانەیی، هەمان سەرهەڵدانی پێویستییە؛ کاروبار بەجۆرێک بەرەو دواوە پێویست دەبن. ئەو ئاوەژوبوونەوەی وردەکاری بەهۆی ژان پییەر دوپۆی شرۆڤە کراوە:

ڕووداوی کارەساتاوی، بێگومان، نەک تەنیا وەک چارەنووس، بەڵکو وەکو ڕێکەوتێکی شیمانە لە داهاتوودا هەڵکۆڵراوە: دەکرێت ڕووداو روونەدات، تەنانەت ئەگەر لە داهاتوودا وەک پێویست ئاشکرا بێت ڕووداوی گرنگ، بۆ نموونە کارەساتێک، دەکرا ڕوونەدات؛ بەم حاڵە، تا ڕووی نەداوە، پێویست نییە.

ئەوە جێبەجێبوونی ڕووداوە، ئەو ڕاستیە کە ڕوودەدات بە جۆرێکی بەرەو دواوە، پێویستی دەیخوڵقێنێت.

دوپۆی بە نموونەیەک لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری فەرەنسا لە مەی سالی 1995 درێژەی پێدەدات، پشت بە پێشبینی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی ژانویەی وڵات دەبەستێت: (ئەگەر لە 8ی مەی داهاتودا خاتو بالادۆر هەڵببژێردرێت، دەکرێت بوترێت چارەنووسی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار تەنانەت پێش ئەنجامدانی دیاریکراوە). ئەگەر لەپڕ، شتێک

ڕووبداتی، ئەو ڕووداوە بە خولقاندنی زنجیرەیەک لە ڕووداو لە دواوەی خۆی بە پێویستی پیشاندەداتی و نە ڕێککەوتنی باوو دووبارە دەبێتەوە کە پێویستی ژێرخان چۆن خۆی لەماوەی یاری ڕێکەوتنی کاروباری ڕواڵەتی بەیاندەکاتی. بە کورتی هەمان دیالێکتیکی هیگڵیی شیمانە و پێویستە. هەمان بابەتی لەمەڕ شۆڕشی ئۆکتۆبەر (کاتێک کە بەلشەفیکەکان سەرکەوتن و دەسەڵاتیان گرتەدەستی، ئەو سەرکەوتنە هەروەک ئاکامێک و دەربڕینی پێویستیەکی مێژوویی قوڵتر دەرکـەوتی)، تەنانەتی یەکەم سەرکەوتنی هەڵبژاردنی زۆر ئاڵۆزی جۆرج بۆش (کەوایە لە زۆرینەی شیمانەیی و ئاڵۆزی فلۆریدا، سەرکەوتنێکی بەرەودوا، هەروەک بەیانێکی پاڵنەری سیاسی قوڵتری ئەمەریکا دەرکەوتی)، ڕاستە.

گاڵتەجاڕی لاکلاو دەربارەی (ڕەخنەی کرۆگی دیالێکتیک، ناسراو بەڕەخنەی قەڵەم) کـرۆگ هاوسەردەمێکی هیگڵ بوو داوای لێکرد دیالێکتیکانە هەمان قەڵەم ئەنجامگیری بکا، کە پێی دەنووسێ و هیگڵ (چالاکانە دەستاودەستی بەوەڵامدانەوەی کردو نەیتوانی ئەو ڕاستیە بشارێتەوە، کە جانتاکەی وەڵامی تێدا نییە) (p. 665).

لەدوو ڕووەوە ڕاستی نییە. هیگڵ نەک هەر پێویستی شیمانەی (تـەواو لە گونجان لەگەڵ بنەمای بەڵگاندنەکانی) ئەنجامگیری کرد بەدەربڕینێکی دی، چۆن ئەندێشەی، وەک پێویستی لەو دیاردانە کرداری دەرەوەیـی دەدۆزەوە و بۆخۆیان شیمانەیین (ڕاستی داگیر دەکاتی)، بەڵکو هەروەها (زۆرجار شرۆڤەکاران ئەو لایەنە لەبەرچاوناگرن) خاڵی بەرامبەر، کە لە ڕوانگەی تیۆریەوە زۆر سەرنجڕاکێشترە، واتا گەشە بە شیمانەی پێویستی بدا. ئەوە بەو مانایەیە، کە کاتێک هیگڵ پێشڕەوی لە گەشەی شیمانەیی و دەرەوەیی بۆ خودی پێویستی و لەپێش هەبوو،

واتا خۆی بەهۆی خۆیەوە بووە دەروونی ڕەنگدانەوەی شرۆڤە دەکات، بە هەمانشێوە، کە هیگڵ لە لۆژیکدا دەڵێت، لە پرۆسەی ڕەنگدانەوەی، ڕێک گەڕانەوە بۆ بونیادی بزربوو یان پەنهانە کە مەبەستی گەڕانەوە بەرهەمدێنێت.

مانای وایە کە نەک تەنها پێویستی ناوەوەیی، بەرهەمی هاوپەیوەستیەکەی لەگەڵ شیمانە، لای ناکۆکیەتی، بەڵکو شیمانە وەک بەشێک لە چرکەیی (moment)خۆی دادەنێت. شیمانەش بە مانای هاوپەیوەستی خۆی بەلایەنی ناکۆک واتا پێویستیە؛ بە دەستەواژەیەکی دی، پرۆسەیەک کە لە ماوەیدا، پێویستی سەرهەڵدەدات، هەمان پرۆسە وەک پێویست شیمانەییە. هەمان کار لە بابەت پەیوەندی نێوان یاساو زێدەڕەوی کردنی پشتڕاست دەکاتەوە. لێرەدا بەراوردکردنی هیگڵ بە (جەی کەی چیسترۆن) فێرکارە. چسترتۆن لە پیاوێک بە ناوی پێنج شەممەدا، بەهرە لە دیالێکتیکی تاوان وەردەگرێت.

بە بۆچوونی ئێمە ئێستا ترسناکترین تاوانبار، فەیلەسوفی مۆدێرنی تەواو بێ یاسایە. لە بەراوورد بە کەسانی دوو هاوسەر بۆخۆیان مرۆڤی ئەخلاقین؛ دەردە دڵییان لەگەڵ دەکەم. ئەمان پشتگیری ئایدیالی خودی مرۆڤەکان دەکەن، تەنیا لە ڕێگایەکی هەڵە بەدوایدا دەگەڕێن.

دزەکان ڕێز لە خاوەنداریەت دەگرن، دەیانەوێت خاوەنداریەتیان بۆ بگوازرێتەوە تا زیاتر ڕێزیان بگرن، بەڵام فەیلەسوفەکان خاوەنداریەت لەبری خاوەنییەتی هاوڕێیان نییە، ئەمان ئارەزووی لەناوبردنی خاوەنداریەتی تایبەتی لەسەریاندا پەروەردە دەکەن.

ئاکە دوو هاوسەرەکان ڕێز بۆ زەواج دادەنێن، یان نایانەوێت جەژنی بەشکۆ و تەنانەت دابونەریتی ڕێبازی دوو هاوسەری ئەنجام

بدەن، بەڵام فەیلەسوفەکان لە زەواج لەبری زەواج بێزارن. بکوژەکان ڕێز بۆ ژیانی مرۆڤایەتی دادەنێن؛ تەنیا دەیانەوێت لەڕێگای قوربانیکردنی کەسانێک ماڵی گەورەتری ژیانی مرۆڤایەتی دەستەبەر بکەن، کە پێیانوایە لەژیانی پووچتر بەهرەمەندن.

بەڵام فەیلەسوفەکان لە خودی ژیان بێزارن، لە ژیانی خۆیان بە هەمان ڕادە کە لە ژیانی ئەوانی دی. تاوانبارێکی ئاسایی مرۆڤێکی خراپە، بەڵام لانیکەم مرۆڤێکی باش مەرجدارە. دەڵێت ئەگەر بەربەستێکی دیاری کراو لەسەر ڕێگا لادەبرێت. بۆ نمونە لەگەڵ مامێکی دەوڵەمەند ئامادەیە جیهان قبوڵ بکاو ستایشکەری خودا بوو. ڕیفۆرمخوازێکە، نەک ئاژاوەخواز، خوازیاری پاککردنەوەی تەلارەکەیە نەک وێرانکردنی، بەڵام فەیلەسوفێکی ناپاک هەوڵنادات کاروبارەکان بگۆڕێت، دەیەوێت هەموو شتێک وێران بکات.

ئەو شیکارە باس ورووژێنەرە چوارچێوەکانی چسترتۆن پیشاندەدات، واتا لەدەستدانی هیگڵخوازی ڕاستەقینە، تێناگات کە تاوانی گشتێنراو لەمەودوا تاوان نییە و وەکو تاوان نکۆڵی لەخۆی دەکات (خۆی ڕەتدەکاتەوە بەسەر خۆیدا زاڵدەبێت)، شێوەی لە سنورشکێنیەوە بۆ ڕێسای نوێ دەگۆڕێت. لەسەر ئەو وتەیە حەقی خۆیەتی، کە بە بەراوورد لەگەڵ فەیلەسوفی بێ یاسا، دزەکان و تاکەکانی خاوەن دوو هاوسەرو تەنانەت بکوژان بۆ خۆیان ئەخلاقین. دزێک، (مرۆڤێکی باشی مەرجدار)ە.

خاوەنداریەت ڕەتناکاتەوە، تەنانەت بڕێکی زۆرتری بۆخۆی دەوێت و پاشان ئامادەیە ڕێزی لێبگرێت. لە ئەنجامدا تاوان خۆی لە خۆیدا ئەخلاقیە و تەنیا خوازیاری ڕێسا بەخشینەوەیە بە ناڕەوا و بەشێک لە ڕێسای ئەخلاقی تێکڕاییە کە لە هەلومەرجی تردا دەبێت بەردەوام بێت. بەڵام لە

ڕوحێکی بەڕاستی هیگڵیی، دەبێت ئەو دراوە (ئەخلاقی خودی) تاوان بۆ ئاوەژووی دەروونمانەوە گۆڕی؛ نەک تەنها تاوان (بۆخۆی ئەخلاقی)ە، بە دەربڕینی هیگڵیی بەشێکی جیانەکراوەی سەقامگیری شەڕەکانی دەروونی و لێکدژییەکانی خودی نوسین لە ڕێسای ئەخلاقی و نەک شتێک کە لە دەرەوە، ئازاری ڕێسای ئەخلاقی دەدات، هەروەک سەپاندنی ڕێکەوت، بەڵکو ئەخلاق بۆخۆی تاوانبارانەیە، نەک تەنیا بەم مانایە کە یاسای ئەخلاقی تێکڕای وەک پێویست خۆی لە تاوانی تایبەتی (ڕەتدەکاتەوە)، بەڵکو بە ڕیشەییتر، بەم مانایە ڕێگایەک، کە ئەخلاق خۆی (لە بارەی دزێک، خاوەنداریەت) ئاشکرا دەکات.

پێشتر بە شێوەیەک لەخۆیدا تاوانێکە. هەروەها کە لە سەدەی نۆزدەدا دەیانوت خاوەنداریەت واتای دز، بە دەربڕینێکی دی دەبێت لە دزێک لەبری هەڵەیەکی تاوانکردن و بەشێک لە وێنای تێکڕایی خاوەنداریەت بۆ خودی ئەو وێنایە، وەکو تاوانکردنێکی تاوانبارانە، گوزەر بکەین.

ئەوەی چسترتۆن تێی ناگات ئەوەیە، کە تاوانی گشتێنراو لە (فەیلەسوفی مۆدێرنی بێ یاسا) بەرجەستەی دەکاتەوە و هاوکێشە سیاسیەکەی، جوڵانەوەی (ئەنارشیستی) پێشتر لە حکومەتی یاساییدا هەیە، کە خوازیاری وێرانکردنی تێکڕای ژیانی شارستانیەتە، بەمەش شەڕی نێوان یاساو تاوان، بە شێوەی کاری خودی تاوان خۆی ئاشکرا دەکات، شەڕی نێوان تاوانی تێکڕایی و تاوانی لاوەکی. چسترتۆن ئاگای لەم کارەی (بەرگریکردن لە چیرۆکە پۆلیسییەکان) بوو. لەوێ رای خۆی دەوت، کە چۆن چیرۆکی پۆلیسی:

ئەو راستیەی کە شارستانییەت تا ئاستێک بۆخۆی وروژێنەرترین گەورەیی و عاشقانەترین سەرپێچییەکان لەودیو زەیندا دەهێڵێتەوە. مادام

کە لێکۆڵەرەوە لە ڕۆمانێکی پۆلیسیدا، تا ئاستێک بێباکانەی گەمژانە لەناو چەقۆکان و مستی دزەکان تاک و تەنیا دەمێنێتەوە، بێگومان ئەوە بیرهێنانەوەخوازی ڕەسەنێتی و پیشە شاعیری هۆکاری دادپــەروەری کۆمەڵایەتییە، لە کاتێکدا دزەکان، چەتەکان تەنها موحافیزکارانی هێمنی جیهانی کۆنن، بە تێبینی کاری دێرینی مەیمونەکان و گورگەکان دڵخۆشن. ڕۆمانی پۆلیسیی لەسەر بنەمای ئەو ڕاستییە دەوەستێتەوە کە ئەخلاق، تاریکترین و سەرکێشیترین پیلانە.

دەستنیشانکردنی ماددی پرۆسەی دیالێکتیکی هیگڵی لەم پەرەگرافەدا زەحمەت نییە. ڕوبەڕوبوونەوەی دەرەوەیــی (نێوان یاساو تاوانکردنی تاوانبارانە) شێوە بۆ ڕوبەڕوبوونەوەیەک دەگۆڕێت کە خودی تاوانکردن، دەروونیە، لەنێوان تاوانکردنی لاوەکی و تاوانکردنی ڕەها لەجیاتی یاسای تێکڕایی، کە لە بڕیاری دژەکەی ئاشکرا دەبێت.

### ٧. (دژوارترین چەمکەکان بۆ بیرکردنەوەی لۆژیکی)

ئەنجامگیری نــاوزڕاوی هیگڵ لە پێویستی ئەقڵانی باڵادەستی پشتاوپشت، کامڵترین خاڵی دیالێکتیکی پێویست و شیمانەییە. دەبێت زنجیرەی بۆرکراتیکی زانیاری بە بڕیاری شا، وەک بابەتیەتی تەواو چوونەگەڵ ئیرادەیەک کە دیسانەوە هەموو وردەکارییەکانی لە خودییەکەی ڕادەکێشێت، دەستی نەیاران و ڕازی بووانێک دەبڕێت، کە لە نێوانیاندا خۆی بە ڕێپێدراوی جوڵانەوەی ئەبەدی دەکات، ئێستا ئەم ڕێگاو ئەو ڕێگایە و بەدەربڕینی من ئیرادە دەکەم بڕیاردەدا و دەستی بە هەموو کارەکان و ڕاستییەکان دەکات.

چەمکی هەمەلایەنەی دژوارترین چەمکگەل بۆ بیرکردنەی لۆژیکی (Ratiocination)ە، بە دەستەواژەیەکی تر، بۆ ڕێبازی تێفکرین کە لەسەر تێگەیشتن (Understanding) بونیادنراوە. هیگڵ بۆ ڕوونکردنەوەی پێویستی زارەکیی باڵادەستی ڕەهایە تەنانەت سەرووتر دەڕوات. ئەو خودی دوایینە، کە ئیرادەی دەوڵەتی تێدا چڕ دەبێتەوە، کاتێک کە دەکەوێتە کێشەوە، بۆخۆی تاک و لەم ڕووەوە، تاکیەتی بێ ناوبژیوانە. بەمەش کەسێتی (سروشتی)ەکەی درووست لە چەمکەکەیدا دەردەبڕدرێت. لەم ڕووەوە، باڵادەستی ڕەها لە بنچینەدا وەکو ئەو تاکە جیادەبێتەوە. لە کێشەدا لە هەموو جیاکەرەوەکانی و ئەو تاکە بەپێی باڵادەستیەتی ڕەها لە سیمبولی بێ ناوبژیوان و سروشتی بەدەست دێت، بە دەربڕینێکی تر، لەڕێگای زادەی ڕەوتی سروشتی زۆرتر دژی باڵادەستی ڕەها بانگەشە دەکرێت کە ئەو کارە، بەختەوەری وڵات دەداتە بەخت و چانس، بەمەش بەڵگەهێنانەوە، ڕەنگە باڵادەست زانانە نەبێت، لەوانەیە بۆ کراوەترین چەمکی وڵات گونجاو نەبێت و پێویستی بوونی دۆخێکی وا لە کاروبارەکان بەهۆی پێویستی عەقڵانیبوونی دەبێتە دۆخێکی بێمانا، بەڵام هەمووی لەسەر بنەمای پێش گریمانەی بێ بەها وەستاوەتەوە، بە دیوێکی دیکەدا، هەموو شتێک وابەستە بەکەسێتی تاکی باڵادەست دەزانێت.

لە وڵاتێکی ئەوپەڕی ڕێکخراو، مەسەلەیەکە پەیوەندی بەکراوەترین خاڵی بڕیاردانی فەرمی (پارێزەری سروشتی دژی خولیا، بەمەش، داخوازی چۆنایەتی بابەتی لە باڵادەستی ڕەها ڕاست نییە)؛ دەبێ تەنیا بڵێ (بەڵێ) و خاڵی (من) دابنێت، چونکە دەبێت کورسی پاشایی وابێت، کە گرنگترین شت لای خاوەنی کەسایەتی ئەو نەبێت، لە باڵادەستی ڕەهاو ڕێکدا، لایەنی بابەتی پەیوەندی بە یاساوە هەیە و پشکی باڵادەست تەنها دانانی من ئیرادە دەکەم ناوەکی لەسەر یاسایە (Ibid., pp. 288–289).

ئەو خاڵەی تێڕامان (speculative) تێگەیەنراو نابێت، (تێپەڕین لە چەمکی پەتی خودموختاری بێ ناوبژیوانی و بەمەش، بۆ قەڵەمڕەوی سروشت)ە. بە دەربڕینێکی دی، لە کاتێکدا کە لێکنێگەیشتن بە باشی لە ناوبژیوانی تێکڕایی زیندو دەگات، ناتوانێت لەو خاڵە بگات کە ئەو تێکڕاییە بۆ بە کردەوەکردنی خۆی، ناچارە بە کردەوەبوونی لە بەرگی تەکنیکێکدا (singularity) بێ ناوبژیوان و سروشتی دەستەبەر بکات.

لێرەدا وشەی ئاسایی دەبێت کێشی تەواوی هەبێت هەر لەبەر ئەوە، لە کۆتایی لۆژیک، کە بۆخۆی ناوبژیوانی تەواوکەری ئەندێشە، خۆی لە سروشت ڕزگار دەکات، لە نەبوونی ناوبژیوانی دەرەوەیی سروشت نقوم دەبێت. دەبێت خودی ناوبژیکەری عەقلانی دەوڵەت لە ئیرادەیەکدا، بە کردەوە هەبێت کە وەک کارێکی تەواو سروشتی، ناوبژینەکەر و ڕێک ناعەقڵانییە.

هیگڵ دوای دیتنی ناپلیۆن بە سواری ئەسپ، لە شەقامەکانی یەنای پاش شەڕی 1807، وتی: گوایە ڕۆحی جیهانی لەسەر ئەسپ دیتووە. ئاماژەکانی مەسیح ناسانەی ئەو وتەیە دیارن. لەبارەی مەسیحەوە، خواوەند، ئەفرێنەری هەموو جیهانی ئێمە، خۆی وەک کەسێکی ئاسایی پێینایە سەر زەوی. ئەو نهێنی بەرجەستەبوونی ئاستی جۆراوجۆری، جیاکردەوە، داوەری تێڕامان (Speculative) باوان دەربارەی منداڵ، (ئەو دەرەوە، عەشقی ئێمە خەریکی پیاسەکردنە) ئاماژەی ئاوەژوبوونەوەی هیگڵیی ڕەنگدەرەوەی دیاریکراوی لەمەڕ دیاریکردنی ڕەنگدانەوەییە.

شتێکی وا دەربارەی پاشایەک، کە کاتی پیاسەکردن دەبینرێت هەروەها ڕەنگە بوترێت: (ئەو دەرەوە، دەوڵەتی ئێمە خەریکی پیاسەکردنە). بانگهێشتی دیاریکردنی ڕەنگدانەوەی مارکس (لە پەراوێزی بەناوبانگی بەشی یەکەمی سەرمایە)ش ناتەواوە؛ ئاکەکان گوماندەکەن لەو ڕووەوە وەک پاشایەک ڕەفتار

لەگەڵ کەسێک دەکەن کە بێوێنەیە، لە کاتێکدا لەڕاستیدا، ئەو لەو ڕووەوە پاشایە، کە وەک تاکێکی بێوێنە ڕەفتاری لەگەڵدا دەکەن. بەم حاڵە، خاڵی گرنگ ئەوەیە، کە شتبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ناتوانێت لە تاکێکدا وەک بەدحاڵی بونێکی سادە و بتانە وەلابنرێت. ئەوەی خودی ئەو خرانەلاوەیە لەبەرچاو ناگرێت؛ ڕەنگە بتوانێت ناوی بنێت کاری کردەیی هیگڵیی (Performative). بێگومان پاشا لەخۆیدا تاکێکی داماوە. بێگومان، ئەو تەنیا تا ئەو جێیە پاشایە، کە گوێڕایەڵانی بە بێوێنەی بزانن؛ بەم حاڵە، خاڵەکە لێرەدایە کە وەهمی بتبوون یا فتیشستی ڕەهەندی کردەیی هەیە، کە ڕێزلێنانی ئێمە بۆ پاشا دەپارێزێت. یەکگرتوویی وڵاتەکەمان، کە پاشا بەرجەستەبونیەتی، تەنها لە بوونی پاشادا دەستەبەر دەبێت. هەربۆیە کە پێداگری لەسەر پێویستیمان بەخۆ بە دوورگرتن لە داوی فتیشیستی و جیاوازی بوونی نێوان کەسێتی شیمانەیی پاشایەک و ئەوەی سمبولیەتی، بەس نییە؛ شا تەنها ئاماژەی شتێکە، کە لە کەسێتی ئەودا بوونی دەبێت، هاوشێوەی عەشقی جووتێک (لانیکەم لە ئاسۆیەکی باوی دیاریکراودا) کە تەنیا لەمنداڵەکانیاندا دەستەبەردەبێت.

هیوادارم لەم درکەیە بگەیت، کە لێرەدا پەنهانە. لای هیگڵ لێکتێگەیشتن ناتوانێت شتێک دەرک بکات ڕێک هەمان پێویستی بە بەرجەستەبونی تێکڕایی تەکنیکی شیمانەییە، کە بەپێی بۆچوونی لاکلاو، هیگڵ تێیناگات (لە ئەنجامدا منیش تێیناگەم)، ڕەنگە ئەو پێویستییە بۆ ئەندێشەی لۆژیکی لاکلاویش زۆر ئاڵۆز بێت.

**ئەم وتارە لەمەی خوارەوە وەرگێردراوە:**

–Zizek, Slavoj, «Schlagend, aber nicht Treffend!», Critical Inquiry 33 (Autumn 2006).

## رۆژمێری رووداوە گرنگە فەلسەفییەکان

| ساڵ | زانیاری |
|---|---|
| سەدەی شەشەمی پ. ز. | سەرەتای فەلسەفەی رۆژئاوا لەگەڵ تالس ملتی. |
| کۆتایی سەدەی شەش پ.ز. | مردنی فیساگۆرس. |
| 399 پ. ز. | سوقرات لە ئاتن (یۆنان) مەحکوم بە مردن دەکرێت. |
| 387 پ. ز. | ئەفلاتوون «ئەکادیمی» یەکەم زانکۆی جیهانی لە ئاتن (یۆنان) دامەزراند. |
| 335 پ. ز. | ئەرستۆ (لوکیون) خوێندنگەی رکابەری ئەکادیمی لە ئاتن (یۆنان) دامەزراند. |
| 324 ز | کۆنستانتینی ئیمپراتۆر، پایتەختی ئیمپراتۆریەتی رۆمی لە بیزەنت، دەگوازێتەوە. |
| 400 | ئاگوستینی پیرۆز دانپێدانانەکانی دەنوسێتەوە. فەلسەفە کێش دەکرێتە ناو ئیلاهیاتی مەسیحەوە. |
| 410 | تالانکردنی رۆم بەدەستی (ویزیگوت)ەکان، هەواڵی سەرەتای (سەدەی تاریکی) دەدات. |

| زانیاری | ساڵ |
| --- | --- |
| داخستنی ئەکادیمیا لە ئاتن (یۆنان) بە فەرمانی ئیمپراتۆر (یوستی نیان) کۆتایی بە بیری یۆنانی دێنێت. | 529 |
| تۆماس ئاکویناس شیکردنەوەکانی ئەرستۆ دەنەخشێنێت. سەردەمی حیکمەتی وانەبێژی. | ناوەندی سەدەی 13 |
| روخانی بیزەنت بەدەستی تورکەکان و کۆتایی ئیمپراتۆریەتی بیزەنت. | 1453 |
| کۆلۆمبۆس دەگاتە ئەمەریکا. ڕێنیسانس لە فلۆرانس و دوبارە روکردنە زانستی یۆنانی. | 1492 |
| کۆپەر نیک (لەبابی گەڕانی تەنە ئاسمانیەکان) بڵاودەکاتەوە و بەبیرکاری دەیسەلمێنێت زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە. | 1543 |
| کڵێسا، گالیلو ناچار دەکات تیۆری ناوەند بوونی خۆر ئینکار بکات. | 1633 |
| دیکارت، (رامان)ی بڵاوکردەوە کەسەرەتای فەلسەفەی نوێیە. | 1641 |
| مردنی (سپینوزا) بڵاوبونەوەی (رەوشتەکان) دەرەخسێنێت. | 1677 |
| نیوتن بەبڵاوکردنەوەی (یاساوڕێسا) تێگەیشتنی کێشکردنی خستەڕوو. | 1687 |
| لۆک، (وتاری لەبابی تێگەیشتنی مرۆڤ) بڵاوکردەوە، سەرەتای ئەزمونگەرایی. | 1689 |
| بێرکلی رەگوریشەی زانستی مرۆڤایەتی بڵاودەکاتەوە و چوارچێوەیەکی نوێ بە ئەزمونگەری دەبەخشێت. | 1710 |
| مردنی لایبنتز. | 1716 |

| زانیاری | ساڵ |
| --- | --- |
| هیوم (نامەی لە سروشتی مرۆڤایەتی) بڵاودەکاتەوە و ئەزمونگەری تا سنوری لۆژیک بەرەو پێش دەبات. | 1739 |
| کانت، بەخەبەر هاتوو لە خەو بە یارمەتی (هیوم)، (رەخنەی هزری پاک) بڵاودەکاتەوە. سەردەمی فەلسەفەی گەورەی ئەڵمانی دەستپێدەکات. | 1781 |
| هیگڵ (دیاردەناسی Phenomenology هـزری) بەرزترین فەلسەفەی تیۆری ئەڵمانی بڵاوکردەوە. | 1807 |
| شۆپنهاور (جیهانی وەک ئیرادە و وێنا)ی بـڵاوکـردەوە و فەلسەفەی هیندی لە فەلسەفەی تیۆری ئەڵمانی پێشنیار دەکات. | 1818 |
| کاتێک نیتچە رایگەیاندبوو (خوا مردووە) لە (تۆرین) تووشی نەخۆشی دەروونی دەبێت. | 1889 |
| وینگنشتاین (نامەی لۆژیکی ـ فەلسەفی) بڵاودەکاتەوە کە داواکاری وەڵامی کۆتایی بۆ بابەتە فەلسەفیەکانە. | 1921 |
| بازنەی ڤین پۆزەتیڤیزمی رەهـا پێشنیار دەکـات. 1927 هایدگەر (هەستی و کات)ی بڵاوکردەوە کە هەواڵی لاواز بونی فەلسەفەی شیکاری و ئەوروپی دەگەیەنێت. | دەیەی 1920 |
| سارتەر (بون و نەبون «هەستی و نیستی») بڵاودەکاتەوە کە پەرە بە ئەندێشەی هایدگەر دەدات و ئەگزیستانسیالیزم Existentialism بەڕێدەخات. | 1943 |
| بڵاوکردنەوەی دوای مردنی (لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکان)ی وینگنشتاین. بەرزترین قۆناغی شیکاری زمان. | 1953 |

## لە بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن<br>شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن<br>(بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 35 | گرووپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو روداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆڵۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆڵۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە فیورباخ | 59 |
| 2015 | وریا غەفووری | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | 60 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | 61 |
| 2015 | ئەرسەلان حەسەن | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | 62 |
| 2015 | ئومێد عوسمان | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | 63 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | 64 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە دیموکراسی | 65 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | 66 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | 67 |
| 2015 | مستەفا زاهیدی | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | 68 |
| 2015 | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | ئاشنابوون بە ئەرکون | 69 |
| 2015 | جەبار ئەحمەد | ئاشنابوون بە فۆکۆ | 70 |
| 2015 | ماجید خەلیل | ئاشنابوون بە ئەکیونی | 71 |
| 2015 | ئارۆ هەورامی | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | 72 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | 73 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | 74 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | 75 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە جاك لاكان | 76 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە لایبنتز | 77 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَركَة الحَداثَة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |